Gutarî enkere
Werçerxanî hawçerxî
Kurdayetî

مەلا بەختیار

# گوتاری ئەنکەرە...

## وەرچەرخانی هاوچەرخی کوردایەتی

چەند وتار و چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە باکوری کوردستان

ئامادەکردن: ئەنوەر حسێن ، مەریوان عەلی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا

# گوتاری ئەنکەرە...

## وەرچەرخانی هاوچەرخی کوردایەتی

چەند وتار و چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە باکوری کوردستان

ئامادەکردن: ئەنوەر حسێن ، مەریوان عەلی
دیزاین: هەرێم عوسمان
هەڵەچن: باوان عومەر
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیراژ: ٢٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٦٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە

# گوتاری نەتەوەیی و
# پرۆسەی ئاشتی

**«ئەو گوتارانە، گەلەکەمان گەورەتر و دوژمنەکانیشمان بچوکتر دەکات و مێژووش شاهیدی ئەو گەورەییە دەدەن»**

**-زوبێر ئایدار و رەمزی کارتاڵ**
**دوو لە سەرکردەکانی PKK-**

موراد قەرەیەڵان سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی spkkی پێشوو، ئەندامانی کۆنسە و بەشێکی زۆر لە فەرماندەکانی pkk، لە قەندیل بە دەوری تەلەفزیۆنەکەیانەوە کۆبوونەتەوە و بە حەماسەوە گوێ بۆ وتارەکەی مەلا بەختیار دەگرن.ساتێکی مێژوویی بوو، ئەو کاتەی هەڤاڵ مەلا بەختیار لە ئەنکەرە وتارە مێژوویە، نەتەوەییە، گرنگەکەی لە کۆنگرەی BDP و لەناو ئاپۆڕایەکی جەماوەریی پێشکەشکرد. دواتر قەرەیەڵان دەڵێ« گوتارێکە دەبێ هەموو کورد شانازی پێوە بکات» و هەر دوای تەواوبوونی وتارەکەش قەرەیەلان لە پەیوەندیەکی تەلەفونیدا بە گەرمی سوپاسی ئەو هەست و شعورە دۆستانەی (ی.ن.ک) و مەلا بەختیار دەکات. وەهەر دوای ئەوەش

لە ژێر کاریگەری گوتارەکەی ئەنکەرە ،کۆنسەی سەرکردایەتی pkk نوێنەریان نارده لای بەڕێز مەلا بەختیار و کوردستان ئەم پەیامەیان پێرگەیاند کە: ئەو قفڵە ژەنگاوییەی (٣٠) ساڵ بە ئێمە نەشکا، بەڕێزت بە یەک گوتار شکاندت .

پاش ئـەوەی هەڤاڵ مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێری

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) چەند وتارو دیداری چاوپێکەوتنی گرنگی سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و بارودۆخی سیاسی گەلی کورد و بەتایبەتی باکوری کوردستان پێشکەشکرد، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکە لێکەوتەوە.

وتاری یەکەم لە رۆژی (٢٠١٢/١٠/١٤) لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، لە کۆنگرەی گەورەترین حزبی کوردی باکور (پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP) پێشکەشیکرد.

وتاری دووهەمیش چوار رۆژ پاش وتاری یەکەم لە (٢٠١٢/١٠/١٨) لە هۆڵی تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی لەناو ئاپۆرایەکی جەماوەری بەرفراوانی یەکێتیدا پێشکەشیکرد، بەناوی (کێشەی نەتەوەی کورد لە قۆناغی ئێستای گۆڕانکارییەکاندا) بۆیە بەپێویستمانزانی ئەو دوو وتارەو ئەو گفتوگۆو دیدارانە چاپ بکەین لەبەرئەوەی:-

-تەنها چوار مانگ پاش وتار و بۆچونەکانی هەڤاڵ مەلا بەختیار، زۆربەی بۆچونەکان وەکو خۆی دەرچوون کە باسی لەوەدەکرد «ئێمەی کورد بەرەو و ئاشتی و برایەتی بەرێگاوەین»

چوار رۆژ دوای وتارەکەی ئەنقەرە، حکومەت، AKP و خودی ئەردۆگان رایانگەیاند؛ ئامادەین بۆ ئاشتی هەنگاو بنێین و تەنانەت ئامادەین بچینە ئیمراڵی و هەنگاویشیان نا»

دەرەنجام پاش سی ساڵ، خوێن رشتن، کوشتارێکی بێ وێنە کە نزیکەی چل هەزار کەس تێیدا بوونە قوربانی، لەنەورۆزی (٢٠١٣)دا عەبدوڵڵا ئۆجەلان پەیامێکی لەزیندانەوە ئاراستە کرد و حکومەتیش دەستیکرد بە دانوستان و تا ئێستاش درێژەی هەیە، وردە وردە یەکێتی ئەوروپاش خەریکە دەگاتە ئەو قەناعەتەی pkk لە لیستی تیرۆر دەربهێنێت، هەر ئەوەی کە هەڤاڵ مەلا بەختیار وتی: وازبێنن لەو قسەیەی pkk تیرۆریستە، دیموکرات و کۆمەڵە تیرۆریستن. وەرن بکەونە چارەسەری کێشەکانتان، تەنانەت لە ئاڵۆزییەکانی رۆژئاوای کوردستان ، زۆر کێشەو گرفتی نێوان هێزو لایەنە سیاسیەکانی دورخستەوە ، لە دانیشتنێکی تایبەتدا لەگەڵ نوێنەری زۆربەی هێزەکانی رۆژئاوا بۆ یەکەمجار پێیوتن کە واز لە وشەی (کوردی سوریا) بهێنن و بڵێن (رۆژئاوای کوردستان) تەنانەت بڕیاری دا هاوکارییان بکات لەپێناو یەکگرتن و سەرکەوتنیان و بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە رۆژئاوا ،ئەمەش باشترین خاڵی دیالۆگ و ئاشتییە.

-گرنگتر لەوانە زۆربەی چاودێرانی سیاسی کوردی، پێیانوابوو وتارەکەی هەڤاڵ مەلا بەختیار لە کۆنگرەی (BDP) درێژەی ئەو گوتارە نەتەوەییەیە کە پێشتر هەڤاڵ مام جەلال بنەماکانی دارشتبوو، دواتر لە کۆنگرەی حزبە

سۆسیال دیموکراتەکان لە (SI) لەکیپ تاونی باشوری ئەفەریقا بە ئامادەبوونی کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان، دەستپێکرد لە تێروانینەکانی (ی.ن.ک) و پێ داگرتنی وەفدی یەکێتی لەسەر مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەی کورد، هەروا بۆچونەکانی هەڤاڵ مەلا بەختیار لەرووداوەکانی خۆرئاوای کوردستان رەنگیدایەوە. بریاریدا بەبێ دەستتێوەردانی هیچ لایەک پشتیوانی لەخەباتی کوردەکانی رۆژئاوا بکرێت.

سەرەنجام لەناوجەرگەی گەورەترین وڵاتێک کە کوردەکانی بەسەردا دابەشکراوە، زۆرترین ژمارەی کوردی تێدا دەژی، کە نزیکەی (٢٠) ملیۆن کەس دەبن، ئەو وڵاتە بە هاوپەیمانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا ناسراوە و لە کۆنگرەی حزبێکی شۆرشگێری کوردی کە خاوەنی (٣٦) کورسی پەرلەمانیە لەناو تورکیا، رۆژی (٢٠١٢/١٠/١٤) لەناو ئاپۆرای کوردەکان و نوێنەری دەیان وڵاتی بیانی و هەموو پارچەکانی کوردستان، بە ئامادەبوونی زیاتر لە (٧٠) کەناڵی تەلەفزیۆن، کە بە پێی ئامارگیری بینینی کەناڵەکان (١١) ملیۆن بینەر سەیری گوتارەکەیان کردووە . وتارەکەی هەڤاڵ مەلا بەختیار کە لێرەدا چاپمانکردوە. ئەوەی دەرخست.

« گوتاری نەتەوەیی (ی.ن.ک) بوە دەسکەوتێکی گرنگی مێژوویی و گەورەترین دەنگدانەوەشی هەبوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، میدیاکانی تورکیا، بەشێک لە میدیای عەرەبی و بیانی و هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەو وتار و هەوڵەیان بە شکاندنی بەستەڵەکی بێدەنگی کورد ناوبرد و قسەیەک بوو کە هەموو کەس تواناى وتنی نەبوو، تەنانەت لەناو جەرگە و دڵی دەوڵەتی تورکیا وتی»

### «دەبێت بەرێز ئۆجەلان ئازاد بکرێت»

بەڕاشکاوی وتی «وازبێنن لەو قسەیەی فڵان تیرۆریستە، PKK تیرۆریستە، حزبی دیموکرات و کۆمەڵە تیرۆریستن، ئەم قسانە باویان نەما» هەرزوو دەرکەوت کە هەموان گەیشتنە ئەو بڕوایەی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە ناوی ئەم حزبە لە لیستی تیرۆر بسڕنەوە.

«ئەم پەیامە وەڵامێک بوو بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە کە کوردیان تێدایە. کە نە PKK و نە کۆمەڵە و دیموکرات تیرۆریست نین، بەڵکو ئەوانە نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکەن لەو پارچانەی کوردستان»

لەوتنی ئەم راستییە مێژوویانە هەندێ: بڕوایان وابوو کە رەنگە مەلا بەختیار دەستگیربکرێت یان وتیان، ئەمە سەرەتایەکە بۆ تێکدانی پەیوەندی یەکێتی و تورکیا و کاریگەری خراپی لەسەر هەرێم دەبێ.

لەوەڵامی ئەوانەدا مەلا بەختیار وتی» شەرەف لەوە گەورەتر هەیە

ئینسان لەسەر نەتەوەکەی بگیرێت».

وتی؛ «گوناهە بڵێین بەرێز ئۆجەلان ئازادبکرێت؟!، ئەی دەبێ بڵێین ئافەرین لەزینداندا توندی بکەن...؟

بەڵام لەبەرامبەر ئەم دەنگۆ کەمانەدا، رایەکی گشتی تورکی و شەقامی کوردستانیش دروستبوو کە پشتیوانی لە گوتارەکەی هەڤاڵ مەلا بەختیار کرد، هەربۆیە پاش گوتارەکەی ئەنقەرە و حەماسیەت و واقیعیەتی قسەکان وای لەخەڵکی کوردستان کرد جارێکی تر ئامادەبن گوێ لەو قسانە بگرن، هەربۆیە بەهەزاران کەس لە کۆڕی دووهەمی لە تەلاری هونەر لە سلێمانی ئامادەبوون و سەدان کەسیش لە دەرەوەی هۆڵەکە مانەوە.

ئـەوەش ئاماژە و دەلالـەت بوو لـەوەی خەڵکی نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕی کوردستان، پشتیوانی لەو بۆچون و گوتارە دەکەن و بەکارێکی ئازا و کوردانە و نەتەوەیی دەزانن، بەم کارەش نەک هەڤاڵ مەلا بەختیاری وەکو رەمز و سیمبۆلێکی نەتەوەیی و ئازادیخواز و دیموکراسی ناساند، بەڵکو بۆ خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستانیش رۆشنتر بوو، کە ئەمەیە روانگە و بۆچوون و سیاسەت و هەڵوێستی (ی.ن.ک) و سەرکردەکانی.

بۆیە (ی.ن.ک) لەکاتی خۆیدا قسە و گوتاری خۆی دەدا، ئەگەر سوور بزانێ باجیشی لەپێناودا دەدات، بەڵام لەبەرژەوەندی گەلی کورد یان هەر تاکێکی کوردە لەهەر کوێی دونیا، یان لەهەر پارچەیەکی کوردستان بێت.

هەربۆیە زۆر لەسەرکردەکانی pkk و چاودێرانی سیاسی بڕوایان وابوو کەوتارەکەی هەڤاڵ مەلا بەختیار، ستراتیژی نوێی (ی.ن.ک)ی رەنگڕێژکردەوە و گوتاری نەتەوەیی بە دەنگی بەرز دوپاتکردەوە.

سەرەنجام ئەم وتار و چاوپێکەوتنانە بەوتارێکی مێژوویی، نەتەوەیی، ئازایانە و بڕیارێکی بوێرییەکی گەورە ناوبراو پێشوازییەکی گەورەی لێکرا و تەنانەت خودی سەرکردایەتی pkk بەرەسمی سوپاسنامەیان پێشکەش کرد و ئەو وتارەیان بە هەڵوێستێک ناوبرد کە سیاسەت و ستراتیژی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چەندە واقیعی و راستگۆیانە و نیشتیمانپەروەرانە و ئازادیخوازانەیە.

جیا لەوانە؛ ئەم وتار و بۆچوونانە سەرەنجی خەڵک و کوردەکانی هـەردوو پارچەی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا و ڕەوەنـدی کوردستانیان و حزبەکانیشی راکێشا. کە ئەو وتارە پشتیوانیە لە خەباتی کوردی پارچەکانی تر، واتا ئەو دوو وتارانە، لەمێژووی سیاسی نوێ و وەکو سەرکردایەتی کورد لەناوجەرگەی دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستاندا. یەکەم جار بوو پەیام بدرێتە ئەو وڵاتانە و پێیان بوترێت.«لە AKP، CHP لە پەرلەمانی تورکیا دەپرسم و ئەگەر ئەوکاتەی رێککەوتنامەی سیڤەر جێبەجێ بکرایە

لەهەشتا و پێنج ساڵی رابردوو چ ئاوەدانیەک دەبوو.

واتاکەی ئەوەیە کە لە رابـردوودا ئێوە بەرپرسیاربوون لەچارەسەر نەکردنی کێشەی کورد و ئێستاش فەرموو ئێوە هەنگاو بنێن و ئێمە ئامادەین»

لەوانەش گرنگتر وتی «هەمیشە رابەران، سیاسەتمەداران کە دەخرێنە زیندانەوە گەورە دەبن»

بە ئامادەبوانی کۆنگرەی وت «چاوتان ماچ دەکەم بە ئامانجی سەرکەوتن بەرێز ئۆجەلانیش ئازاد دەکرێت

بەدوای وتارەکەی ئەنکەرە، هەڤاڵ مەلا بەختیار بەردەوام بوو لەسەر پشتگیری رەوشی سیاسی کوردەکانی باکور و PKK و پرۆسەی ئاشتی، هەربۆیە لەوتارەکەی لە برۆکسل لـەرۆژی (٢٠/٥/٢٠١٣) لە کۆنفرانسی نەتەوەیی کە نوێنەری زۆربەی حزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان تێیدا بەشداربوون، دیسان لەسەر پرنسیپەکانی خۆی بەردەوام بوو داکۆکی لە مافی کورد کرد و وتی: ئێستاش دەڵێم ئاشتی پێویستە، دەپرسم مافی گەلێکی (٥٠) ملیۆنی کوا؟ بەڵام باش ئەوە دەزانم بەبێ دیاریکردنی مافی چارەنوسی کورد، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئارامی بەخۆیەوە نابینێت.

لەو کۆنفرانسەدا بەتەنها باسی کوردی نەکرد، بەڵکو وەکو کەسایەتیەکی نەتەوەیی و دیموکراسی، داکۆکی لەمافی کەمینە و نەتەوەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو گەلانەی لەگەڵ کورد دەژین کرد وتی « داوای مافی نەتەوەکانی تری ناوچەکە و رۆژهەڵات لە (چەرکەس، ئەرمەن، بلوچ) دەکەم.

لەو وتارەدا جارێکی تر هەڤاڵ مەلا بەختیار رۆڵی جەنابی مام جەلالی لەپرۆسەی ئاشتی بە گرنگ زانی و جارێکی تر ئەو مێژوویەی هەڵدایەوە، کە مام جەلال چ کاریگەریەکی هەبووە بەسەر پرۆسەی ئاشتیەوە و بە ئەندازیاری ئاشتی ناوبرد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

مەسەلەی نەتەوەیی کورد و پرۆسەی ئاشتی لە باکور و سەرکەوتنی داکۆکی لە مافی رەوای ئەو گەلەو پێداگری لەسەر ئەوەی کە دەبێ بە هەر رێگایەک بێ، کورد لە باکور و پارچەکانی تر بە مافی خۆی بگات.

ئەو دەیەوێت، رۆڵی کارێزمایەکی ئاشتی بگێڕێت و رابردوی پڕ لە قەتڵ و عامی گەلەکەیی و چەوسانەوە و دەربەدەری، لەپێناو ئاشتیدا بەخشندانە، داوای دەست درێژیکردنی تورکیا دەکات بۆ ئاشتی و بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان و ئاشتی و پێکەوەژیان لە نێوان کورد و تورک.

بەدوای جەنابی مام جەلال، لەماوەی رابردوودا لەناو گەلی کورددا هیچ سەرکردەیەکی تر نابینێ، هێندە ئاشتیانە، پێداگری لەسەر سەرکەوتنی

پرۆسەی ئاشتی بکاتْ و هەوڵی بۆ بداتْ و ئامادەش بێ قوربانی بداتْ لەو پێناوەدا.

بۆیە جارێکی تر بۆ سەلماندنی ئەو پەیامەو گەیاندنی بە تورکیا. شەوی (١-٢٠١٣/٥/٢) لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردساتْ، (نامەکەی بەرێز ئۆجەلانی بۆ جەنابی مام جەلال لە زیندانی ئیمراڵیەوە) بە نامەیەکی مێژوویی وەسفکرد و ئەوەی وتْ، ئۆجەلان رۆڵی ئاشتیانەی جەنابی مام جەلال باش ئێدەگاتْ و باش دەزانێ ئەو لە رابردو و لە ئێستا و داهاتووشدا، چەندە خوازیاری ئاشتی و بەدیهێنانی مافەکانی گەلی برای باکور و خودی ئۆجەلانیش بووە.

لەو دیدارەدا هەڤاڵ مەلا بەختیار ئەو لاپەڕانەی مێژوو هەڵدەداتەوە، کە جەنابی مام جەلال لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان و لە رابردودا گێڕاویەتی، لە رۆژهەڵاتْ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ مافی کوردەکان، لە رۆژئاوا لەگەڵ رژێمی سوریا، لەگەڵ تورکیا و عێراق، تەنها بۆ پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورد لە هەر کام لەو پارچانە.

مەلا بەختیار دەیەوێتْ بڵێتْ. من هەمان رێچکەم گرتوە، کە جەنابی مام جەلال ئەندازیاریەتی و بەردەوامیش دەبم لە پێناو کورد و مافەکانی و هەموو رێگایەک دەگرمەبەر، چونکە ئەوە باوەڕی سکرتێری حزبەکەم و حزبەکەشم و خودی خۆشمە، هەربۆیە دەگاتە ئەوەی بڵێ« لە (SI) شکاتمان لە (جەهەپە) کردوە، کە دژی مافەکانی گەلی کوردە و ئەمەش قبوڵ ناکرێتْ.

بێگومان ئەو گەشتە دور و درێژەی مەلا بەختیار، بۆ گەیاندنی پەیامێکە کە لە خزمەتی باکوردایە و لەخزمەتی گەلی کوردە لەباکور، کە بەپلەی یەکەم (PKK) نوێنەرایەتی دەکاتْ و بۆیە لەهەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و وتووێژەکانیشیدا جەختْ لەسەر پشتگیری (PKK) و ئازادی ئۆجەلان دەکاتەوە چ لەناوخۆ چ لە کوردستان و چ لە مەحفەلە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانیش، بێگومان (PKK) رۆڵی هەڤاڵ مەلا بەختیار و (ی.ن.ک) زۆر بە گرنگ دەزانێ لە هاوکێشە سیاسیە و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان و دەکرێتْ بڵێم بە نزیکترین و باشترین دۆستی خۆیانی دەزانن، کە دوو کەس رۆڵیان لەم ئێرواننە لۆژیکەی (PKK) هەیە. ئەوانیش جەنابی مام جەلال و هەڤاڵ مەلا بەختیارن.

سەرکردەکانی (PKK) ئەمەیان هەرگیز نەشاردوەتەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم: لەقسە و باسی خۆم لەگەڵ هەریەکە لە بەڕێزان «رەمزی کارتاڵ» سەرۆکی کۆنگرەی گەلی ئێستا و زوبێر ئایدار لە کۆنگرەی گەل و ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی (PKK) و چەند هەڤاڵی تر، کە بەمدوایە لە برۆکسل

بینیمن و دیدارم لەگەڵ سازکردن و چاوپێکەوتنی رۆژنامەنوسیمان بوو.

بە ئاشکرا، شانازیان بەو رۆڵەی (ی.ن.ک) کردو و بەهەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتیمانیان دانا و پێیانوابوو ئەو کارانەی ئەم دوایەی هەڤاڵ مەلا بەختیار مێژووین و بەرزیان دەنرخێنین.

تەنانەت هەردووکیان ئەوەیان وت کە ئەوە شانازیە بۆ گەلی کورد کەسێک ئاوا داکۆکی لە نەتەوەکەیی و براکانی لە باکور دەکات، وتیان ئەم قسانە پەیوەندی ئێمە و (ی.ن.ک)ی بردە ئاستێکی هەرە باڵا و گەورە کە هەرگیز ناکرێت پاشەکشە بکات و هیوا دارین بەردەوام بێت، چونکە ئەو گوتارانە گەلەکەمان گەورەتر و دوژمنەکانیشمان بچوکتر دەکات و مێژووش شاهیدی ئەو گەورەیە دەدەن.

تەنانەت بەڕێز زوبێر ئایدار وتی» ئێمە چاوەڕێی شتی زۆر لە (ی.ن.ک) و بەرێز مەلا بەختیار دەکەین»

وتـی» من دڵنیام کە بەڕێز مەلا بەختیار شتی گـەورەی بۆ ئێمە لەمێشکدایە، بەڵام نازانم چییە...!

هەر ئەم ئێرووانینە بوو، دواجار پاش چەندین ساڵ، بەڕێوەبەرانی (PKK) تیمێکی تایبەتی کەناڵی تەلەفزیۆنی (ستێرک)یان بۆ دیدار لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار ناردە سلێمانی و لە دیدارێکی یەک کاتژمێر و نیویدا هەموو پرسەکان لەبارەی کورد و پرۆسەی ئاشتی لەباکور خرایە بەرباس و دیسان لەو دیدارەدا کە لە سلێمانی سازکرا. هەڤاڵ مەلا بەختیار پێداگری لەسەر مافی کوردی باکور و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی باکور و خەباتی بـەردەوام کردەوە. جارێکی تر پێداگری لەسەر ئازادکردنی ئۆجەلان و هەنگاوە گەورەکانی کوردی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، وتی : کورد لە باکور، باشور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا هەنگاوی گەورەی ناوە و سەردەکەوێت و وتی « دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هیچ رێگایەکیان لەبەردەمدانیە یان ئاشتی یان بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد»

جیا لەوانە، بەهۆی گرنگیەوە ، تەنها پاش (٧) مانگ لە وتارەکەی ئەنکەرە، لـە زانکۆی کۆیە لەلایەن دوو خوێندکارەوە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر وتارەکە کراوە و توێژەران باس لە گرنگی وتـــــار و باگراواندی مێژویی گوتـــارە سیاسیەکە دەکەن و ئەوەش باسدەکەن مەبەست لە شیکردنەوەی ئەم گوتارەی مەلا بەختیار چی یـە ....؟

تـوێـژەران کـە لـە زانکـــــۆی کـۆیـە خـوێـنـدکـارن، دەڵێن «توێژینەوەکــــەمـــان خیتابی سیاسەتمەدارێکی کوردە «وتارەکەی مەلا بەختیار وەرگیراوە و وەرگێڕدراوەتە سـەر زمانی ئینگلیزی .

بە کورتی دەمەوێت بڵێم ، ئەمەش کارێکی تازەیە کە توێژینەوە لەسەر

گوتاری کوردی بکرێت و هەنگاوێکی نوێیە .

لەم بارەیەوە توێژەران سەبارەت بە توێژینەوەکەیان لەسەر وتارەکە ئەم پوختەیەیـان نوسیوە کە وەکو خۆی بڵاویدەکەینەوە لە داهاتووشدا توێژینەوەکە دەکرێنە کـــوردی .

**پوختەی بابەت بە کورتی**

**«ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکاری زمانەوانی خیتابی سیاسی کوردی، لـە بەشی یەکەمی توێژەران هەوڵیانداوە کورتەیەک دەربارەی لێکۆڵینەوەکە بخەنـــەڕوو لەگەڵ دەستنیشانکردنی هۆکـــاری سەرەکی هەڵبژاردنی شیکـــاری خیتابی سیاسی کوردی وەک بابەتی لێکۆڵینەوە .**

**لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە توێژەران تیشک دەخەنە سەر مێژووی گەلی کـــورد و شۆڕشەکانی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریـــان هەبوو لەسەر خیتـــابی سیاسی کوردی، وە هەروەها هەر لەم بەشە پێناسەییەکی ئاسانکـــــراوی خیتابی سیاسی بە گشتی کراوە .**

**لە بەشەکانی سێیەم و چوارەم توێـــژەران خیتابێکی بەرێز مەلا بەختیاریان خستۆتە بەردەست وە بابـــــەتی توێژینەوەکە لە ڕووی زمانـــــەوانییەوە شیکراوەتـــــەوە بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی شیکردنەوەی (نۆرمان فێرکلۆف) کە سێ باری سەرەکی لە خـــۆ دەگرێت و بریتیین لــــە وەسفکردن، لێکـــــدانەوە و شیکردنەوە لەگەڵ ئاماژەدان بە دەرەنجامی ئەم شیکردنەوەیە بە تەواوەتی .**

**لە بەشی پێنجەم توێژەران پوختەی ئەو دەرەنجامەیان خستوەتە بەردەست کە لـــــە دوای شیکردنەوەی خیتابەکـــــەی بەڕێز مەلا بەختیار پێی گەیشتوون، لـــــەگەڵ ئەو پێشنیارانەش کە دەبنە هۆکـــــاری تەواوکردن و گەیشتن بە دەرەنجامی زیاتـــــــر لە شیکردنەوەی خیتابی سیاسی کوردی.»**

خوێنەری بەرێز

**لەبەرئەوەی باکور بۆ کورد چەقی گۆڕانکاری گەورەیە و گەورەترین پارچەی کوردستانی داگیرکراویشە و روداوەکانیش زۆرگەرم و گوڕن و پرۆسەی ئاشتی لە رێگادایە، لەبەرئەوەی ئەم گوتار و دیدارانە وەکو دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی بمێننەوە و کە پڕن لە هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەیی، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم گوتار و دیدارانە لەدوو توێی ئەم ناميلكەيە كۆبكەمەوە و دیسان چاپیان بکەینەوە. بەو هیوایەی ئەم بۆچوون و گوتارانە سەرەتایەکی نوێ بێت لەگوتارێکی یەکگرتووی کوردی هاوشێوەی ئەم گوتار و بۆچونانە و دڵنیاشم ئەم گوتار و بۆچونانە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردەکەون و کوردیش بە مافەکانی خۆی شاد دەبێت و لەپێش هەموشیانەوە باکور و گەلەکەی، کە خودی گوتار و دیدارەکانیش جەخت لەسەر ئەم قسانە دەکەنەوە.**

**«گوتاری ئەنکەرە... گوتاری نوێی کوردایەتی»**

ئەنوەر حسێن

٢٠١٣/٨/١٥

# "دەبێت بەڕێز ئۆجەلان ئازاد بکرێت"

دەقی وتاری هەڤاڵ مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەکۆنگرەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی B.D.P، ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/١٤، لەئەنقەرەی پایتەختی تورکیا.

**دەیبینی ئەی رەقیب؛ چۆن ماوە قەومی کورد زمان**
**بۆت دەرکەوت نایشکێنێ سەنگەرەکانمان تۆپی زەمان**

«بزانن کورد، بە ئاشتی و برایەتی بەرێگاوەیەن»

بەڕێزان هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراتی
گوڵتان کشاناک و سەلاحەدین دەمیرتاش
سەرپەرشتیارانی کۆنگرە
نوێنەری حزبە کوردستانییەکان
ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا
نوێنەری سەفارەتە بەڕێزەکان
میوانانە ئازیزەکان

# رۆحی سەوزی مام جەلال

پێشەکی پێمخۆشە، بەناوی رۆحی سەوزی مام جەلال، جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عیراق و سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کە نوێنەری راستەقینەی دیموکراسییە لەناوچەکەدا، کە جێگەی متمانەو گفتوگۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی عیراق و ناوچەکە، سڵاوی مام جەلال بە یەکە بەیەکەی ئێوە دەگەیەنم.

ئیجازەم بدەن، شیعرێکی شاعیرێکی گەورەی کورد، دڵدار، خەڵکی کۆیە-ی ئاوەدانو قارەمان، شیعرێکی ئەو دەستکاری دەکەم و بۆتان دەخوێنمەوە. شیعری ئەی رەقیب.

**دەیبینی ئەی رەقیب چۆن ماوە قەومی کورد زمان**
**بۆت دەرکەوت نایشکێنێ سەنگەرەکانمان تۆپی زەمان**
**کوان ئەوانەی دەیانوت کورد مردووە**
**مەرد بن، ببینن، چۆن کورد زیندووە**
**قەت نانەوێ ئاڵای کوردایەتیمان**

# ئازاری ویژدانی نەتەوەی کورد

**ئازیزان..**

جگە لەسڵاوی جەنابی مام جەلال و ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی، پێمخۆشە سڵاوی گوڵەهەنارەکانی هەڵەبجەی شەهیدم بۆ هێناون، سڵاوی گوڵە گەنمەکانی گەرمیانی ئەنفالستانی کوردستان، سڵاوی دۆڵی بازێی کیمیابارانکراوی بادینان، سڵاوی کەرکوک و خانەقین و ژەنگار، کە ئازاری ویژدانی نەتەوەی کوردن. سڵاوی سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، دهۆک، لەئێوە، لەدیار بەکر، لەدەرسیم، لەهەکاری، لەئەرز رووم..

سڵاوی سلێمانی و کەرکوک و خانەقین و دهۆک، لەسنە، لەمەهاباد، لەسەقز، لەکرماشان، لەورمێ، لەقامیشلۆ، لەعامودا.

**سڵاو..**

سڵاوتان لێبێ ئەی تێکۆشەران، سڵاوتان لێ بێ ئەی ئازادیخوازان، سڵاوتان لێ بێ، لەئەنقەرە، لەئەستەمبول، لەهەموو شارەکانی تورکیا، کەهاوشانی تێکۆشەرانی ئازادیخوازی بەشەکانی تری کوردستان، لەسەنگەری ئازادین، لەسەنگەری کوردایەتین، لەسەنگەری رزگاربوونن.

**ئازیزان..**

کۆنگرەکەتان لەهەلومەرجێکی چارەنوسسازی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەستن، هەلومەرجێک، کە حکومەتە دیکتاتۆرەکان دەڕوخێن، ئەوانەی دەڕوخێن گەلانیان دەچنە سەر رێگەی دیموکراسی، ئەوانەی ناشڕوخێن، هەر دەبێ ببن بەدیموکراسی، رێگەیەکی تریان لەبەردەمدا نییەو نەماوە.

دەبێ رۆژهەڵات، لەم ١٠-١٥ ساڵەی ئاییندەدا، هەموو وڵاتانی رۆژهەڵات ببێت بەدیموکراسی، مافی دیموکراسی کۆمەڵەکانی خۆیان بەدیبهێنن، مافی نەتەوەکان بەدیبهێنن، لەناو ئەواندا مافی چارەنووسی دیموکراسی نەتەوەی کورد، لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان دەبێت بەدیبێت.

ناکرێت جارێکی تر حکومەتەکان، لەچاوی عوسمانییەکانەوە، لەچاو یسەفەوییەکانەوە، لەچاوی فاشستەکانەوە، لەچاوی دیکتاتۆرەکانەوە، لەچاوی داگیرکەرانەوە، تەماشای مافی دیموکراسی گەلان بکەن، تەواو ئەو سەردەمە بەسەرچوو!.

## ئەگەر شانازی بەمێژووەوە دەکەن

مێژوو جارێکی تر بۆ دیکتاتۆرەکان ناگەڕێتەوە، لەمەودوا مێژوو، مێژووی دیموکراتەکانە، مێژوو، مێژووی ئازادیخوازەکانە، مێژوو، مێژووی پێشکەوتن و مەدەنییەت و مافی چارەنوسی گەلانی بێبەشکراوە لەمافی چارەنوس.

بامێژوو بەباشی بخوێننەوە، ئەگەر شانازی بەمێژووەوە دەکەن، لە هەر بەشێکی کوردستان دەیخوێننەوە با بیخوێننەوە. ئەوە میری بۆتان، ئەوە

دەرسیم، ئەوە ئاگری داخ، ئەوە عوبەیدوڵڵای نەهری، ئەوە شێخ مەحمود، ئەوە سمكۆ، ئەوە قازی محەمەد. ئەوەش راپەڕینی كوردستانی عیراق، ئەوەش فیدراڵی كوردستانی عیراق، ئەوەش جەنابی مام جەلال، ئەوەش جەنابی سەرۆك بارزانی.

مێژوو چی دەڵێت، دەڵێ داگیركەر ناتوانێ ئیرادەی دیموكراسی و چارەنووسی نەتەوەكانی سەر زەوی لەناوبەرێت، داگیركەر دەبێت بێتە سەر رێگەی راست. میللەتان هەمیشە لەسەر رێگەی راستن.

## بەیەكەوە ئازادیخوازبین

**ئازیزان..**

لەم سەدەیەدا، چوار نەتەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، چوار نەتەوەی گەورە. تورك توركیای هەیە، عەرەب (٢٢) وڵاتی هەیە، فارس ئێرانی هەیە، یەك نەتەوە، نەتەوەیەكی گەورەی پەنجا ملیۆنی، مافی سیاسی نییە لەسێ بەشی كوردستاندا. لەسەد ساڵی رابردوودا، ئەگەر مافی سیاسی دیموكراسی نەتەوەی كوردیش بدرایە، بێ گومان رۆژهەڵات لەسەد ساڵی رابردوودا، ئەو هەموو كێشەو بێشەیە، كوشت و كوشتارە، زیانی ئابووری، لەناوچوونی دێهات، دواخستنی شارو ئەو بەدبەختییەی بەسەرنەدەهات.

ئێستاش، با نەتەوەی عەرەبی برامان، نەتەوەی فارسی برامان، نەتەوەی توركی برامان، بزانن ئێمەی كورد، بەرەو ئاشتی و برایەتی بەرێگاوەیەن، بەرەو دیموكراسی بەڕێگاوەین. نامانەوێت خوێنی توركێك، فارسێك، عەرەبێك بەدەستی كورد بڕژێت، ناشمانەوێت خوێنی هیچ كوردێك بەدەستی ئەوان بڕژێت. ئەمانەوێ بەیەكەوە دیموكرات بین، بەیەكەوە ئازادیخوازبین، بەیەكەوە رۆژهەڵات و وڵاتەكانمان ئاوەدان بكەینەوە. بەیەكەوە كێشەكانمان چارەسەر بكەین، بەیەكەوە خزمەتی ژن بكەین، خزمەتی منداڵ بكەین، خزمەتی تەندروستی بكەین، خزمەتی جوانی بكەین، خزمەتی سەیران بكەین، خزمەتی پێشكەوتن بكەین.

ئەوروپا (١٥٠) ساڵ شەڕی كرد، فەڕەنسی، ئەڵمانی، نەمساوی، هەنگاری، بەریتانی، ئیتاڵی، ئیسپانیو رووسی، ئەمە نەتەوە

گەورەکانی ئەوروپا بوون، (١٥٠) ساڵ لەگەڵ یەک شەڕیان کرد، بەڵام دوایی پەنایان بۆ دیموکراسی، پەنایان بۆ مافی چارەنووس، پەنایان بۆ سەربەخۆیی ئەم دەوڵەتانە بردو ئەوروپا ئێستا بۆتە پێشەنگی کاروانی پێشکەوتن و ئاوەدانی لەدنیادا. ئەگەر بەردەوام بوونایە لەشەڕ، هەرگیز ئەم پێشکەوتن و سەرکەوتنەیان بەدەستنەدەهێنا، کە لەئەوروپا بەدەستهاتوون.

ئێمەش دەتوانین ئەمە بکەین، بەمەرجێک ئارام بین، ئاشتیخواز بین، مافی یەکتر بسەلمێنین، نەتەوەی کورد، چەرکەس، ئەرمەنی، بلوجی، هەرچی گەلانی ڕۆژهەڵاتە بەمافی خۆی بگات.

# (٨٥) ساڵ بەفیڕۆ ڕۆیشت

**ئازیزان..**

من دەمەوێت بۆ مێژوو، ئێوە (٨٥) ساڵ بۆ دواوە بگەڕێنمەوە، (٨٥) ساڵ لەمەوبەر (عصبە الامم)، ڕێکەوتننامەی سێڤری بۆ باشووی کوردستان سەلماند، ڕێککەوتنامەی سێڤر، وەک ئەم ئەزموونە فیدراڵییەی باشوری کوردستان، مافی ئێمەی سەلماند. من دەپرسم، دەوڵەتی تورکیا ئەوکاتە نەیهێشت ڕێککەوتننامەی سێڤر سەربکەوێت، سێڤری کرد بەلۆزان، لۆزان–یشی لەناو برد.

من لەئێوە دەپرسم: لەدەوڵەتی تورکیا دەپرسم، لەحزبی ئاک پارتی دەپرسم، لەجەهەپە دەپرسم، لەپەرلەمانی تورکیا دەپرسم، ئەگەر ئەوکاتە ڕێککەوتنامەی سێڤر جێبەجێبکرایە، لەهەشتاو پێنج ساڵی رابردوودا، چ ئاوەدانییەکو پێشکەوتنو پەیوەندییەکی ئابووریی‌و ئاشتی، لەنێوان ئێمەو گەلانی تورکیا، لەنێوان ئێمەو ئێران، لەنێوان ئێمەو عیراق، لەنێوان ئێمەو سوریا دەهاتەدی؟ (٨٥) ساڵ بەفیڕۆ ڕۆیشت.

ئێستا بەهۆی سەرکەوتنی ئەزموونی فیدراڵی کوردستانی عیراقەوە، پەیوەندیی باشمان لەگەڵ دەوڵەتەکان هەیە، ئاشتی و ئارامی هەیە، پەیوەندی بارزگانیمان زۆر لەئاوەدانی و لەفراوان بووندایە. ئەمە دەیسەلمێنێت ئەزموونی فیدراڵ، ئەزموونی دیموکراسی لەکوردستانی عیراق، دەیسەلمێنێت کورد بەمافی دیموکراسی بگات، دەتوانێ برایەتی

و دۆستایەتی و ئاشتی گەلانی ناوچەکە بچەسپێنێت.

ئەو وانەیە لەمێژوو وەربگرین، وانەی پەیماننامەی سێڤرو لۆزان لەمێژوو وەربگرینو دووبارە نەبێتەوە، تازە نابێت دووبارە ببێتەوە. نەدەتوانن جارێکی تر رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ بەسەرماندا فەرزبکەنەوە، نە دەشتوانن جارێکی تر رێککەوتننامەی لۆزان بەسەرماندا بسەپێننەوە. کەوابێ عەقڵ، مەنتیق، بەرپرسیارێتی، ویژدانو ئەرکی ئـەم قۆناغە داوامــان لێدەکات، هەموومان پەنا بۆ دیموکراسی بەرین، هەموومان ئاڵای شەکاوەی دیموکراسی بەرزبکەینەوە. تەنیا بەدیموکراسی، بەدابینکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکانو گەلان، مافی مرۆڤ، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێجگار پێشدەکەوێت.

## ئەگەر ئۆجەلان ئازاد نەکەن کێشەکە چارەسەر ناکرێت

وازبێنن لەو قسەیەی فلان تیرۆریستە، پەکەکە تیرۆریستەو حزبی دیموکرات تیرۆریستەو کۆمەڵە تیرۆریستە، ئەم قسانە باویان نەما.

ماندێلا تیرۆریست بوو، بوو بەسەرۆکی باشووری ئەفریقا، یاسر عەرەفات تیرۆریست بوو، بوو بەسەرۆکی فەڵەستین، بارزانی تیرۆریست بوو، بوو بەرەمز، جەلال تاڵەبانی تیرۆریست بوو، بوو بەسەرۆک. هۆشی منە تیرۆریست بوو، ئێستا جوانترین پیاوی مێژووە، کاسترۆ تیرۆریست بوو، بوو بەسەرۆک، هەموو ئەوانەی حکومەتەکان پێیان دەڵێن تیرۆریست، دەبن بەسەرۆک.

کەوابێ هەتا زووە ئەم کێشەیەش لەتورکیاو باکوری کوردستان چارەسەر بکرێت باشترە، ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەپێش هەمووشمانەوە سـەرۆک مام جـەلال، هەموو توانایەکی خۆی لەسەردەمی سەرۆک کۆمار تورگۆت ئۆزالەوە خستۆتە کار هەتا ئێستا، یارمەتی هەموو لایەک بدەین بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین.

کۆتایی قسەکەم بەوە دەهێنمەوە، قسە زۆر دەبیستین، بەڵام بەکردەوە کێشە بنەڕەتییەکان، کێشە سیاسییەکانی کورد لەباکوری کوردستان

چارەسەر نەکراوە، دەبێت چارەسەر بکرێت، دەبێت بەڕێز ئۆجەلان ئازاد بکرێت، ئەگەر ئازادی نەکەن، کێشەکە چارەسەر ناکرێت.

هەمیشە رابەران، سیاسەتمەداران، کە دەخرێنە زیندانەوە گەورە دەبن، حکومەتەکان بچوک دەبنەوە، رابەرەکان لەزیندانەدا گەورە دەبن. زیندان خۆی بچووکە، بەڵام دەرەوەی زیندان هەمووی هی رابەرەکانە. لەبەر ئەوە تازووە ئازادی بکەن، کێشەکە چارەسەر بکەن، بچینە سەر رێگەی دیموکراسی و ئاشتی، هەر ئەوە تاکە رێگەمانە.

# لەپێناو دیموکراسی بەشداریی دەکەم

من خۆشحاڵم، خۆشحاڵم هەم وەک یەکێتیی، خۆشحاڵیشم دەبینم هەڤاڵەکانم لەبەشەکانی تری کوردستان لەهۆڵەکە لەگەڵتانین.

لەکۆتایدا بەسەرهاتێکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە، ساڵی (١٩٧٧) دەهاتم بۆ ناوچەی هەکاری، پێشمەرگە بووین، (ئێمەش شتێک پێشمەرگایەتیمان کردووە، پانزە ساڵێک، زۆر نییە).

دەهاتین بۆ هەکاری، من و شەهید رەسوڵ مامەند بووین، گەیشتینە نزیک شاخی داڵانپۆ، لەنزیک گوندی ماسی رۆ، دەچووین بۆ پێشوازی مام جەلال ،لەسوریا دەهاتەوە، (١٩٧٧/٧/١٩) بوو، باش باش ئەو مێژووەم لەبیرە، شوانێک-م بینی، خەڵکی یەکێک لەگوندەکانی هەکاری بوو، جلی کوردی لەبەر بوو، جامانەی لەسەر بوو، جوان، تەمەنی ١٤ ساڵ ١٥ ساڵ دەبوو، ماچم کرد، شەهید رەسوڵ مامەند وتی: بۆ ماچی دەکەیت؟ وتم یەکەمجارمە کوردی تورکیا دەبینم.

لەدوای ئەوەی کە یەکەمینجارم بوو کوردە شوانێکی خەڵکی هەکاریم بینیووە، ئێستا لەئەنقەرە، لەکۆنگرەی هەزاران کورد، لەپێناو دیموکراسی بەشداریی دەکەم.

سڵاوتان لێبێت، چاوتان ماچ دەکەین، خۆشحاڵین دەتانبینین سوورن لەسەر مافەکانتان، خۆشحاڵین دەتانبینین سەربەرزن، دڵنیام ئەم رێگەیە، رێگەی حەماسەت و کوردایەتیان، هەر دەگات بەئامانجی سەرکەوتن، بەڕێز ئۆجەلان-یش بەردەبێت، مافی سیاسیشتان وەردەگرن، دڵنیام، ئەمە مێژووە مێژوو.مێژوو دەڵێت: ئازادی هەر دێتە دی، دیموکراسی هەر دێتە دی.

بژی ئێوە، بژی نەتەوەی کورد، بژی هەموو دیموکراتخوازەکانی ناوچەکە.

# کێشەی نەتەوەی کورد
# لەقۆناغی ئێستای
# گۆڕانکارییەکاندا

## دەقی وتەکانی کۆڕی هەڤاڵ مەلا بەختیار ڕۆژی (٢٠١٢/١٠/١٨) لە تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی

ئێوارەی ٢٠١٢/١٠/١٨، هەڤاڵ مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەئامادەبوونی جەماوەرێکی فراوان‌و بەرچاو لەتەلاری هونەر-ی شاری سلێمانی، کۆڕێکی بەناونیشانی (کێشەی نەتەوەیی کورد، لەقۆناغی ئێستای گۆڕانکارییەکاندا) بەڕێوەبرد، ئەمەی خوارەوەش دەقی تەواوی بابەتی کۆڕەکەیە.

لەناخەوە بەخێر هاتننتان دەکەم، بابەشعرەکەی ئەی رەقیب دەست پێ بکەمەوە:

دەبینی ئەی رەقیب چۆن ماوەقەومی کورد زمان
بۆت دەرکەوت نایشکێنێ سەنگەرەکانمان تۆپی زەمان
کوان ئەوانەی دەیان وت کورد مردوە!کورد زیندووە
زیندووە هەرگیز نانەوێ ئاڵای کوردایەتیمان.

# هەر مەبەستێکیان هەبێت، گەردنیان ئازاد بێت

دوای ئەوەی کە لەئەنقەرە، پایتەختی کۆماری تورکیا، لەخزمەتی حزبێکی تێکۆشەری باکوری کوردستان، پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP)، بەشداری کۆنگرەکەمان کرد، توانیمان بەناوی هەمووتانەوە، لەوێ، وتاری کورد، وتاری نەتەوەیی و دیموکراسی، وتاری یەکێتییەکەتان، پێشکەش بکەین، بەپێویستمزانی یەکەمین رۆژ کە دەگەڕێمەوە وڵات، دەگەمەوە ئامێزی گەرمی ئێوە، هەریەکەمین رۆژ ئەم کۆڕە ببەستم، بۆئەوەی بتوانم، ئەوە روونبکەمەوە، ئەو وتارە، ئایا وتارێکی سیاسی پەتی بوو، یان سەرەتای پەیامێکی نەتەوەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بۆ لەمەودوای خەباتی نەتەوەیی، رزگاری و سیاسی لە قۆناغێکی نوێی رزگاری و دیموکراسی؟

ئەمە بەلامەوە مەسەلەیەکی گرنگە، وەکو یەکێتی، شەخسی خۆشم، بۆیە هیوادارم ئـەوەی ئەمڕۆ دەیڵێم: لێکدانەوەیەکە لەچوارچێوەی فەلسەفەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لەچوارچێوەیی فەلسەفەی رزگاریی و دیموکراسی، هەروا ئایندەیی سۆسیالیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە بێگومان دەبێت بەم قۆناغەدا تێپەڕێت، بەم هەلومەرجەدا تێپەڕێت، بەم کێشمە کێشانەدا تێپەرێت، بەم هەورازو نشێوانەدا تێبپەرێت، سەرەنجام دەشبێت بگاتە دوا مەنزڵی خۆی کە رزگارکردنی کوردستان و بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

**پێش ئەوەی بابەتەکەم پێشکەش بکەم، بیستوومە هەن پێیانوایە من لەوێ بەحەماسەوە قسەم کردوە، هەروا پێیانوایە رەنگە ببمە مایەی سەرئێشە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، هەش بوو ئامۆژگاری دەکردم کە ئاگام لەخۆم بێت نەگیرێم! لەوەڵامی ئەمانەدا داڵێم:**

**شەرەف لەوە گەورەتر هەیە ئینسان لەسەر نەتەوەکەی بگیرێت؟** وەکو تر ئایا قسەکانم دەبێتە مایەی سەرئێشە بۆ پەیوەندی یەکێتی و کۆماری تورکیا؟ ئایا من بەحەماس قسەم کردووە؟ یان بەسۆز قسەم کردووە؟ ئەمانەی وایان وت، هەر مەبەستێکیان هەبێت، گەردنیان ئازاد بێت، خزمەتیشیان کردم کە روونیبکەمەوە چۆن بەحەماس قسەم نەکردووە،

چۆن بەخوێندنەوەیەکی قوڵی رووداوەکان، بنچینەکانی وتارەکەی ئەنقەرەم پێشکەش کردووە، بۆ وروژاندنی سۆزیش قسەم نەکردووە.

بەندە، خوێندنەوەمان وابوو کە لەهەلومەرجی رۆژهەلات و دۆخی ئێستای جیهانیشدا، تورکیا، زیاتر لەسوریاو ئێران، پێگەشتوە کە پەیامی راشکاویی دیموکراسی چارەی خۆنوسینی نەتەوەکەمان بگەیەنین، کە دەڵێم: پێگەیوە، دەیسەلمێنم کە پێگەیوە، ئەوەی ناتوانێ وردەکاریەکانی سیاسەت بخوێنێتەوە، ئەوەی ناتوانێ نێو دێڕی سیاسەت بخوێنێتەوە، ئەوانە لەبەردەم رووداوەکاندا دەحەپەسێن، لەهەلومەرجێکدا حکومەتەکان هەڵدەوەرێن، شەپۆلەکانی دیموکراسی بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێن، گۆڕانکارییەکان بیناقاقەی دەوڵەتانیان گرتوە، سیستەمەکانیان گۆڕیوە، فەلسەفەکانی حکومڕانی شکست خواردووی ١٠٠ساڵی رابردوویان داتەپاندووە، ئەوانەی پێیان سەیرە وتارێکی ئاوا ئارام، پڕ لەپەیام بۆنەتەوەکەت بخوێنیتەوە، هیچمان نەوتوە.

وتومانە یان دەبن بەدیموکراسی یان دەڕوخێن، بووختانمان بۆنەکردوون، وتومانە کورد نەتەوەیەکە لەچوارچێوەی چوار نەتەوەی گەورەی پێکهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فارس دەوڵەتی هەیە، تورک دەوڵەتی هەیە، عەرەب چەندین دەوڵەتی هەیە، ئێمەین لە ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ ساڵی رابردوودا، بێ دەوڵەتیان کردووین، هەربۆیە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەوروبەرمان ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ؛ ئەرێ وایە یان وانیە؟

وتومانە، ئازادی پێویستە، ئاشتی پێویستە، وتومانە خراپتان کرد رێکەوتننامەی سیڤەرتان تێکدا، ئەگینا ٨٥ ساڵ لەکیس رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەدەچوو، ئەوەی لەم ١٠ بۆ ١٥ ساڵەدا جێبەجێمانکردوە، دوای جەنگی یەکەمی جیهان و رێکەوتننامەی سیڤەر جێبەجێ دەبوو، لە ساڵی ١٩٢٣، ١٩٢٥ جێبەجێ دەبوو، وتومانە بۆ سیڤرتان گۆڕی بەلۆزان؟ شتێکی ترمان نەوتوە. وتومانە ئێمەش نەتەوەیەکی گەورەین، وڵاتێکی دەوڵەمەندین، جارێکی تر مێژوو ناگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، مێژوو بەدڵی دیکتاتۆرەکان بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، شتێکی زیادمان نەوتوە.

ئەوە دیکتاتۆرەکانن ئیتر لەگەلان دەترسن، گەلان نین لەمەودوا لەدیکتاتۆرەکان بترسن، ناڵێم ئەتوانین هەر بەجارێک هەموو شت بڵێین،

بەڵام ئەم ترس و لەرزەی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان باوی نەماوە، ئەوەندەی پێویستە دەبێت رچە بشکێنین، ئێمەش نەوەیەکین، حەقی خۆمانە بڵێین بابە ئێوە چۆن دەتوانن لەڕۆژهەڵاتدا ئاشتی و دیموکراسی بەدیبهێنن کە ٥٠ملیۆن ئینسان مافی چارەنوسی نەبێت، کێ ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆییەی بەئێوە داوە، کێیە ئەوەشی ئێمەی لەچارەی خۆنوسین بێبەش کردوە، ئەگەر لەئاسمانەوە بۆتان باریوە؟ ئێمە هیچ قسەیەکمان نییە، ئەگەرخۆتان بەدیتان هێناوە، کەواتە ئێمەش حەقمانە بەدیبهێنین.

گوناحە بڵێین: دەبێت بەڕێز ئۆجالان ئازاد بکرێت؟! ئەی دەبێ بڵێن ئافەرین لەزینداندا توندی بکەن! نەخێر هەڵەیەکی گەورەیان کردووە بەڕێز ئۆجالان-یان زیندانی کردووە، هەڵەیەکی گەورەشی کردووە، تورکیا، ساڵەهای پێش ئێستا ئازادی نەکردووە، کاتیەتی بڵێین کاکە رابەرێکی نەتەوەکەتان زیندان کردوەو ئازادی بکەن، بگرە بەسەدان زیندانی تریش ئێستا هەیە لەو وڵاتە، بۆ تورکیا خۆی باشە، بەرێز ئۆجالان ئازاد بکات، هەموو ئەوانەی لەسەر بیروڕای سیاسی گیراون ئازاد بکرێن، بۆتورکیا باشە سەربازی تورک بەدەست کورد بەکوشت نەدا، پێشمەرگەی کورد بەدەستی تورک بەکوشت نەدا، وتومانە تورک و عەرەب و فارس و کورد، گەلانی تریش حەق نییە بەدەستی یەکتری بکوژرێن، حەقە هەموومان توانامان بخەینەکار بۆئەوەی رۆژهەڵات ئاوەدان بکەینەوە، دیموکراسی بەدی بهێنین، خۆشبەختی بەدیبهێنین، ژن رزگار بکەین، ئازادی بەدیبهێنین، لەمەزیاتر هیچی ترمان نەوتووە، یانی لەسەردەمی جیهانگیریدا دوانزە ساڵ بەسەر هەزارەی سێیەمدا تێدەپەڕێت، حکومەتی موبارەک دەڕوخێت، سیستەمی تونس دەڕوخێت، عەلی عەبدوڵا ساڵح هەڵدێت، بەشار ئەسەد لەڕۆخی روخانایە، مەغریب دەگۆڕێت، هەموو حکومەتەکانی دەوڵەتانی عەرەب بەتەمان هەریەکەیان بەجۆرێک فریایی خۆیان بکەون، هەموو نادیموکراتەکانی ناوچەکە بەنیازن، بەجۆرێک لەجۆرەکان فریای خۆیان بکەون، ئیتر لەم سەردەمەدا نەوێرین قسەی خۆمان بکەین، ئەی کەی بوێرین؟

بۆ ئاگاداری جەنابتان، دوای ئەو وتارەی منتان بینی و نامەوێت لەسەری بڕۆم، دوای ئەو وتارەو تا ئەم چرکەساتە، دەوڵەتی تورکیا

یەک کاردانەوەی بەرامبەر قسەکانم نەبوە، بەڵام هەیە لێرە دەیەوێت لەباتی دەوڵەتی تورکیا بیر بکاتەوە! چەند ناخۆشە، هەبن لێرە بیانەوێت لەباتی دەوڵەتی تورکیا بیربکەنەوە، من لەپایتەختەکەیدا قسەم کردووە ٧٥ کەناڵی تەلەفزیۆنی هەواڵەکەی پەخشکردووە، هەرچی رۆژنامەی تورکیا هەیە لەسەری نوسیوە، دەوڵەتی تورکیا خۆی قسەناکات، لێرە ئەم نیگەرانییە بۆ لەلای هەندێ کەس هەبێت؟

ئینجا مژدەتان بدەمێ، چواردەی مانگ قسەکانم کردووە، ئەمڕۆ ١٨ی مانگە، هەر ئێستا لەکۆشکی کۆماری تورکیا گفتوگۆی سیاسی لەنێوان نوێنەرانی کوردو کۆماری تورکیا دەستیپێکرد.

دەفەرموون کام خوێندنەوە راست دەرچوو، خوێندنەوەی دڕدۆنگەکان، یان خوێندنەوەیەک کە واقیعی سیاسی ئێستای رۆژهـەڵات و تورکیاو دەوروبەرمان پشانیداین؟.

دووسەعات لەمەوبەر بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش، لەگەڵ خانمە سیاسی ناودار گوڵتان کەشناک،پێرێ لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا، ئەمڕۆش سەرۆک کۆماری تورکیا دەعوەتی کردوون گفتوگۆیی سیاسیان کردووە، دوای ئەوە کۆنگرەی رۆژنامەنوسیان بەستوە، سەرۆک کۆماری تورکیا وتویەتی: کێشەی سیاسی کورد چارەسەر نەکەین، نەوەکانی ئاییندەش گەورەترین کێشەو کارەساتی بەسەردا دێت.

من ئەمەشم نـەوت: نەم وت تورکیا چارەسەری کێشەکان نەکەی گەورەترین کارەساتت بەسەردا دێت. هەر ئەمڕۆ بەڕێز ئاردۆگان سەرۆک وەزیری تورکیا، لەوتەیەکدا رایگەیاند: ئەگەر پێویست بکات لەگەڵ ئیمراڵی، واتە ئەو زیندانە بچوکەی بەرێز ئۆجالانی تیا زیندان کراوەو هەموودنیا چاوی لەسەریەتی، لەوێش وتم زیندان بچوکە، بەڵام رابەرانی سیاسی کە زیندان دەکرێن، زۆر گەورەترن دنیا دەبینن، وتی لەو زیندانە ئامادەین گفتوگۆ لەگەڵ ئیمرالی بکەین، ئەمە دوەمین جاریەتی ئەو قسەیە بکات، بەدڵنیایەوە ئەم قسانە، لەخۆوە نەکراوە، بێگومان من هەم لەم سەفەرەم، هەموو ئێمە لەسەفەرەکانی تر کاربەدەستانی تورکیامان بینیوە، دێن سەرمان لێدەدەن، بابەتی گفتوگۆ لەبەینی ئێمەش و پەکەکە، کۆماری تورکیا، ئازادکردنی ئۆجالان، (١٣) ساڵیش دەبێت لەبەینی یەکێتی نیشتمانیی و دەوڵەتی تورکیا قسەی لێدەکرێ.

بەهیوایین جەنابی مام جەلال، کە ئەندازیاری راستەقینەی ئەم گفتوگۆیە بوە لەسەردەمی خوالێخۆش بوو تورکد ئـۆزال-ەوە، سەرۆک کۆماری پێشووتری تورکیا، بەهیوایین ئەم گفتوگۆیە بگاتە ئەنجام، بەدڵنیاییەوە جەنابی مام جەلال یەکێکە لەو کەسانەی کەدەتوانێت، دەورێکی یەکجار گەورە ببینێت، بۆئەوەی بگاتە ئەنجامێکی باش...

**دێمە سەر کۆڕەکەم...**

کۆڕەکەم بۆ ئەوەنییە باسی نەتەوەی کورد، کوردایەتی، ئەی رەقیب و دەمی راپەرین وەکو جاران بکەم، هەموو منالێکی کورد، بەتایبەتی لای ئێمە لە مەلۆتکەوە فێری کوردایەتی و خەباتی سیاسی کراوین، کوردی عێراق بەئەزموونە لەخەبات، ئەم خوشک و برایانەی لێرە دانیشتوون، دڵنیام هەموو یەکێک لەمانە رەگێکی لەناو کوردایەتی دا هەیە، لەشەهید بلێیت، لەپێشمەرگایەتی، لە قوربانی و دەربـەدەری و ماڵ تالانکردن، لەئەنفال و لەکیمیاباران بلێیت، هەموو یەکێ لەئێوە رەگ و ریشەیەکتان لەکوردایەتی هەیە، ئەمڕۆ ئەمەوێت، بابەتێک پێشکەشی ئێوە بکەم: ئێمە نابێت سەیری نەتەوەی کوردو سیاسەتی کوردایەتی بەچاویی دوای جەنگی یەکەم، دووەم، سەردەمی جەنگی ساردو پانزە بیست ساڵ لەمەوبەریش بکەین، ئەو قۆناغانە قۆناغی جیاواز جیاوازن لەخەباتی نەتەوەیی ئێمەدا، بەپێی ئاستی گەشەکردنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، رووناکبیری و سایکۆلۆجیەتی قۆناغەکان، سیاسەت کراوە، حزبی سیاسی دامەزراوە، ئایدۆلۆژیەتی سیاسی خراوەتە بەرنامەی حزبەکانەوە، بەسەرکردەو رابەرەکانیش هەریەکەیان لەدوایی میری بۆتانەوە لەساڵی ١٨٣٦ بەدواوە، کە یەکەمین چرکەی خەباتی رزگـاری نەتەوەیی لەجەزیرەو بۆتانەوە دەستپێدەکات، لەدوایی ئـەوەوە مەسەلەی کوردایەتی بەقۆناغ دێتە پێشەوە، لەوساوە قۆناغ بەقۆناغ ئاڵوگۆری زۆری بەسەردا هاتوە، ئەمە میری بۆتانە، یەزدان شێرە، شێخ عوبەیدوڵای نەهریە، ئاگری داغ، شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی دەرسیم، سمکۆی شکاک، راپەڕینی بارزانییەکان، شەهید قازی موحەمەد، شێخ مەحمودی نەمر، کۆماری مەهاباد، شۆڕشی ئەیلول، راپەرینەکانی ناوشارەکان و مانگرتنەکان، ئەمە هەمووی زادەی قۆناعە جۆراوجۆرەکانی هەستی نەتەوایەتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردن، ئەنجامی قۆناغی سیاسین بۆ رزگاری و دیموکراسی، ئایا ئێستا

دەبێت بەپێوەرەکانی سەدساڵ لەمەوبەر، پەنجا، تەنانەت بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەریش، سەیری مەسەلە نەتەوایەتیەکانمان بکەین؟ هەڵبەتە نەخێر، دەبێت ئاڵوگۆری بەسەردا بێنین، بێگومان دەبێت ئاڵوگۆری بەسەردابێت، ئاڵوگۆڕی گەورەشی بەسەردابێت، هەموو نەتەوەی کورد سەدساڵ لەمەوبەر، رەنگە لەهەموو کوردستاندا ئەوپەڕی نەگەشتبێتە ٦ بۆ ٧ ملیۆن مرۆڤ، لەهەموو دنیا دەوڵەتێک نەبووە پشتیوانیمان بکات، بەڵکو پێچەوانەکەی هەموو دەوڵەتانی دنیا پیلانیان لێگرِاوین، لەسەردەمی عوسمانیو سەفەوییەکاندا، یەکێکێک لەهۆیەکانی رێکەوتنیان دامرکاندنەوەی راپەرینەکانی کوردستان بووە، ئەسڵەن لەسەردەمی چاڵدێرانەوە لەساڵی ١٥١٤، بەشێکی گرنگی رێکەوتنەکەیان دابەشکردنی کوردستان و لەناوبردنی میرنشینەکانی کوردستانە.

سەیر ئەوەیە هەمیشە سیستەمەکانی ئیمپراتۆری لەدنیادا، یان پێی دەڵێن سیستەمی (ئوتوکراتی) واتە حوکمی موتڵەقی دەرەبەگایەتی، یان پێی دەڵێن: سیستەمی (سیوکراتی) واتە: سیستەمی دەرەبەگایەتی دینی رەها. سیوکراتی و ئوتوکراتی، هەردووکی لەرۆژهەلاتدا هەبووە، سیستەمی ئوتوکراتی سەفەویەکان بوون لەئێران، سیستەمی سیوکراتیش عوسمانییەکان بوون، ئەم دوو سیستەمە لەناوەڕۆکدا دەرەبەگایەتییە، سیستەمی دەرەبەگایەتی، سەرەنجامی رێکخستنی حکومرانی دەرەبەگایەتی ناوچەییو ناوخۆیی، سیستەمی ئیمپراتۆرەکان لەهەموودنیا پێکهاتووە؛ باج لەو سیستەمە ناوخۆیانە دەسەنراو لەکاتی شەڕیشدا سەربازیان لێدەسەنرێت، کەچی بەپێچەوانەی هەموو سیستەمە ئیمپراتۆرییەتەکانو هەموو قەڵەم رەوەکانی ئیمپراتۆریەتی دنیا لەرۆژهەلاتدا، نەسەفەوییەکان و نەعوسمانییەکان وەکو ئۆمەتی موحەمەد ئیمپراتۆر نەبوون، ئەمانە لەباتی ئەوەی میرنشینەکان بەهێز بکەن، چونکە یەکەی بنچینەیی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتەکانی دنیانو هەتا شۆڕشی پیشەسازی میرنشین لەئەوروپا مابوو، لەلای ئێمە لەساڵی ١٥١٤وە پیلانیان دژئەگێران لەناویان دەبردن، لەوەشدا کە ئەمانە ئیمپراتۆریەتێکی وەکو تورک دەڵێت، ئیمپراتۆریەتی (عەدیلاپلی) نەبوون، (زمانی تورکمانی دەزانم) واتە رێکوپێک نەبوون، ئیمپراتۆریەتی دەرەبەگی راستەقینە نەبوون، ئەمانە ئەهاتن بنەماکانی رووخانی خۆیان کە دەسەلاتی ناوخۆیی دەرەبەگەکان بوو، یان

میرنشینەکان بوو، ئەوانەشیان دەڕوخان، بەدبەختی کورد لەمەدا بوو؛ واتا نەلەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا ئیمپراتۆرەکان حەقی دەرەبەگی کورد کە دەسەڵاتی ناوخۆییان هەبوو سەلماند، نەلەسەردەمی سەرمایەداریشدا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان ئیستعمارو ئینگلیزو دەوڵەتانی بەناو کۆماریی لەناوچەکە، کە لەکۆماری تورکیایی کەمال-یەوە دەستپێدەکات، مافی کوردیان سەلماند واتا نەدەرەبەگی رۆژهەڵاتی ناوەراست، سیستەمێکی وەکو ئەوەی ئەوروپایی هەبوو، نەسیستەمی سەرمایەداریی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، چ لەسەردەمی تورکیا، چ لەعێراقی ساڵی ١٩٥٨، چ سوریایی کۆماری بەعسیی و نەتەوەییەکان، چ لەئێرانیش لەدوایی ئیسلاحاتی ئەرزی، لەدوای شۆرشی مەشروتە، لەدوایی بزوتنەوەیی موسەدەق، لەدوایی راپەرینی گەلانی ئێرانیش مەسەلەیی مافی نەتەوەیی گەلی کورد فەرامۆش کرا، واتا: نە لەدەرەبەگەکە تامی سیاسەتی دەرەبەگایەتیمان کرد؛ نەلەسەرمایەدارەکەشدا. لەکاتێکدا کێشەی نەتەوەیی ئەسڵەن بەشێکی جیانەکراوەیی خورتبوونی گەشەکردنی پێشکەوتنی سەرکەوتنی سەرمایەدارییە، واتا: سەرمایەداریی بۆئەوەی بتوانێ سەربکەوێت، ببێت بەبەدیلی راستەقینەی دەرەبەگایەتی، لەبەرئەوەیی سەرمایەداری هەموو وڵاتێ نوێنەریی ئامانج و نەتەوەی وڵاتەکەی خۆیەتی، ئەبێت باشترین چارەسەریش بۆنەتەوەکانی دەوروبەری خۆی بدۆزێتەوە، لەرۆژهەڵاتدا ئەمەش نەبوو، رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ هەبوو، لۆزان هەبوو، پێشتریش شەڕیی چاڵدێران هەبوو، رێکەوتنامەی زەهاو هەبوو، کە ئەمانە هەموویی کارەسات بوون سەبارەت نەتەوەکەمانەوە، چ رێکەوتنامەی چاڵدێران، چ زەهاو، لەسەردەمی ئیمپراتۆرەکانە، میرنشین و راپەڕینەکانمان تیاچوون، لەهەلومەرجی سایکس بیکۆ، لۆزان، جەنگی یەکەم و دوەم حکومرانی مەلیکی شێخ مەحمودو کۆماریی مەهاباد فەوتان. بەڕاستی ئەم نەتەوەیە دۆخێکی نالەبارمان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، هەستی نەتەوەیی ئەوکاتە، بزوتنەوەی رزگاری کورد بەردەوام بووە، ئەتوانم بڵێم لەرۆژهەڵاتدا هیچ بزوتنەوەیەک جگە لەبزوتنەوەی ناسیۆنالیستی، فارس، عەرەب، تورک، کە ئەوە بەپشتیوانی دەوڵەتانی کۆلۆلیالیستی بوون بەخاوەن دەوڵەت، نەک تەنها بەخەباتی نیشتمانی، یان خەباتی نەتەوەیی خۆیان، واتا:

ئیستعمار کە هات سیناریۆی ئامادەکراویی بڕیار لێدراویی هەبوو، کەبێت بۆ عەرەب چەندین دەوڵەت دابمەزرێنێت، بۆفارس ئێران رێکبخاتەوە، تورکیاش پشتیوانی ئەو بزوتنەوە کەمالییە بکات، هەر بۆیە ئیتافاقییەی لۆزانیان قبوڵ کرد، دوای پەیوەندییەکی یەکجار باش لەنێوان تورکیایی کەمالیی و دەوڵەتانی سەرمایەداریی دروست بوو، ئەگەر چی ئەوکاتە لەگەڵ رێزم بۆجیاوازییەکان لەنێوان شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بزوتنەوەی سەرمایەداری لەرۆهەڵاتی ناوەراستدا، لینین هەڵەیەکی یەکجار گەورەیی کردوە، کە لەمێژووی خۆیا چەندین هەڵەی کردوە، یەکێ لەوانە، سوپای نارد بۆپۆلۆنیا کەلەخەباتی رزگاریدا بوون، هەڵەی کرد پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دەوڵەتی کەمالیست پەیدا کرد، چەکی دانێ، پارەیی دانێ، ئاسنی دانێ، نەوتی دانێ بزوتنەوەکانی کوردیان لەناوبرد، دوایش لەگەڵ شای ئێران، پەیوەندییەکی ئاسایی هەبوو.

## خۆی سەربەخۆ نەبوو، ئێمەداوای سەربەخۆیمان لێ دەکرد

بەدبەختییەکانی کورد؛ ئەوسەردەمە دەوڵەتانی ئیشتراکی ئیشتراکی نەبوون بەنیسبەت ئێمەوە، ئەمە لەکاتێکدا لەکۆنگرەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کەلەسەردەمی لینین-دا باکۆی پایتەختی ئازربایجاندا دەبەسترێ، هەشت نوێنەری کورد لەکۆنگرەکەدا بەشداری دەکات، وڵاتی چین سێ کەس، کورد هەشت بەشداریی کۆنگرەکە دەکات، داوای مافی کوردیش دەکەن، بەهەزار فەتارەت ئەوکوردانە لە باکوورەوە گەشتبونە باکۆ بۆئەوەی بەشداریی کۆنگرەکە بکەن، شێخ مەحمود شێخ بوو، بنەماڵەکەی دیار، بەڵام چونکە پیاوێکی موتەنەوری سیاسی بوو لەناکۆکیەکانی نێودەوڵەتی و دژایەتی ئەوکاتەیی ئیستعمار تێگەیشتبوو، نامەی بۆ لینین نوسی بوو: کەپشتیوانیم بکە دەوڵەتی کوردستان دروست بکەم، دەبم بەدۆستێکی دڵسۆزی دەوڵەتی ئۆکتۆبەر، لینین هەروەڵامیشی نەدایەوە، تائێستاش یەک بەڵگە نەدۆزراوەتەوە کە وەڵامی دابێتەوە، کەچی وەڵامی مەلیکی ئەفغانی دایەوە، لەسەر مەلیکی ئەفغانیشی بەچاکی نووسی، کە ئەمە گوایە پیاوێکە دژی ئیستعمارە.

ئەو قۆناغانە، جەنگی یەکەم، دووەم، پێش جەنگی یەکەم، لەسەردەمی

جەنگی سارد، چونکە لەوڵاتانی رۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لەوڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا، سەرمایەداری بەنارێک و پێکی لەدایک بوو، بەپاشکۆیی لەدایک بوو، بەزۆری لەرەحمی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم لەدایک بوو، ئەوکاتە ئەم سەرمایەدارییە پاشکۆبووبە خۆی، سواڵی دەسکەوتی لەئیمپریالیزم دەکرد، ئێمەش دەهاتین سواڵمان لە سواڵکەر دەکرد، بەدبەختی ئەمەبوو، بەدبەختی ئەمەیە تۆ سواڵ لەسواڵکەر بکەیت، خۆی دیموکراسی نەبوو، ئێمە داوایی دیموکراسیمان لێ دەکرد، خۆی سەربەخۆ نەبوو، ئێمە داوای سەربەخۆیمان لێ دەکرد، لەبەرئەوەی خۆی لەرزۆک بوو، پاشکۆبوو، هیچ لەدەست نەهاتوو بوو، بەئیفلیجی لەرەحمی ئەوان لەدایک بووبوو، نەیدەتوانی موقاوەمەتی مۆنۆپۆلی سەرمایەداریی جیهانی بکات و دەستکەوتی کەمی بەردەکەوت، بەڵام لەسەر مافەکانمان مقاوەمەتی ئێمەی دەکرد و زۆر دڕندە بوون، چونکە دەسکەوتێکی کەمی هەبوو، بەهەر شێوەیەک بووە دەیانویست بیپارێزن. بۆرجوای لەرەحمی سەرمایەداریی لەدایک بووی رۆژهەڵات، بۆرجوای نیشتمانی نەبوو، خاوەن بنەماو ژێرخانی ئابووریی بەهێز نەبوو، بەشێکی گەورەی (کۆمپرادۆر)، بەکرێگیراوی سەرمایەداریی بوون، لەحەژمەتی خۆیان درندایەتیان بەرامبەر ئێمە دەسەپاند، بەرێکەوت نییە یەکەمین فەوجی پێکهێنراوی سوپای عێراق، بەناوی ئیمام موسای کازم، لەرواندزو سلێمانی شەڕی کردین، یەکەمین یەکەی فرۆکەوانی کە لەعێراق پێکهات، سلێمانی بۆردوومان کرد، یەکەمجار لەرۆژهەڵاتدا چەکی کیمیاویی، لەکوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٢٣ لەرواندز بەکارهات، لەتورکیاش هەروا، لەتورکیا بگەڕێرەوە بۆ سەردەمی کەمالیی، کە پێویستی بەکورد بوو لەئەنەزۆڵەوە دژی یۆنانییەکان و ئینگلیزەکان، بەبەڵێنی فریودەرانە کوردی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، لەیەکەمین ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا پەرلەمانی دروست دەبێت، ئێستاش رۆژنامەی قەدیمی (١٩٢٦- ١٩٢٧) لە تورکیا پەرلەمانی دانراوە، لەسەریی نوسراوە نوێنەرەکانی کوردستان لەئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا، (کورد وەکیلسی)، بەتورکی، بەڵام کاتێک دەوڵەتی کەمالی خۆی گرت، دیسانەوە وەکو عێراق هاتە سەرمان، یەکەمین یەکەی فرۆکەوانی ئەوان کوردستانی بۆردومان کرد، یەکەمین کارەساتی جەرگ بڕ لەمێژووی نەتەوەی کورد، رەنگە کەم کەس بیزانێت، ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە

نییە، ئەمە کۆتایی تراژیدیای مێژوویی ئێمەیە، یەکەمین کارەسات کارەساتی دۆڵی زیلانە، لەیەک ئەشکەوتدا هەشتا هەزار کەسیان کوشتوە، فرۆکەکان لەبەرامبەر ئەشکەوتەکان فڕیونو غازیان تێکردووە، یەکەمین ژنیش کە لەرۆژهەڵاتدا بووەتە فرۆکەوان لەتورکیا، یەکەمینجار بۆردومانی دۆڵیی زیلانی کردووە، سەرجەم مێژوونوسان دەڵێن (٢٠٠)هەزار کەس لەکورد لەدۆڵیی زیلان شەهیدکراوە، واتا: ئەمانە شۆڕشگێرەکانی ئاگریداخ و ئەو دەوروبەرەبوونو شکاون و کشاونەتەوە بۆدۆڵیی زیلان.

زیلان، دووەمین عەشیرەتی باکوری کوردستانە، لەوێ دوو عەشیرەتی گەورە هەیە، یەکێکیان (جەلالییەکانە)، وەکو دەڵێن چوار بۆ پێنج ملیۆن کەس–ن، زیلان دوو ملیۆن کەسن، دۆڵی زیلان دۆڵێکی یەکجار گەورەیە، ئەمەش بەختی ئێمە بوو لەسەردەستی سەرمایەداریی، تورکیا ئەیوت سەربەخۆم، عێراق پاشایەتی بوو، سوریا سەربەفەرەنسا بوو، هەموویان بۆ کورد یەک لەیەک خراپتربوون، لەجەنگی دوەمیشدا خۆتان دەزانن، کۆمارێکمان هەبوو ئەویشیان لەناو برد، لەجەنگی سارد دۆخێکی یەکجار نا لەبار دروست بوو، پێموایە جەنگی سارد سێیەمین جەنگی جیهانە، لەجەنگی یەکەم و جەنگی دووەم زۆر کوشندەترو کارەساتبارتر بوو سەبارەت بەکورد. ئاماری کوژراو، قوربانی، کیمیاباران، دێهات سوتاندن، ناحیەو قەزا خاپورکردنی کوردستان، بێ ئەندازە بوو، هەرگیز لەقەبارەی کارەسات و کاولکارییەوە بەراوردناکرێت لەگەڵ شۆرشی ئەیلول، هەموو ئەمانە کارەساتەکانی سەردەمی جەنگی ساردن، دیارە جەنگی سارد لەدوای کۆنگرەی یاڵتاوە، کە جەنگی جیهانی دووەم تەواو دەبێت بناغەکەی دادەنرێت، بناغەی تەوافقی جەمسەرەکانی ئیشتراکییەکان و سەرمایەدارەکان دادەنرێت، هەروا لەکۆنگرەی تارانیش.

# ڕاچەنینی نەتەوەیی لەکوردستاندا وردە وردە لەخەملیندایە

لەرۆژهەڵاتدا بەدبەخترین نەتەوە، قوربانی بەخشینترین نەتەوە، نەتەوەیی کورد بووە لەجەنگی ساردا، ئەوەی بەسەر هەموو بەشەکانی کوردستاندا هاتووە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا قابیلی باوەڕکردن نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کوردایەتیی هەرما، کورد بەرگری کرد، خۆتان دەزانن لەکوردستانی عێراق، لەکوردستانی ئێران، لەکوردستانی تورکیاش لەساڵی ١٩٨٤، دیسانەوە پەکەکە دەستیکردەوە بەخەباتی چەکداری، کوردستانی سوریا لەبەر رووبەرەکەی، لەبەر ئەوە چەندین حزبیی هەبوو، خۆیان هەڵگرت بۆ هەلێک، ئەوە هەلەکە هاتە پێشەوە خۆتان دەبینن رۆژئاوای کوردستان بەرەو کوێ گەشتوە، ئێستا ئەگەر بێیت جەنگەکانو سیستەمی نوێی جیهان تاوتۆی بکەین، چۆن ئەو قۆناغانە لەگەڵ سیستمی نوێی جیهان بەراورد دەکرێ؟

من؛ لێرە دەمەوێت سەرنجتان بۆئەوە رابکێشم، ئـەوەی پێدەڵێن سیستەمی نوێی جیهان، واتە جیهانی سەرمایەداریو دیموکراسی، دوای تەواوبوونی جەنگی سارد، پێویستی بەسیستەمێکی تر هەبوو بۆ ئەوەی درێژەی بەرژوەندییەکانی دابین بکاتەوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک لەگرنگترین ناوچەکانی جوگرافی و سیاسی، ئەوەی بـەزاراوە پێدەڵێن ژیۆپۆلەتیک، یەکێک لەهەستیارترین ناوچەکانی ژیۆپۆلەتیک، دابینکردنی بەرژوەندییەکانی دەوڵەتانی سەرمایەدارییە، لەدوای جەنگی سارد ئەگەر بەرنامەیەکی ستراتیژیی نوێیان بۆ رۆژهەڵات نەبوایەو بەرە بەرە بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەکانیان نەبوایە، بەپێی ئەو بەرنامەیە، بێگومان هەرگیزاو هەرگیز نەدەکرا دەوڵەتانی سەرمایەدار بیر لەدابینکردنی بەرژوەندییە ستراتیژییەکانیان لەم سەر زەمینەدا بکەنەوە، بۆیە: ئەبینین کاتێک ئەوەی پێیان دەوت کامپیی سۆسیالیست دەروخێت، کاتێک سەرمایەداریی لافی ئەوەی لێدا کە کۆتایی مێژووەو لیبرالیزم سەردەکەوێت، رێک لەوکاتەدا، زۆر پێویستی بەرۆژهەڵاتی ناوەراست بوو، ئیتر وردە وردە لەوساوە ئاوڕدانەوەیەک بۆکورد هەیە، ساڵی ١٩٨٩ کۆنگرەی پاریس بۆمافی کورد دەبەسترێت، ساڵی ١٩٨٩ کۆنگرەی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال بەبۆنەی سەد ساڵ دامەزراندنیەوە دەبەسترێ و چەندین بریاری گرنگ دەربارەی بەمافی

کورد دەدرێت، لەدوایی ئەوە راپەرین بوو، کۆچ دەستی پێکرد، خۆتان دەزانن ورده ورده ناوچەی دیفاکتۆیی ٣٦ و ئینجەرلیک دروستکرا، بڕیاری ٦٨٦ درا، پشتیوانیی کورد لەوساوە تائێستا بەردەوامە.

ئەمە لەخۆوە نەهاتوە، بۆ خاتری چاویی کاڵی کەسمان ئەم بڕیارانە نەدراون، پێش هەمووشتێک بەرژوەندی سەرمایەداری لەجیهاندا پێویستی بەم بڕیارە بوو، لەوساوە تائێستا قۆناغێکی نوێ سەری هەڵداوەو بزوتنەوەی کورد لەپێشکەوتندایە، لەهیچ شوێنێک لەدواکەتندا نییە، هەتا دێت هۆشیاری نەتەوەیی بەهێزدەبێت، ئەحزابی سیاسی بەتەجروبەتر دەبن، پەیوەندی دەوڵەتانی دیموکرات و یەکێتی ئەوروپاو سۆسیال دیموکرات، لەگەڵ هەموو حزبەکانی بەشەکانی تری کوردستان بەهێز دەبێت، بازاڕی کوردستان بەتایبەتی کوردستانی خۆمان لەبوژاندنەوەدایە، ئێستا دەتوانم بڵێم لەکوردستانی خۆمان، لەکوردستانی تورکیاو لەناو تورکیاو ئێرانیش لەپاشەرۆژدا دراسات دێتە پێشەوە، بۆرجوای کوردی، پیشەسازیی کوردی، قابیلیەتی کوردی، بروانامەداری کوردی، هۆشیاری نەتەوەیی کوردی ئەوەی عەرەب پێی دەڵێت (يقظە قومية) راچەنینی نەتەوەیی لەکوردستاندا ورده ورده لەخەملێندایە، کوردستانی عێراق بنەمای بورجوای نیشتمانیشی داناوە، بۆرجوای نیشتمانیش لەناو هەرنەتەوەیەک سەر هەڵبدات، ئەبێتە مایەی وەرگۆڕانی گەورە. یەکێتی سۆڤیەت، چینیش، هەموو ئەوروپای رۆژهەڵاتیش بۆیە تەپین؟ لەبەرئەوەی رەحمی بورجوایی نیشتمانیان لەناو کۆمەڵەکانیاندا دەرهێنا، دەسەڵاتێکی بیرۆکراتی هەبوو، خەڵکی عامەش هەبوو، لەم ناوەڕاستە کێشمەکێش نەمابوو، دڵەراوکێ نەمابوو، ململانێ نەمابوو، بەرژەوەندییە جیاوازەکان نەمابوو، تا وەرگۆڕانی گەورە رووبا، بۆیە تەپین، ئێمەش بۆ نەمان دەتوانیی هەستێکی نەتەوەیی بەهێزتر، تێگەیشتنی ستراتیژی بەهێزتر بۆمەسەلە نەتەوەیەکە بەدیبهێنن، لەبەرئەوەی بازارمان نەبوو، بۆرجوایی نیشتمانی خاوەن بازاڕمان نەبوو، دیارە نەتبێت ناشتوانیت ستراتیژی نەتەوەیی رونتر دابنێیت، هەربۆیە لەرووی بابەتییەوە، لەچلەکانەوە ئۆتۆنۆمی بوە بەستراتیژمان، ئۆتۆنۆمی لەخەباتی گەلانی رۆژهەڵاتدا مافێکی نەزۆکە، جارێ خۆی ئۆتۆنۆمی چوارەمین پلەی مافە. لەناو دەوڵەتی سەرمایەداری دەوڵەتیشدا، هەرگیز نایەتەدی.

# حەقی خۆمانە دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنین

مافەکانی گەلان ئەمانەن ،یەکەم سەربەخۆیی، دووەم کۆنفیدراڵی، سێیەم، فیدراڵ، چوار ئۆتۆنۆمی، پێنجەم، لامەرکەزی، شەشەم، مافی روناکبیریی. ئێمە لەدامەزراندنی حزبی دیموکراتی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە، ستراتیژمان ئۆتۆنۆمی بوو؛ ئەو هەموو ساڵە خەباتمانکرد، وەکو عەرزمکردن سواڵمان لەسواڵکەر دەکرد، دەڵێت دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان، بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بۆ تورکیاو ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان، بۆ سوریاو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دەیباشە ئەو خۆی دیموکراسی نەبێت چۆن دەتوانیت ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنیت؟

واتە ئۆتۆنۆمی بەشێکی دانەبڕاوی سیستەمی دیموکراسییە، ئێ دیموکراسی نەبێت ئۆتۆنۆمییەکەش نابێت، لەم دواییەدا لەشۆڕشدا بۆ پێکەنین تێگەیشتین کە عێراقی بەعس قەت نابێت بەدیموکراسی، برادەرێکمان هەبوو ئێستاش ماوە، پێشمەرگەی ١٩٧٦ بوو، تێکۆشەرێکی پاک بوو، ناوی (هاورێ جەبار)ە، وتی: بابە دروشمەکەمان بگۆڕین، وتمان بیکەین بەچی؟ وتی: ئەیکەین بەفاشیەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان.

رەشبین بووبووین لەوەی کە سیستەمی عێراق ببێتە دیموکراسی، ستراتیژەکە لەبنەچەوە هەڵەبوو نەئەهاتەدی، لەم رۆژهەڵاتە ئۆتۆنۆمی لەسایەی سیستەمی نادیموکراتا مەحاڵە بێتەدی. ئەوقۆناغە وردە وردە کاریگەری لەسەر ناوچەکە گۆڕا، هەر لەسەرەتاوە گۆڕانکارییەکان بۆ رۆژهەڵات گرنگ بوو.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ١٩٨٢دا، لەناو ئەشکەوتی دێی خەتێ ، بارەگامان نەبوو، ئەشکەوتێ بوو، شەڕی ئێران و عێراق لە گردمەندیل و حەسەن بەگ و لەقەندیل لەوپەڕی بوو، بەسەعات بەسەدان تۆپ و فڕوکە بۆردومانی دەکرد، فرۆکەکان بەسەرمانا ئەهاتن و ئەچوو، لەناوئەشکەوتی خەتێ، ئەمە بۆ مێژوو دەیڵێم: وتمان، دەنگەدەنگی تەیارەی ئێران و عێراق، حەقیقەتە مێژووییەکان ناگۆڕێت، مێژوو بەرەو گۆرانکاری گەورە دەروات، بۆیە وازمان لەئۆتۆنۆمی هێنا و هەر لەو

کۆبونەوەیەدا دروشمی مافی چارەیی خۆنوسین بەرزکرایەوە.

ئێمە یەکەمین حزبین ئەو دروشمەمان بەرز کردۆتەوە، مافی ئۆتۆنۆمیمان خستەچاڵە بەفری زەمانە، مافی چارەنوسمان بەرزکردەوە، هەڵبەتە ئێوە لەمانای مافی چارەنووس دەگەن، واتا: حەقی خۆمانە دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنین، بۆمان هەڵکەوتایە داشمان دەمەزراند، بەچ حەقێک ئەو حەقەمان لێ سەندراوە، مەعقولە شاخی رەش (مۆنتینیگرۆ)، بەقەد ناحیەی قەرەداخ نابێت ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆیە، هەموو ئەو دەوڵەتانە لە رۆژهەلاتی ئەوروپا دروست بوو پێشتریش بیریان لێ نەکرابۆوە، من چووم بۆ سلۆڤینیا، سێ ساڵ لەمەوبەر، دەعوەتی رەسمی حکومەتەکە بووم، تازە بووە بەدەوڵەت، لێم پرسین چۆن بوون بەدەوڵەت، وتی: ئێمە ١٣ شەهیدمان داوەو بووین بەدەوڵەت، ١٣-ە ؟!، بەس لەمەفرەزەکەی خۆم یان ئەوانەی من تەنزیمم کـردوون، زیاتر لە٥٠ شەهیدمان داوە، هی واهەیە ١٠ هێندەی من شەهیدی داوە، ئەو هێزەی لەبەردەستیا بووە، هەلومەرج لەوێ لەبار بوو بە١٣ شەهید ئەبیتە دەوڵەت، هەلومەرج لەبارنیە جارێ بە٣٠٠,٠٠٠هەزار شەهید نەبووین بەدەوڵەت، بەداخەوە هێشتا، شیعەی عێراق و سوننەیی عێراق لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ئێستاش، موناقەشەمان لەگەڵ دەکەن، بەشەرتێک لێ یان قەوماوە پەناگایان ئێمە بووین، رایانکردووە بەئێستری ئێمە رایان کردوە، (خۆ ئەوکاتە هیچمان نەبوو، ئێسترمان هەبوو) بارەگایان نەبوە، بارەگامان بۆکردونەتەوە، چەکیان نەبوە چەکمان داونەتێ، لەراپەرین نەیازانیوە چۆن بێنەوە هێناومانننەتەوە، سونەکانیش هەروەها، بۆردومانن بەیەکەوە لەبەغداد پێکەوە حکومەتمان تەشکیل کردوە، ئێستاش لەسەر مادەی ١٤٠ دەبێتە موناقەشەمان لەگەڵیان، هێشتا جێبەجێی ناکەن، جارێکیان لەگەڵ پرۆفیسۆرێکی عەرەب بوو بەموناقەشەم لەسەر مادەی ١٤٠، وتی نابێت جێبەجێبکرێ چونکە کەرکوکەو ئیتر پاساوی بێتامی ئەهێنایەوە، وتم بابە من هیچ چاوەرێ ناکەم ناسیۆنالیستێکی عەرەبی وەکو تۆ، کەرکوک بداتە کوردستان، چونکە تۆ ئێستاش ئەندەلوسی ئیسپانیا بەعەرەب دەزانی، چۆن کەرکوک بە کوردستان دەزانیت، وتم: ئەم عەقڵیەتە شۆڤێنیە تا لەمێشکی ئێوە بێت، نەعێراق و نە ئەم ناوچەیە ئیسراحەت ناکات.

هێشتا ئەم ململانێ و کێشمەکێشانەی لەگەڵ عەقڵییەتی تایفی،

دواکەوتوو درێژتر دەکێشن، ماویەتی جارێ، بەڵام بێگومان یەک حەقیقەت هەیە دەبێت باش باشی بزانن، ئەویش ئەوەیە، ئەوەی لە ئەنقەرە وتم: لێرەش دەیڵێمەوە، هەمووڵاتانی ناوچەکە، حزبەکانی ناوچەکە، شیعەو سوننەو غەیرە ئەوانەش، پاش ماوەکانی بەعسیش باش بزانن، مێژوو هەرگیز بۆ دواوە ناگەرێتەوە، بەنیسبەت کوردەوە، لەمەودوا شانس زیاتر شانسی ئێمەیە، وەکو نەتەوەیی کورد، شانسی باشتریشمان دێتەپێشەوە، دەوڵەتە گەورەکان، کۆمپانیا گەورەکان، ئێستا تێگەیشتوون کوردستان چ کانگایەکی وزەی سەرچاوەکانی سروشتییە، نەوتە، غازە، بازارەی، کوردستان چۆن، پێگەیەکی ستراتیژی هەیە، ئەمە مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە، تازە کۆمپانیا تامی نەوتی کرد، بەدەر لەحکومەتە مەرکەزییەکان تامی کرد، وازی لێناهێنێت، ئێستا ئەتوانین ئەم راستیانەی هەن، ئەم بازاڕەی هەیە، ئەم ئاڵوگۆڕەی هەیە، ئەم سیستمی سەرمایەداریەی بەرەو ئاڵوگۆڕی زیاتر رۆچووە، ئەوەی کەئێستا لەسایەیدا دەژین، ئەمانە کە لێکدەدەیتەوە دەگەیتە چ ئەنجامێک، دەگەیتە ئەنجامێک کە، بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو کوردایەتی، خەریکە ئۆرگانەکانی خۆی ئۆرگانیزەدەکات، بنەماکانی خۆی بەشێوەیەکی هاوچەرخ دادەرێژێت، ئەوەی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی لەسەدەی ١٧ هەم و ١٨ هەم، توانی بەدیبهێنێت، ناسیۆنالیزمی کوردی دەتوانێت، پێش ئەوەی چارەکی یەکەمی هەزارەی سێهەم تەواو دەبێت، ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێتە خاوەن بازاری خۆی، سەرمایەی کەڵەکەبووی خۆیی، بانقی خۆی، پیشەسازی خۆیی، کلتوری نەتەوەیی یەکگرتوی خۆیی، زمانی یەکگرتوویی خۆیی، سەرەنجام بەدڵنیاییەوە هەلومەرج دێتە پێشەوە ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەم ناوەڕۆکی کوردایەتی هاوچەرخی بزوتنەوەی ئێستای ناسیۆنالیستی کوردییە، ئەم ناوەڕۆکی نەتەوەیی کوردە، ناوەڕۆکێکی تازەیە، کلاسیکی نییە، ناوەڕۆکێک نییە، وەکو قۆناغەکانی رابردوو کورد پاشکۆی عەرەبی پاشکۆ بین، پاشکۆی تورکی پاشکۆبین، پاشکۆی فارسی پاشکۆبین، نەخێر ناوەڕۆکە نوێکەی خەباتی نەتەوایەتی ئێستا جیایە لەو سەردەمانەی پێشوو. ناوەڕۆکی ئابوری خەڵاتی تایبەتی کوردایەتی ئەم قۆناغەیە. نەتەوەکانی تر ئاقاری مێژوویی خۆیان گرتوە، چی بەدی دێنن، چی بەدی ناهێنن ئەمە ئەرک و پرسی خۆیانە، ئێمە ئاقاری مێژوویی خۆمان

گرتوە، ئەوەی ئەرکی مێژوویی، پرۆسەی مێژوویی، خەملاندنی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیە بەرەو بەدیهێنانی دوا ئامانجەکانی خۆی لەوردودرشت، ئێمە کەوتوینەتە سەر شارێبازی مێژووی بزوتنەوەی مێژووکردی رزگاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بزوتنەوەی دیموکراسی ناسیۆنالیزمی کوردی، لەهاوکێشە، جیهانی، ئیقلیمی، عێراقی، ئێرانی، تورکی، کوردستانی، کوردی کوردی، کوردی فارسی، کوردی تورکی، کوردی عەرەبی، لەم هاوکێشانەدا جارێکی تر بەبێ کورد، هیچ نەتەوەیەک لەرۆژهەڵاتدا، سەبارەت بە ناوچەکە هیچ سیستەمێک لەرۆژهەڵاتدا، بەبێ کورد ناتوانێت بڕیار بدات.

## باش تێدەگەین کە بەدیار گۆدۆوە دانەنیشتوین

تازە مێژوو هەڵچوو، تازە گۆڕانکارییەکان هەڵچوونو گەیشتنە قۆناغێک، تورک ئێستا پێش عەرەب و فارس باشتر لەم گۆڕانکاریە سیاسییە وردبۆتەوە، قسەکەشم بەوەسف تێمەگەن، بەتەحلیل تێبگەن، چونکە سەرمایەداری ئێستا لەتورکیا بەهێزە، باش تێدەگەن کە ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکەن، تورکیا ناتوانێت شوێنی شیاوی خۆی لەیەکێتی ئەوروپاو بازاری ئەوروپاو دنیای ئەوروپا بەدیبهێنێت، ناتوانێت، تورک ئێستا لەمە تێگەشتوە، بەداخەوە عەرەب جارێ لەمە نەگەشتوە سەرەرای ئەوەی ئێمە فیدراڵمان هەیە، حەزدەکەم بزانن فیدراڵمان پێنەدراوە، فیدراڵمان سەپاندوە.

فیدراڵ ئەنجامی هاوسەنگی هێزە لەنێوان هێزی کوردستانی، شیعە، سونە، واتە هاوسەنگی هێز دروستی کردووە، فیدراڵ پێش ئەوەی مەرکەز موافەقەی لەسەربکات، دوای رووخان رامان نەگەیاندووە، ئەم هاوسەنگی هێزە لقێکی پەیوەندی هەیە بەسیاسیەتی جیهانیەوە، لقێکی بەسیاسیەتی ئیقلیمیەوە، لقێکی پەیوەندی بەئابوری، پێشمەرگە، قانون، پەرلەمان، حکومەت، بەیەکێتی و پارتی، بەهەموو حزبەکانی کوردستانەوە هەیە، ئەم هاوسەنگییە راگیراوە، ماڵی کورد ئێستا رێکخراوە، ئەو هاوسەنگییە کەپارێزراوە باشە، نابێت تێک بچێت خراپە، بەڵام من خوێندنەوەم وایە، هێشتا بزوتنەوەی سیاسی، عەرەبی، بزوتنەوەیەکی دیموکراتی فراوان نییە لەعێراقدا، هێشتا ماویەتی بەداخەوە، لەئێرانیش هەروایە، سوریا

ئۆپۆزسیۆن ئێستا ڕۆژانـە ١٥٠ تا ٢٠٠ شەهید دەدات، بەڵام لێدوان ئـەدەن، هێشتا لێدوانەکەیان لەمافی کولتوری و لامەرکەزی بۆ کورد تێنەپەڕیوە، ئەمە مەترسی کاریگەری پاشماوەی عەقڵیەتی دواکەوتووی ناسیۆنالیزمی بەعسیە، بەعس ٥٠ بۆ ٦٠ ساڵ عەقڵی ئەم وڵاتانەی ترسناک و خراپ پەروەردە کردوە، مەترسی بەعس لەوێدا نەبوو حکومەتی هەبوو، مەترسی بەعس لەوێدایە عەقڵی خەڵکی مەسخ کرد، دایشۆریوە، کاریگەری و ئاسەواری کاریگەریەکانی لەعێراق مـاوە، ئەگەر مەسخ نەبێت، حکومەتێکی فاشی وەکو سەدام، ئەشێ تائێستا خەڵک خۆی بۆ بتەقێنێتەوە، مەسخی،عەقڵە، ئەخلاقە، فکرە، ئینتیمایە، کەبەعس دروستی کردوە، مەترسیدارترین شت ئەوەیە بەعس عەقڵی تێکدا، نەک ماڵو حاڵ و جادەو ڕێگاوبان و نەوت، ئەمە هەمووی چاک دەبێتەوە، ئەوەتا ئێمە لەکوردستان، هەموو ئەوانەمان بەزیادەوە چاککردەوە، بەڵام هێشتا پاشماوەی عەقڵی بەعسی، مەسخی بەعسی، عەقڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەبەشێکی کوردستان ماوە، بەتایبەتی‌لەناوچە کێشە لەسەرەکاندا، لەعێراقی عەرەبی زۆرترماوە، بیری زاڵی ناسیۆنالیستی عەرەب تا ئێستا وایە، بەڵام نائومێد نابین، بنچینەیەکی زانستی سیاسی هەیە کەدەڵێت: لەگەشەکردنی ئایندەوە سەیری ڕووداوەکان بکرێ، ئێمەش لەگەشەکردنی ئایندەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەین، خێرایی گۆرانکارییەکانی دنیاش دەبینین، خێرایی گۆرانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەبینین، کاریگەرییەکانی سەرمایەداری، جیهانگیریی، برینی هەموو سنورەکان، ئەمانە کەهەموو دەبینین، باش باش تێدەگەین کە بەدیار گۆدۆوە دانەنیشتوین، ١٠٠ ساڵی تریشی ناوێت ٥٠ تریشی ناوێت، ٣٠ تریشی ناوێت، عەرەب و فارس و ئەوانیش بیانەوێت و نەیانەوێت ئەبێت بێنەسەر شارێبازی دیموکراسی، خێراتریش دێنەسەر شارێبازی دیموکراسی، ئەگینا گۆڕانکارییەکان سەری هەموویان دەخوات،چەقین لە عەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست، بیری دۆگم، بیری بەستەڵەکی قەومی، تایفی و ئایدۆلۆژی دواکەوتوو تازە ناتوانێت، وەکو سەدەی ڕابردوو ٥٠ ساڵ و ٦٠, ٧٠ ساڵ تەمەنی هەبێ زۆر زوو لەم سەردەمەی جیهانگیریـدا ئەم بەستەڵەکە دەتوێتەوە، بەدڵنیاییەوە گۆرانکاری قوڵ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەیە.

# وەرگرتنەوەی قەرزی مێژوو!

ئەمجارەیان ئێمەی کورد دەوری فەرەنسیەکانی رۆژئـاوا دەبینین، پیلانەکان تەواو بوون، ئەوەی کوشتیان درێخیان نەکرد، ئەوەی وێرانیانکرد درێخییان نەکرد، بەڵام ئێمە، وەک گەنم وابووین، ئێمەیان خستە ناو ئاشی پیلانەکانیان، دەسەڵاتەکانی ئەم سێنەتەوەیە، ئەمانە لە١٥٠ساڵی رابردوودا ئێمەیان وەکو گەنم لەئاشی خۆیاندا هاڕی، هاڕی، لەئەنجامدا کە هاتینەدەرەوە، سپی و گەش هاتوینەتەدەرەوە.

من، دڵنیام هەڤاڵان، ئامادەبوان بۆم تۆماربکەن، دڵنییام، لە ٢٥ ساڵی ئایندە کورد دەگاتە ئاستێک نەک ئومێدی ئایندەی زۆرتر بەدیبهێنێت، بەڵکو قەرزەکانی مێژووش لەداگیرکەرانی کوردستان وەردەگرێتەوە، دادگایی مێژووی هەر دادگایی مێژوییە، لێت دەپرسێت: کارەساتی زیلانت بۆکرد، سلێمانیت بۆ بۆردومانکرد، هەڵەبجەو رهواندزت بۆ بۆردوومانی کیمیایی کرد، کۆماری مەهابادت بۆ روخان؟

کێیە میراتگریی ئەوکارەساتانەی بەسەر ئێمەی هێنا، دەبێت قوربانیەکان قەرەبووی بکەنەوە ئێستا ئەفەریقاییەکان بیر لەوەدەکەنەوە قەرەبووی ملیۆنەها قوربانی ئەفریقی بکەنەوە، کە ئەمریکاو ڕۆژئاوا لە ئەفەریقا بردویانن وەک کۆیلە لە ئەنجامدا ملیۆنەهایان لەدەریا خنکاندون، ئێستا ئەفەریقا بیر لەقەرەبویان دەکاتەوە، بزانن دوای ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ ساڵ هۆشی نەتەوەیی دەگاتە ئاستێک قوربانیانی ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەریش دەبێت قەرەبوو بکرێنەوە، من دڵنیام لەکوردستانیش وامان لێدێت.

ئامادەبووان، کۆتایی قسەکانم بەوەدێنم، کە نابێت ئیتر هەڵسوکەوت لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوەیی خۆمان، وەکو هەڵسوکەوتی رابردوو بکەین، دەبێت ئازاتربین، لەپێناوی ئازادی، زاتی قسەکردن و گوتاری تازەمان هەبێت، زاتـی شکاندنی رچەشکاندنمان هەبێت، لەوەنەترسین کە قسەیەکمانکرد دنیا لێمان دەوروژێت، نەخێر، سیفەتێک لەسیفەتەکانی ئێستای دنیای جیهانگیری ئەوەیە گوتاری ئاشکرا، لەمیدیاکانا قسەکردن، دەربڕینی هەڵوێست، دەبێت بە بەشێک لە چارەسەر، نابێت بەبەشێک لە کێشە، بەپێچەوانەوە پەنگ خواردنی فکر، سیاسەت، بیروڕاو رەخنەکان کێشەکان زیاد دەکات، بیرو بۆچوون دەربڕە دەبێت بەشێک لەچارەسەری

کێشەکان، با لەسەرەتاوە سەرئێشەشت بۆدروست بکات، بەڵام دەربببرە، ئەو دەربرینە با لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکاندا کارلێک بکات، سەرەنجامی کارلێکەکە، ئەنجامی مەنتقی و بابەتی لێدەردەچێت، ئێستا خەباتی نەتەوەی ئێمە دەبێت وابێت، نابێت خۆپارێزانە بێت.

هیوادارین ئەم قۆناغە، ئەم گۆرانکاری و ئەرکە نوێیانە، هەمووی بەقوڵی بخوێنینەوە، ناڵیم بەتوندڕەوانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، هەنگاو بەهەنگاو قۆناغەکانی رابردووی کوردایەتی جێبهێڵین، بەرەو ئەو بزوتنەوە بابەتییەو گۆرانکاریە بابەتییە برۆین کە بزوتنەوەی نەتەوەکەمان، خۆی بەرەو ئەوە دەروات ئیتر حزبی سیاسی تێدەگات، تێی ناگات، سیاسەت مەدارێک، نوسەرێک، تێی دەگات یا تێی ناگات، یاری بەبەلاش بەم قسەیەو بەو قسەیە ئەکەن، ئەوە هیچ مانایەکی تیا نییە، من پێویستم بەپاساو بۆهیچ کەس نییە.

ئەمرۆ رۆژنامەیەکم خوێندەوە دەڵێت: مەلا بەختیار، وەڵامی جەنابی کاک مەسعودی داوەتەوە، باوەڕبکەن من کە ئەو گوتارەم خوێندۆتەوە کەسم لە بیر نەبوە، جگە لە کورد نەبێت، وەڵامی کەسم نەداوەتەوە، کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمە، چۆتە کۆنگرەی حزبی دادو گەشەپێدان، سیاسەتی هەرێم و قەناعەتی خۆی وای خواستوە بەو جۆرە قسەبکات، من، مەلا بەختیارم، بەرپرسم لەحزبێک، فکری حزبێک، ئیلتیزاماتی دیبلۆماسیم بەقەد ئەو نییە، ئاوا قسەدەکەم، ئامادەنەبووم بچم لەوێ بەپینەو پەرۆ قسەبکەم، نەدەچووم بۆکۆنگرەی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال لەکیپتاون، ئەگەر سوور نەبومایە لەسەر مافی چارەی خۆنوسینی هەموو بەشەکانی کوردستان، ئێمە وەکو یەکێتی مافی سیاسی رۆژئاوای کوردستانیشمان لەبەلاغی کۆتای سۆسیال ئینتەرناسیۆنال لە باشوری ئەفەریقا چەسپاندووە، لەبەر ئەوە تەفسیراتی لابەلا تەفسیراتێکە راست نییە، راستییەکەی ئەوەیە بزوتنەوەی گەلەکەمان، سەرمایەداری گەلەکەمان، خەباتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، نەتەوەیی، نیشتمانی و دیموکراسی گەلەکەمان، پێشدەکەوێت، ئێمەنابێت دوابکەوین، نابێت پاشکۆبین کە پاشکۆبین بەجێدەمێنیت، کەجێش مایت پەیامە مێژوییەکەت توشی شکست دەبێت.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥، لەسەر رەگی کۆمەڵەی رەنجدەران دامەزراوین، لەسەر رەگی بیروباوەڕ دامەزراوین، ئێمە یەکێتین

ناتوانین ببین بەپاشکۆی رووداو، نابین، خەیاڵە، هەبێ وابیربکاتەوە ئەگەر هەلومەرج هەڵبکەوێ ئەتوانێت پێش یەکێتی بکەوێت لەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش ئەوە هەرگیز نابێت.

سوپاس بۆ ماندووبونتان، سوپاس بۆهاتنتان، من جارێکی تر، ئەمەوێت لێرە، سوپاسی هەمووتان بکەم.

بەهەزاران نامەم بۆ هاتوە، بەهەزاران بەبێ موجامەلە، لەسەر ئەو گوتارە، من، تێگەشتم کەناخی نەتەوەکەمان، کەناخێکی یەکجار پاکە، نەوەی نوێی نەتەوەکەمان چەند دڵسۆزی کوردایەتیە، سوپاسی هەموو ئەوانەدەکەم لەقاعەکە زۆرتر لـەدەرەوە وەستاون پەرۆشی ئەوە بوون گوێ لە ئێمە بگرن، باوەڕ بکەن چەندین لەو نامەنەی کەفریا کەوتبم بیخوێنمەوە، قورگم پڕبوە لەگریان ئەوەندە نامەی جوانیان نوسیوە، ئەوەندە بەحەماسەوە نوسیویانە، ئەوەندە تەقدیری قسەکانی ئێمەیان کردو دەی بەویژدانتان نەوەی ئێستای میللەتەکەمان ئەوخەڵکە ئاوا بەجوانی نامە بنوسن، ئەمە هی ئەوەنیە رەچەی بۆبشکێنی، هی ئەوەنییە واز لە موحافزکاری بهێنیت، هی ئەوەنییە، وتاری وەکو ئەنقەرەو ئەستەنبوڵ و تاران و بەغدا و دیمەشقی بۆبدەی؟.

# «مام جەلال،
# مام جەلالە،
# نابێت بەهاوڕێی هەموو
# کەسێک»

## دەقی دیداری هەڤاڵ مەلا بەختیار
## لە شەوی (١-٢/٥/٢٠١٣) لەگەڵ کەناڵی کوردسات

**دەقی گفتوگۆی هەڤاڵ مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەکۆبەندی هەواڵەکانی کەناڵی کوردسات، کە شـەوی (١-٢/٥/٢٠١٣)و بەمەبەستی گفتوگۆ و شرۆڤەکردن لەسەر ئـەو نامەیەی بەڕێز ئۆجەلان، لە (زیندانی ئیمرالی)یەوە، بۆ سەرۆک مام جەلال-ی ناردبوو، میوانداری–ی بەڕێزیانی کردبوو.**

## کاریگەرییەکانی حیکمەتی مام جەلال

***بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرەڕای خراپی بارودۆخی لەزیندانداو و مانەوەی زیاتر لە (١٤)ساڵ لەزیندانی تاکە کەسیدا، بەڵام بەپەرۆشەوە هەواڵی تەندروستی مام جەلال دەپرسێت، بۆچوونی جەنابتان چییە لەسەر ئەم هەڵوێستە؟**

-ناردنی ئەم پەیامە، بۆ جەنابی مام جەلال لەلایەن بەڕێز ئۆجەلان-ەوە، بێگومان بایەخێکی مێژوویی لەم هەلومەرجەدا هەیە.

هەلومەرجەکەش ئەوەیە، کە دانوستان لەنێوان جەنابی ئۆجەلان و تورکیا، لەبەرزترین دەسەڵاتی باڵاوە، دەستیپێکردووە. ناردنی پەیامێکی ئاوا لەم کاتەدا، کە دەوڵەتی تورکیاش پێیدەزانێت، بەڵگەی ئەوەیە کە بەڕێز ئۆجەلان، باش باش وردەکاری هەوڵەکانی جەنابی مام جەلال لەم پرۆسەیەدا، لەنوکەوە تائێستا شارەزایە. هەروەها دەشزانێت ئایندەی ئەم پرۆسەیە چەند پێویستی بەکاریگەرییەکانی حیکمەتی مام جەلال، لەم جۆرە گفتوگۆیانەدا هەیە، کە یەکێکە لەشارەزاترین کەسەکان، لەگفتوگۆکان لەسەر کێشەی کورد و لەسەر مافە دیموکراسییەکانی کورد.

لەبەر ئەوە، باوەڕموایە، ناردنی ئەم نامەیە، راستەوخۆ لەجەنابی ئۆجەلانەوە بۆ بەڕێز مام جەلال، ئیتر قسەیەک ناهێڵێتەوە کە یەکەم، گفتوگۆکە گرنگە سەبارەت بە بەڕێز ئۆجەلان و دەوڵەتی تورکیا، دووەمیش؛ پێشینەی ئەم گفتوگۆیە، هەمووی بەستراوەتەوە بەوهەوڵانەی کە جەنابی مام جەلال، بۆ یەکەمینجار لەلایەن سەرۆک کۆماری پێشووتری تورکیا، خوالێخۆشبوو تورگۆت ئۆزال-ەوە راسپێردرابوو، بۆ ئەو مەبەستەش لەدیمەشق و لەبوقاع، چاوی بەجەنابی ئۆجەلان کەوت و لەهەوڵەکانیشی گەیشتە یەکەم ئاگربەست لەنێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا.

لەبەرئەوە ئەم پەیامە دەتوانم بڵێم، وەفایەک بوو لەلایەن بەڕێز ئۆجەلانەوە لەم هەلومەرجەدا، بەرامبەر بەهەموو ئەو هەوڵانەی کە جەنابی مام جەلال داونی، یان لەبەرچاوگرتن و رێزلێنانێکی مێژوویی بوو، بۆ ئەو هەوڵانەی کە جەنابی مام جەلال داونی، لەنامەکەشدا ئومێدی تەندروستی باشتر بۆ مام جەلال دەخوازێت، کە بگەڕێتەوە و درێژە بدات بەو گفتوگۆیەو چەند جارێک ئەم قسەیەی کردووەو بیستوومە.

## بەنهێنی مام جەلال دەبینێت

***دەبینین ئێستا تورکیا گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ٢٠ساڵ لەمەوبەر، سەرۆک مام جەلال، لەبارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی پرسی کوردەوە هەیبووەو هەوڵی بۆ داوە، ئەمە نیشانەی ئەو دووربینی و قوڵبوونەوەیەی سەرۆک مام جەلال نییە، لەسیاسەتدا؟**

-بەڵی، جەنابی مام جـەلال، لەهەموو بەشەکانی کوردستان، ئەم دووربینییەی هەبووە، یەکەمین کەس کە گفتوگۆی لەنێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران دروستکرد، جەنابی مام جەلال بوو. یەکەمین کەس، کە لەگەڵ سەرۆک کۆماری پێشووی سوریا، خوالێخۆشبوو حافز ئەسەد، لەسەر مافی کورد قسەی کردبوو، هەر جەنابی مام جەلال بوو، هەروەها لەگەڵ سەرۆکی ئێستای سوریا قسەی کردبوو، کە چاکسازی بخەنە ناو بارودۆخی کـوردەوەو خراپیشە ئەگەر کارێکی وانەکەن، کە تەنانەت سەرۆکی ئێستای سوریا، لەئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی کە سەرۆک مام جەلال کردبووی بۆ زمانی کوردی و شوناس پێبەخشین بەکورد، پرۆژەیەکی ئامادەکردبوو، بەڵام بەداخەوە رووداوەکان بوونە هۆی ئەوەی کە پێشکەش نەکرێت.

لەکوردستانی عیراقیشدا، لەبنەڕەتدا ئەندازیاری گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا، لەساڵی (١٩٦٣)ەوە، کە سەرۆکی وەفدی دانوستاندن بووە، هەر جەنابی مام جەلال بووە.

لەباکوری کوردستانیش، رۆڵی جەنابی مام جەلال دیارە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تورگوت ئۆزال.

لێرەدا دەبێت چ بینەرو چ خوێنەریش دیقەتێکی باشتر بدەن لەوەی کە، مام جەلال سکرتێری حزبە، دەچێت بۆ تورکیا، لەو سەردەمەشدا لەتورکیا، قەدەغەیە باسی کورد و کوردستان بکرێت، قەدەغەیە باسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بکرێت. مام جەلال، لەساڵی (١٩٩١، ١٩٩٢، ١٩٩٣)ەوە بە بەردەوامی دەچێت بۆ تورکیا و سەردانی ئەو وڵاتە دەکات، لەسەردانەکانیدا بەئاشکرا نا، بەڵکو بەنهێنی لەگەڵ سەرۆک کۆمار کە خوالێخشبوو تۆرگۆت ئۆزال-ە، لەبەرئەوەی مام جەلال-ە، دەیبینێو گوێی لێدەگرێت لەبەرئەوەی مام جەلال-ە.

لەو دانیشتانەشدا، مام جەلال بەتەنها باسی عیراق ناکات، بەڵکو دەڵێت کە دەبێت نەک پشتیوانی مەسەلەی کورد لەکوردستانی عیراقدا بکەن، بەڵکو دەبێت مەسەلەی کورد لەتورکیاش چارەسەر بکەن. تۆ بگەڕێرەوە بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر، کە قەدەغەیە هەر بڵێت کورد هەیە لەتورکیا! بەڵام مام جەلال دێت باوەڕ بەسەرۆک کۆمار دەهێنێت، کە کورد هەیەو دەبێت لەگەڵ نوێنەری کوردیش کە ئۆجەلان و پەکەکەیە، گفتوگۆ بکەیت. گرنگی و کاریگەری بابەتەکەش لێرەدایە، نەک لەوەی کە ئێستا کێشەکە دەرکەوتووەو تورکیا رازییەوەو زمانی کوردی ئازادە، گۆرانی کوردی ئازادەو تەلەفزیۆن و ئێزگەی کورد و رۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنی کورد هەیە، بێگومان (٢٠)ساڵ لەمەوبەر ئەمانە هیچی نەبووە، کورد، تورکی شاخاوی بووە، سەرۆک کۆماری تورکیا، لەلایەن سکرتێری حزبێکی کوردستانییەوە، باوەڕی پێدەهێنرێت، کە دەبێت گفتوگۆ دەستپێکبرێت.

ئـەوەی ئێستاش درێـژکـراوەی رابــردووە، ئەمەش ئەو سیاسەتە دووربینییە کە مام جەلال، لەپایتەختی کۆماری تورکیا، نەمامەکەی چاند، وردە وردەش نەمامەکە هەڵچوو، تاوایلێهات نەمامەکە بەجوانی پێگەیشت.

## دەستکاریکردنی دەستورو مافی کورد

***سەرەڕای مەترسییەکانی ئەگەری شکست پێهێنانی پرۆسە ئاشتییەکە، گەلی تورکو کورد لەتورکیا، بەهیوایەکی زۆرەوە لەم پرۆسەیە دەڕوانن، بەرێزتان تاچەند گەشبینن، بەسەرکەوتنی هەوڵەکانی چارەسەکردنی دۆزی کورد لەتورکیا؟**

*ئەگەر دەوڵەتی تورکیا و پەکەکە، بەدابڕاوی لەرووداوەکان سەیر بکەین، ئەو رەشبینییەی تۆ لەجێگەی خۆیەتی! هەروەها نیگەرانی و مەترسی خەڵکی ئێمە لەجێگەی خۆیەتی!. بەڵام ئەگەر ئەم گفتوگۆیە ببەستیت بەڕووداوەکانی رۆژهـەڵات، بەئاڵوگۆڕەکان، بە بەرژەوەندییە ستراتیجیو پێگەی تورکیا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەر تورکیا لەم دنیایەو لەگەڵ ئەوروپا، لەم دنیایە لەڕۆژهەڵاتدا، لەوشکانیدا، لەدەریاو لەئاسمان، لەباری ئابورییەوە، لەباری وزەوە، لەباری ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئێستا روو لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، هەروەها ناکۆکییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەموو ئەمانە

لەبەرچاو بگرین، ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە تورکیا، بەم ئاستە ئابوورییەی هەتا ئێستا بەدیهێناوە، بەشێکی زۆری ئاستەنگە ئابوورییەکانی، لەسەر دەستی حکومەتی ئاک پارتی و بەڕێز ئەردۆگان چارەسەر کردووە. هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگریت، بەڵام ئەمە کۆتایی پرۆسەی گۆڕانکاری کەی تورکیا نییە، چونکە تورکیا زۆر زیرەکە لەوەی گۆڕانکارییەکانی ئاییندە ئێجگار زۆرترن لەئێستاو ئەگەر تورکیاش باش خۆی بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادە نەکات، کاریگەریی گۆڕانکارییەکان و فشاری گۆڕانکارییەکانی ئاییندە، بەشێوەیەک دەبێت لەسەر تورکیا، کە ڕەنگە ئەوەشی بەدیهێناوە لەدەستی بدات. دیارە بۆ ئەوەی ئەمەش لەدەست نەدات و بۆ ئەوەی باشتریش بەدەستبهێنێت لەئاییندەدا، تورکیا پێویستی بەوەیە کێشەکانی ناو تورکیا چارەسەر بکات، کێشەکانی ناو تورکیاش؛ دەستکاریکردنی دەستورو مافی کورد لەپێش هەموو شتێکەوەیە. چونکە ئەگەر وانەکات نە لەیەکێتیی ئەورووپا قبوڵدەکرێت، نەلێکەوتەکانی گۆڕانکارییەکانی ئاییندەش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە دێتە پێشەوە، تورکیا دەتوانێت سوودیان لێ ببینێت. تەنانەت بەدووری مەزانە کە ئەمجارە لەقەیرانی شەپۆلەکانی گۆڕانکارییەکان رزگاری بووە، ئەگەر نەتوانێت لەقەیران و تەنگوچەڵەمەکانی ئاییندەش خۆی رزگار بکات، بەدووری مەزانە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان، تورکیا رووبەڕووی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی و وروژانێکی ناوخۆیی ببێتەوە!، چونکە تۆ نەتوانی ئێستا کێشەیەکی قوڵ چارەسەر بکەیت، ناشتوانیت دەستەبەری ئەوە بکەیت لەئاییندەدا، دووچاری کێشەی زۆر لەوە قوڵتر نابیتەوە.

بۆیە لەم روانگەیەوە، کە من سەیری دەکەن، ئومێدم هەیە ئەم گفتوگۆیە بگاتە ئەنجام، چونکە ئەگەر نەگاتە ئەنجام، بەبڕوای من، لەپێشوو زیاتر زیانی بۆ تورکیا دەبێت. لەمەوبەر چەندە زیانی پێگەیشتووە، بەهۆی چارەسەرنەکردنی کێشەکە، لەمەودوا ئەگەر چارەسەری نەکات، فشارەکە تەنها نابێت بەفشارێکی ناوخۆیی، بەڵکو فشارێکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش لەسەر تورکیا هەیە، ئێستا ئەڵمانیا، ئەورووپاو یەکێتیی ئەورووپا، لەناو هاوکێشەکەو چاودێری دانوستانەکەن. لەکاتێکدا یەکێتی ئەورووپا پەکەکەی لەلیستی تیرۆریست دەرکرد، ئەمریکاو ئۆباما پیرۆزباییان لێکرد، ئەگەر تورکیا ئەمە لەبەرچاو نەگرێت و لەپڕ پرۆسەکە بپسێنیت و

وابزانێت، بەتەکتیتک، هەندێ ئامانجی تەکتیتکی و سەربازی و ئاسایشت بەدەستهێناوە، بەبێ ئەوەی رێککەوتنی سیاسی بەدیبهێنێت، ئەگەر گریمان بۆ ماوەیەکی کەم ئامانجە تەکتییەکان بەدەستبهێنیت، بەڵام لەدوا ئەنجامدا، لەبەردەم ئەو هەموو ئاڵوگۆڕە، لەبەردەم ئەو هەموو ئومێدەی بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەڵچنراوە، ئەگەر چارەسەر نەکرێت، تورکیا بیر لەوە ناکاتەوە، بەچارەسەرنەکردن، کێشەکانی ناوخۆیی، فشارەکانی دەرەکی و گۆڕانکارییەکانی کە دێتە پێشەوە، ئەگەر تورکیا ئامادە نەبێت، باشتر لەکەموکوڕییەکانی تێبگات، دەبێت تورکیا بیری لەوە کردبێتەوە، کە هەموو ئەمانە بەزیان بۆ تورکیا دەشکێتەوە، ئەگەر رێککەوتنی سیاسی و مافە دیموکراسییەکان جێبەجێ نەکات.

## حکومەتی ئاک پارتی، حکومەتێکی زاڵە

***بەڕێز مەلا بەختیار، کەمتر لەهەفتەیەکی ماوە، بۆ دەستپێکردنی قۆناغی کشانەوەی هێزەکانی پەکەکە لەتورکیا، ئەمە مەترسی هەیە لەوەی هەندێک لایەن، کە بەرژەوەندیان لەم ئاشتییەدا نییە، لەڕێگەی هەندێک کاری ئاژاوەگێڕییەوە، ئاستەنگ بۆ ئەم هەنگاوە دروست بکەن؟ رای بەڕێزتان لەسەر ئەمە چییە؟**

-دوور نییە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە تورکیا دەناسین و سەردانی تورکیامان کردووە، مەقاماتی باڵامان بینیوە، لەجەنابی سەرۆک کۆمارەوە بۆ جەنابی سەرۆک وەزیران، بۆ دامودەزگاکان، بۆ وەزارەتی دەرەوەو ئەوەندەی چاودێری سیاسەتی تورکیا دەکەین، کە بەوردیش چاودێری دەکەین، ئێجگار لاشمان گرنگە، چی تێگەیشتنیشمان بۆ سیاسەتی تورکیا هەبێت، لەو بڕوایەداین، کە حکومەتی ئاک پارتی و ئەو متمانە بەرفراوانەی لەناو خەڵکدا هەیەتی، ئەو کۆنترۆڵەی کەتوانیوێتی سوپا، بەشێوەیەک لەشێوەکان باشتر لەهەموو سەرۆک وەزیرەکان و لەهەموو حکومەتەکانی پێش خۆیی، باشتر کۆنترۆڵکراوە، هەم دامودەزگا ئەمنییەکانی کۆنترۆڵکردووە، هەندێک ئاڵوگۆڕی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی بەدیهێناوە. ئەگەرچی جاران ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، زۆربەی سوپا و میت بوون، بەڵام ئێستا زۆربەی سوپا و میت نییە، بەپێچەوانەوە ئێستا زۆربەی دەسەڵاتی مەدەنی لەئەنجومەنی ئاسایشی

نەتەوەیی هەیە، بەپێی ئەم چاودێریکردنەی ئێمە بۆ سیاسەتی ناوخۆی توركیا، حكومەتی ئاک پارتی، حكومەتێكی زاڵەو جومگە سەرەكییەكانی دەوڵەتی توركیای بەدەستەوەیە، بڕیارسازیش لەلایەن ئاک پارتیو لەلایەن جەنابی ئەردۆگانەوەیە، لەبەرئەوە باوەڕناكەم ئەوانەی بیانەوێت لەئاوی لێڵدا ماسی راوبكەن، تەنها گۆمی تەنک تەنكیان بۆ ماوەتەوە، چونكە گۆمە قوڵەكانی ماسی راوكردنیان لەبەردەمدا نەماوە وەک رابردوو!. ئەمە بەپێچەوانەی رابـردووەوە، چونكە جاران چۆنیان بویستایە دەیانتوانی هەموو پرۆسەیەک تێكبدەن. هەروەک چۆن لەسەردەمی خوالێخۆشبوو توركوت ئۆزال، زۆر دەرفەت هاتە پێشەوە تێكیاندا، بەڵام ئەمجارە ئاسان نییە تێكبچێت، ئەمە یەک. دووەم خاڵ كە لەمە گرنگترە لەلام، ئەویش ئەوەیە كە توركیا وەک عیراق نییە، وەک سوریا نییە!. ئێمە لەساڵی (١٩٨٤) لەگەڵ عیراقدا گفتوگۆمان هەبوو، زۆری نەمابوو بگەینە ئەنجام، بەڵام لەكتوپڕێكدا هاتنەوەو وتیان ناتوانین رێككەوتنەكەتان لەگەڵدا ئیمزا بكەین! بۆ خۆم دانیشتبووم، كە جەنابی مام جەلال لە (عیزەت دووری) پرسی «بۆ پەشیمان بوونەوە؟!»، وتی»هەندێک گفتوگۆمان ماوە!»، بەڵام مام پێیوتنەوە «نەخێر، توركیا نەیهێشتووە! توركیا ناهێڵێت ئێوە رێككەوتن بكەن، چونكە ئێوە لەتوركیا دەترسن». لەبەر ئەمە توركیا عیراق نییە، توركیا لەهیچ كام لەو وڵاتانەی دەوربەر لەژێر فشاردا نییە، بەپێچەوانەوە توركیا دەتوانێت سەرپشک بێت و رێككەوتنامەی سیاسیش ئەنجام بدات.

## دووجار شكاتمان لەجەهەپە كردووە

***دەكرێت لەداهاتوودا، كورد و پارتی دادو گەشەپێدان، بتوانن لەڕووی سیاسییەوە، سودی زیاتر لەم نزیكبوونەوەیەی ئێستایان وەربگرن؟ بەتایبەتی لەبەرامبەر جەهەپەو مەهەپەدا؟**

-بەڵێ.. بەڵێ دەتوانن. چونكە پارتی دادو گەشەپێدان، لەگەڵ جەهەپە نێوانی زۆر خراپە، لەبەرئەوە جەهەپە بەو سیاسەتە نادیموكراتییەی هەیەتی بەرامبەر بەكێشەی كورد، تەنانەت وەک یەكێتیی نیشتمانیی لەسەر ئەوە لەسۆسیالیست ئینتەرناسیونال بەڕەسمی شكاتمان لێكردوون. لەكۆنگرەی (كیپ تاون) لەئەفریقا و لەدوا كۆبوونەوەی رێكخراوەكەش

(سۆسیالیست ئینتەرناسیونال) کە لەبرۆکسل بەڕێوەچوو، دیسانەوە شکاتمان لێکردنەوە، کە ئەم حزبە تەنانەت ئامادەنییە دان بەزمانی کوردا بنێت، ئیتر چۆن دەبێت ئەندامی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال بێت! هەروا لەدوا کۆبوونەوەی بەڕێز (لویس ئەیالا)ش کە هات بۆ کوردستان و سلێمانی، جارێکی تر ئاماژەمان بەوە کردەوە کە نابێت لەجەهەپە قبوڵ بکرێت، کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم بەدیهێنانی مافە دیموکراسییەکانی کورد، چونکە چۆن دەبێت حزبێک ئەندامی هەمیشەیی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال بێت و سەرۆکەکەشی جێگری سەرۆکی رێکخراوەکە بێت، کەچی رێگر دەبێت لەبەردەم بەدیهێنانی مافە دیموکراتییەکان..!. بەڵام لەم رووەوە ئاک پارتی دڵنیابووە کە بەقسەی جەهەپە نەکات و نەچێتە فشارییەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆر ناکۆکن، دەنگەکانی جەهەپەش لەناو رای گشتی تورکیا ئەوەندە نییە، کە ئاک پارتی لێی بترسێت. هەروەها نوێنەرەکانیشیان لەناو پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا، هەر ئەوەندە نییە کەلێی بترسین. لەبەرئەمانە مەزندەم وایە، کە ئاک پارتی ئەوەندی هیوا لەسەر ئەوە هەڵدەچنێت، کە کورد و ئاک پارتی، لێپرسراوێتی مێژوویی بونیادنانی تەواوی تورکیاو بەدیهێنانی مافە دیموکراتییەکان و چارەسەری کێشەکان پێکەوە لەئەستۆ بگرن، ئاک پارتی هیوا لەسەر جەهەپە هەڵناچنێت و هیچ ئومێدێکی بەجەهەپە نییە، بۆ لەئەستۆگرتنی لێپرسراوێتی هاوبەش.

باش تێگەیشتوون کە مام جەلال کێیە؟

***لەدوا پرسیاردا، دەمەوێت سود لەم دەرفەتە وەربگرم و باسی دوورکەوتنەوەی کاتی سەرۆک مام جەلال و دۆخی عیراق بکەین، وێڕای ئەوەی کە سەرۆک مام جەلال دوورکەوتۆتەوە لەگۆڕەپانی سیاسی، بەڵام تێبینی دەکرێت بەپرۆژە چارەسەرییەکانی، بیرکردنەوەکانی، رۆڵی لەعیراق و ناوچەکەشدا هەر بەردەوامە؟ بۆنموونە لەکێشەیەکی گەورەی وەک ناکۆکی لەسەر سنوری ئیداری پارێزگاکانی عیراق پەنا دەبرێتەبەر پرۆژەکەی سەرۆک مام جەلال، لەتورکیا و باکوری کوردستانیش، وەک باسمان کرد تائێستاش هەر سوود لەبیرکردنەوەو سیاسەتەکانی سەرۆک مام جەلال وەردەگیرێت، رای بەڕێزتان لەو بارەیەوە؟**

-لەقسەیەکی هەڤاڵ و دۆستێکی خۆمەوە دەستپێدەکەم، ناوی ناهێنم،

بەڵام یەکێک بوو لەو کەسانەی رەخنەی زۆری لەمام جەلال هەبوو، لەساڵنی رابردوودا، لەکوردستان و لەعیراقیشدا، لەناو یەکێتیی، ئەگەرچی ئەو هەڤاڵە ئێستا لەناو یەکێتیدا نییە، مانگێک لەمەوبەر بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردم، وتی»کاک مەلا بەختیار، نازانم چی بکەم بۆ ئەوەی ئەو هەڵە راست بکەمەوە کە بەرامبەر بە مام جەلال هەمبوو، بەڕاستی دەرکەوت کە بەبێ مام جەلال نە لەعیراقدا دەتوانین هیچ بکەین، نە لەکوردستاندا دەتوانین هیچ بکەین، نەهیچ کێشەیەک چارەسەر دەکرێت. بۆیە ئێستا نازانم چی بکەم، بۆ ئەوەی ئەو هەڵانەی خۆم راست بکەمەوە؟!».

ئەمە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر دڵسۆزە، سەرسەختیشە لەرەخنەگرتن لە مام جەلال و لەسیاستەکانیشی، ئەمە بڕوایەتی! بۆیە باوەڕموایە، بەشی زۆری ئەوانەی هەڵوێستی سلبیان بەرامبەر بەسیاسەتەکانی مام جەلال هەبووە، ئێستا لەناخی خۆیاندا، باش باش تێگەیشتوون کە مام جەلال کێیە؟!

بۆیە من لەوەڵامی پرسیارەکەتدا تەنها ئەوەندە دەڵێم کە «مام جەلال، مام جەلالە، نابێت بەهاوڕێی هەموو کەسێک».

# «رۆژگار سەلماندی، پەکەکە هێزێکی ئازادیخوازی هەڵقوڵاوی پێویستییە مێژووییەکانی نەتەوەی کوردە

**دەقی وتاری هەڤاڵ مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی، لەکۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە)، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٠ لەبرۆکسلی پایتەختی بەلجیکا .**

**ئامادەبووانی بەڕێز..**
**بەڕێوەبەرانی چواردەمین کۆنگرەی نەتەوەیی...**
**میوانە ئازیزەکان...**
**نوێنەری حزبەکان...**

خۆشحاڵین بەنوێنەرایەتی جەنابی مام جەلال، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەخزمەتتانداین، لەم کۆنگرەیەدا، کە لەهەلومەرجێکی هەستیارو چارەنوسساز بەڕێوەدەچێت.

ئومێدەوارین، کۆنگرەکە بەدیقەت لەسەر رووداوەکان، دیاردەکان، دەرکەوتەکان، هەلومەرجەکە، فشارەکان، پیلانەکان بوەستێت، سەرەنجام بەلێکدانەوەیەکی بابەتی، ئەوەی پێویستە کۆسپەکانی بەردەم لێکتێگەیشتنی کوردایەتی لاببرێت و ئاسۆیەکی روونتر، بەرەو رزگاریی و بەدیهێنانی ستراتیجی دیموکراسی، لەهەموو بەشەکانی کوردستان، بەدیبهێنێت.

**ئامادەبووان...**

ئێمە لەئەنقەرە، هەمووتان بیستتان، وتمان (دەبینی ئەی رەقیب، چۆن ماوە قەومی کورد زمان)، لەوێ گرنگ بوو وابڵێین، (دەبینی ئەی رەقیب، چۆن ماوە قەومی کورد زمان، خۆ زانیت نایشکێنێت دانەری تۆپی زەمان).

ئێستاش دەڵێین (دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن، دوا سەرکەوتنی تۆیەو دوانوچی گەلە دوژمن، شەوی ترسانت سامی نەماوە، تاریک و روونە، بەئاسۆی ئەرخەوانیدا هەتاو لەودیو کەلە دوژمن)، ئەمە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، ساڵی (١٩٤٥) بۆ فاشست و نازییەکانی دنیا وتوێتی، پێشبینییەکەشی هاتەدی، دوا تیری خۆیان لەساڵی (١٩٤٥)دا هاویشت، رووخان و هەتاهەتایە رسوابوون.

ئێستاش هەلومەرج لەرۆژهەڵات، لەناوچەکە، لەبەشەکانی کوردستان، لەناو چوار وڵاتی داگیرو دابەشکراوی کوردستاندا، هەلومەرج وایە، کە باوەڕموایە، دوا تیری خۆیان دەهاون. تیری زۆرییان هاویشت سوودی نەبوو، لەهەمانەی ئەواندا تیر نەما، تیری فاشستی، تیری داگیرکەری، تیری زەوتکردنی مافە دیموکراسییەکان، تیری ئەنفال، تیری کیمیاباران، تیری تەعریب، تیری تەهجیر، تیری تەفریس، تیری تەتریک، هیچ شتێک نەما نەیهاون! بەڵام نەتەوەکەی ئێمە، هەروەکو گەنمی ئەسمەر وابوو،

تاهاڕپییان، هاڕپیان، بەڵام کەهاتە دەرەوە، سپی ترو گەشتر و جوانتر هاتە دەرەوە.

ئێستاش دەبینین، ئەوە باشوری کوردستان، بەمافی چارەنووس و فیدراڵ بۆ ئەم هەلومەرجە شاد بووە، ئەوەش باکوری کوردستان، گفتوگۆیەکی مێژوویی لەنێوان کۆماری تورکیاو پەکەکە و جەنابی ئۆجەلان هەیە، ئەمە سەرکەوتنێکی سیاسی ئێجگار گەورەیە. لەرۆژئاوای کوردستان-یش، شۆڤێنییەکانی سوریا هەرچییەکەیان کرد، بەپشتێنەی سەوز، بەفاشییەت، بەسەرکوتکردن، بەکوشتن، بەبڕین، بەدەرکردن، بەتەعریب، هەموو شتێکیان کرد، دەنگی ئازادیخوازی ئەو بەشەی کوردستان کپ بکەنەوە، بەڵام لەیەکەمین هەلدا کە هەڵکەوت، هەموو نەخشەکانی داگیرکەران، پوچەڵ بۆوەو سەرەنجام ئێستا دەبینین کە رۆژئاوای کوردستان، بوژاندنەوەیەکی کوردایەتی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. نەدەوڵەت دەتوانێت کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت، نەهێزە سەلەفییە کۆنەپەرستەکان دەتوانن، وەک چۆن تەراتین دەکەن لەناوچەکانی ترو دەیانەوێت خەباتی دیموکراسی بەتاڵ بکەنەوە، بەوشێوەیە دەتوانن لەناوچە عەرەبنشینەکاندا، تاوان بەناوی راپەڕینەوە ئەنجام بدەن، کە خەریکە رووەگەی راپەڕینەکە دەگۆڕن و دەبنە مایەی ئەوەی گەورەترین سەرکەوتن بەسەر بەشار ئەسەد لەبار ببرێت! بەڵام خۆشبەختانە لەڕۆژئاوای کوردستاندا، هێزەکانی کوردایەتی ئەوێ، هێزەکانی پێشمەرگەی ئەوێ، توانیویانە بەشی زۆری کوردستان کۆنترۆڵ بکەنو لەسەری کانی کە ویستیان بێنە پێشەوە، سەرکوتیان بکەن، دەستیان خۆشبێ پێشمەرگەکانی سەری کانی.

ئەگەر سەری کانی بگیرایە، ناوچەکانی تریش دەکەوتنە مەترسییەوە، بەدبەختی کوردیش لەوەدایە، ئەمجارەش لەرۆژئاوای کوردستانو لەرۆژهەڵاتدا، لەکاتێکدا راپەڕینی گەلانی رۆژهەڵات بەرپادەبێت، کە ئەوە هەڵەیە پێیدەڵێن راپەڕینی بەهاری عەرەبی، هێزە دژە دیموکراتەکان، بەشێوەیەکی کاتی بەهێزترن لەهێزە دیموکراتە راستەقینەکان، ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، کە دەبێت لێپرسراوێتی هەڵبگرین و بەرنامەمان هەبێت بۆی، بە بەدیلێکی ستراتیجی هێزەکانی کوردایەتی لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان، لەگەڵ هەموو هێزە دیموکراتیخوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باش باش بیری لێبکەینەوە، ئەوەندی دەتوانین، نەهێڵین ئەم

هێزە دژە دیموکراتیانە، ئەم هەلومەرجە لەبارە مێژووییە، کە لەسەد ساڵی رابردوودا هەڵنەکەوتووە، نەهێڵین جارێکی تر ئەمانە خەباتی ئازادی، خەباتی دیموکراسی، خەباتی مەدەنی، خەباتی یەکسانی ژن و پیاو، لەباربەرن و بەمینتالیتیەتی، بەعەقڵییەتی، بەستراتیجیەتی سەلەفیەتی خۆیان، جارێکی تر بەعەقڵییەتی تەسک، بەعەقڵییەتی سەرکوت کردن، ئەم هەلە لەباربەرن، کە هەلێکی مێژووییەو نابێت لەباربرێت. ئەگەر ئەمانە دەتوانن لەناوچەکانی خۆیاندا، لەناوچەکانی عەرەبنشیندا بەحوکمی ئەو کەلەپورە گەورەیەی کە ئیسلام و سەلەفییەکان هەیانە، ئەگەر دەتوانن متمانەی رای گشتی بەلای خۆیاندا رابکێشن، بۆ ئەم بیرە سەلەفییە مەترسیدارە، ئەوا لەناو پارچەکانی کوردستاندا، نابێت بەهچ شێوەیەک ئەو رێگەیە بتوانێت، رێگە بەرێگە مێژووییەکانی کوردایەتی، رێگە مێژووییەکانی دیموکراتی لێژبکات، بەپێچەوانەوە دەبێت هێزەکانی کوردایەتی، یەکگرتوو، بەهێزێکی ئەوتۆ بێینە مەیدان، کە هەلەکە لەرۆژهەڵاتدا نابێت لەدەست بدەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت پەرە بەهەلی دیموکراسی بدەین.

ئامادەبووان...

ئێمە؛ تەنیا گیرۆدەی ئەوەنین لەوڵاتانی دەوروبەرمان، چوار داگیر هەیەو هەبووەو هێشتا مـاون، ئێمە گیرۆدەی کەلەپورێکی سیاسی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی خراپیشین، ئێمە گیرۆدەی پێکهاتەی ناسیونالیستی دواکەوتوشین لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناسیونالیزمی عەرەبی، ناسیونالیزمی تورکی، ناسیونالیزمی فارسی لەم وڵاتانەی کە ئێمە حوکم دەکەن، ئەمانە ناسیونالیزمی مۆدێرن نین، ناسیونالیزمی کراوەنین، ناسیونالیزمی دیموکرات نین، ناسیونالیزمی زادەی لەدایکبووی شۆڕشی پیشەسازیی و رۆشنگەریی‌و رێنیسانس و چاکسازی دینی نین، ئەمانە ناسیونالیزمی دواکەوتوون، کە لەسەر بنەمایەکی لاوازی پیشەسازی، تێکەڵ بەدین و مەزهەب، کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کردووەو دەیانەوێت بەزۆری زۆرداری عەقڵییەتی دواکەوتوویی خۆیان (ناسیونالیزمی تورکی، عەرەبی، فارسی)، کە بەدرێژایی مێژوو سەپاندووە، بەبێ ئەوەی لانیکەمی ئازادییەکان دابین بکەن، بەبێ ئەوەی لانیکەمی پێویستییەکانی رزگاریی و مافی چارەنووسی گەلانی وەکو ئێمە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دابین بکەن.

ئەم ناسیونالیزمە دواکەوتووە، لەسەد ساڵی رابـردوودا، جارێکیان

بەکرێگیراویان بۆ ئیمپرالیزم و جارێکیشان پەنابردنیان بۆ دین، سوننی و ئینجا شیعە، بەئارەزووی خۆیان تەراتێنیان بەڕۆژهەڵات و تەراتێنیان بەوڵاتانی ئێمە کردووە.

دواکەوتن لەبیری ناسیونالیستیدا، کاتێک کە دێتە سەر دەسەڵات مەترسییەکی ئێجگار گەورەیە، هەمیشە دواکەوتن، تێکەڵ بەمەزهەب، تێکەڵ بەدین، تێکەڵ بەدەسەڵات و وابەستەبوون بەسیستمەکانی سەردەم، هەمیشە ئەمانە، عەقڵی دڕندایەتی و شۆڤێنی و جارجاریش عەقڵییەتی فاشستیان لەمێژوودا بەرهەمهێناوە.

هەربۆیە دەبینین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشوو نادات، گەشە ناکات، دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانی ژێر زەوی لەڕۆژهەڵاتدایە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژهەڵات بەراورد بکە بەوڵاتانی تر لەخزمەتگوزاری، لەئازادی، لەمافی ژن، لـەپـەروەردە، لەتەندروستی، لەئاوی خواردنەوە، لەپیشەسازی، لەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، لەهونەر، لەتەکنیک، لـەوەرزش، لەهەموو شتێکی ژیان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە خاوەن دەوڵەمەندترین سامانی ژیانن، لەگەڵ ئەوەشدا لەوڵاتە هەرە دواکەوتووەکانی ژیانن. (٢٥) وڵات لەدنیادا ئاوی خواردنەوەی باشی نییە، لەو ژمارەیەش شانزە وڵاتیان لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

ئێستا هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەدا حەوت کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا لەئەفریقا لەسەدا دوانزە تێپەڕیوە. هەژاری، بێکاری، بێ سنور تەنگی بەخەڵک هەڵچنیوە، ئازادی نیشتەجێبوون، ئازادی نامە گۆڕینەوە، ئازادی تەلەفۆن کردن لەم وڵاتانەدا نییە، کە ئەمەش سادەترین جۆری ئازادییەکانی ژیانی خەڵکە.

ئێمەی نەتەوەی کورد لەهەرچوار پارچەکەی کوردستان، گیرۆدەی ئەو کەلتورە دواکەوتوەین، گیرۆدەی ئەو دەسەڵاتە دواکەوتووەین، گیرۆدەی ئەم جۆرە پێکهاتە ناسیونالیستە دواکـەوتـووەو گیرۆدەی ئەو جۆرە دەسەڵات و یاسا دواکەوتووەین، کە ئەم ناسیونالیستانە بەدیانهێناوە لەسەد ساڵی رابردوودا.

خۆشبەختانە، ئەم ڕاپەڕینانە لەکاتێکدا مەترسییەکانیمان باسکرد، کە هێزە دژە دیموکراتییەکان، لەمیسر، لەتونس، لەسوریا خەریکە زاڵدەبن، بەڵام دوای دوو ساڵ لەحوکمڕانی دەرکەوت، کە ئەمانە ناتوانن حوکمڕانی

دیموکراسی ئەم وڵاتانە بکەن، بەدووساڵ، بۆ بەدووساڵ؟! لەبەرئەوەی سەردەمەکە یارمەتیان نادات، جارێکی تر سی ساڵ و چل ساڵ، بەم عەقڵییەتە دواکەوتووە، بەم پرۆژە دواکەوتووە، سەرکەوتن بەدەستبهێنن و درێژە بەحوکمڕانی خۆیان بدەن. بۆیە ئێستا لەدوا راپرسیدا لەمیسر، لەسەدا بیست ئامادەن دەنگ بە محەمەد مورسی بدەن، ئێستا هەڵبژاردنی ئازاد لەتونس، لەیەمەن، لەمەغریب بکرێت دەدۆڕێن، هەڵبژاردن لەلیبیا کرا دۆڕان، هەروەها ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد لەهەر لایەک بکەن ئەم هێزانە، کە هێزی نادیموکراتن دەدۆڕێن. کەوابێ ئەمانە راستە لەلایەکەوە زیانیان هەیە، لەلایەکی ترەوە خۆشبەختانە، ئێمە کەوتوینەتە سەردەمێکەوە، کەوتوینەتە رۆژگارێکەوە، کە رۆژگـاری گلوبال- جیهانگیرییە، لەم رۆژگارەدا، بەبێگومان شۆڕشی زانیاریی‌و خێرایی بەدیهێنانی پێویستییەکان وادەکات هۆشیاری تاک، هۆشیاری چین، هۆشیاری کۆمەڵ، هۆشیاری نەتەوەو نیشتمان بەخێرایی دەچێتە پێشەوەو بەزوترین کات تێگەیشتن لەدەسەڵاتی نادیموکراتی، دەچێتە ناو رای گشتی‌و رای گشتیش دەتوانێت زوو هەڵوێست لەهێزی نادیموکرات وەربگرێت.

بۆیە دەبینین هەڵوێست وەرگرتن لەهێزە نادیموکراتەکان، خێرایی بەخۆیەوە دیوەو ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زووتر، زۆر زووتر لەئەوروپا کە سەدو پەنجا ساڵی خایاند تا دیموکراسیان بەدیهێنا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەردەمی جیهانگیریدا، دەتوانێت دیموکراتی زووتر بەدیبهێنێت.

ئەم سەردەمە، کە سەردەمی خێرایی تێگەیشتنە لەهێزە نادیموکراتەکان، زوو هەڵوێست وەرگرتنە لەهێزە دژە دیموکراتییەکان، ئەم سەردەمە زۆر لەسودی خەباتی نەتەوەیی رزگاریی دیموکراتی گەلانی وەک ئێمەیە، کە سەرەنجام وەک نەتەوەی کورد لەچەند ساڵنی ئاییندەدا، دەتوانین سودێکی زۆر لەهەلومەرجی جیهانی وەربگرین، بۆ ئەوەی بتوانین ئامانجە ستراتیجییەکانمان بەدیبهێنین.

ئێستاش ئەوەی کەوتوینەتە سەر رێ، لەباکور، لەرۆژئاوا، لەباشوریش ئەو دەسەڵاتە فیدراڵییەمان هەیە، بەبێگومان ئەمەش سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورەیەو بەرەو پێشەوە دەڕوات. بۆ بەرەو پێشەوە دەڕوات؟!

یەکەم؛ بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێمە، هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی

یەکەم. دووەمیش؛ حکومەتەکان هەرگیز ناتوانن، وەک سەد ساڵی رابردوو جارێکی تر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەپیلانەکانی نێوان خۆیان، بەبەرژەوەندییە تەسکەکانی نێوان خۆیان، نەک ناتوانن ئیدارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە بکەن، بەڵکو ئیدارەی وڵاتانی ناوخۆشیان پێناکرێت، بۆیە ئێستا دەوڵەتێکی وەک تورکیا، کارێکی ئێجگار باشی کردووە، پێش ئەوەی قەیرانەکانی قوڵببنەوەو بتەقنەوە، لەکورد-ەوە دەستپێدەکات، دەیانەوێت دەستور بگۆڕنو چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی دەکات، کە وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پڕ بەدڵ ئومێدەوارین ئەو گفتوگۆیە لەتورکیا بگاتە رێکەوتنی سیاسی، بگاتە گۆڕینی دەستورو بگاتە ئەوەی کە پەرلەمانی تورکیا دوا بڕیار بدات. بێگومان ئەمەش لەبەرژەوەندی گەلانی تورکیا دەبێت، لەبەرژەوەندی کورد و تورک و عەلەوی و ئەرمەنی و چەرکەس و گەلانی ترەوە دەبێت، بەپێچەوانەشەوە، تراجیدیاکانی سەد ساڵی رابردوو روودەداتەوە!.

ئۆپۆزسیۆنی سوریاش، بوغرا نەبن بەوەی کە ئۆپۆزسیۆنن و پشتیوانییەکی جیهانیان هەیە، تەنها رێگە چارەیەک لەبەردەمیاندا، ئەوەیە کە مافی دیموکراسی گەلانی سوریا دابین بکەنو مافی چارەنوسی کوردیش لەرۆژئاوای کوردستان دابین بکەن. بێگومان ئێرانو رۆژهەڵاتی کوردستانیش، ناکرێت هەتاهەتایە بەوشێویە بمێنێتەوە، ئەو وڵاتەو رۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبێت بەمافی چارەنووسی خۆی بگات، ناکرێت سێ بەشی نەتەوەی کورد بگات بەمافی چارەنووسی خۆی، بەڵام بەشێکی نەتەوەکە بمێنێتەوە بەبێئەوەی مافە دیموکراسییەکانی دابین بکرێت.

ئێمە کاتێک ئاوڕ لەو مێژووە دەدەینەوە، بەشبەحاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شانازی پێوەدەکەین، کە بەشێکین لەو خەباتە رزگاریی و دیموکراسییە، خۆشمان بەوە دەزانین کە هەمیشە پشتیوانی خەباتی رزگارییو دیموکراسی بەشەکانی کوردستان بووین، خۆشحاڵیشین کە دەستمان لەخوێنی هیچ تێکۆشەرێکی بەشەکانی کوردستان تێکەڵاو نییەو هێزی پشتیوان لەرۆژهەڵاتی کوردستان، شوناسی کوردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. ئەمەش تاکتیک نەبووە سەبارەت بەیەکێتیی، بەڵکو ئەم ستراتیجە، پرنسیپە و نایگۆڕین، هەتا نەتەوەکەمان، بەمافی چارەنووسی خۆی دەگات.

ئێوەش، ئەی هەڤاڵن، ئەی دۆستان، ئەی ئەندامانی کۆنگرە..

لەهەلومەرجی ئێستا، کە لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، هەلومەرجێکی سەراپا جیاوازە، لەچواردە ساڵ لەمەوبەر. چواردەساڵ لەمەوبەر باشووری کوردستان شەڕی ناوخۆ بوو، چواردەساڵ لەمەوبەر لەرۆژئاوای کوردستان، کەس پێشبینی نەدەکرد، کە راپەڕینێکی گەورەی ئاوا، بتوانێت هاوکێشە سیاسییەکان بگۆڕێت. چواردەساڵ لەمەوبەر خۆتان دەزانن، کە جەنابی ئۆجەلان، پەکەکە پیلانێکی گەورەیان لەسەر بوو، خەباتی مەدەنی و دیموکراتی لەباکوری کوردستان پیلانێکی گەورەیان لەسەر بوو، دواتر هەر بەو پیلانە، بەڕێز ئۆجەلان-یان خستە زیندانەوەو جەنەڕاڵە شۆڤێنییەکانی تورکیا، باوەڕیان وابوو، دەتوانن پەکەکە بەئارەزووی خۆیان بهاڕن، بەڵام سەرەنجام رۆژگار سەلماندی، کە پەکەکە هێزێکی ئازادیخوازی هەڵقوڵاوی پێویستییە مێژووییەکانی نەتەوەی کوردە، هی گەلی باکوری کوردستانەو سەرەنجام پەکەکە خۆی ڕاگرت، بەڕێز ئۆجەلان بەسەربەرزی لەزیندان مایەوە، بزووتنەوەی مەدەنی لەئەستەنبوڵ و لەئەنقەرە، لەهەموو شارەکانی باکوری کوردستان، هەتادێت پەرەدەسەنێتو ئێستا کورد لەلایەکەوە لەسەرشەقامەکان بەخەباتی مەدەنی، خەبات دەکات. لەلایەکی ترەوە لەپەرلەمان زیاتر لەپەنجا نوێنەر، نوێنەرایەتی دەکات، لەولاشەوە پەکەکە، بەڕێز ئۆجەلان دەتوانێت هاوکێشەکان بەشێوەیەک بگۆڕێت، لەزینداندا گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت، بۆئەوەی مافە سیاسیو دیموکراتییەکانی کورد بەدیبهێنێت.

ئەم ئاڵوگۆڕە لەهاوکێشەکان، لەدۆخی سیاسی، لەهەلومەرجی سیاسی، دەیسەلمێنێت کە هەلومەرجێکی لەبارە بۆ ئێوەو بۆ هەموو لایەکمان، هیوادارین ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتووبێت، بەهەڵسەنگاندنی بەخەباتی چواردە ساڵی لەمەوبەرتانو بەداڕشتنی بەرنامەیەکی تازە. بێگومان ئێستاش هەموومان کە لەسەروبەندی ئەوەین کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ببەستین، دووساڵ زیاترە قسە لەسەر کۆنگرەی نەتەوەییو کۆنگرەی هاوکاریی دیموکراسی لەنێوان بەشەکانی کوردستان دەکەین، دڵنیام ئەم گفتوگۆیە لەباکوری کوردستان، دوو هەنگاوی تر باش بچێتە پێشەوەو رۆژئاوای کوردستانیش بتوانێت توانای خۆی بچەسپێنێتو وا لەئۆپۆزسیۆن بکات، مل کەچ بکات لەئاستی خواستە دیموکراتییەکانی گەلەکەمان

لەرۆژئاوای کوردستان، بەدڵنیاییەوە کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت لەپایتەختی کوردستان لەهەولێر، سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێتو ببێت بەچەترێکی فراوانتر، بۆ هەموو هێزەکانی کوردایەتی، لەپێناو مافی چارەی خۆنوسینی گەلەکەمان.

**سڵاوتان لێبێت...**

سڵاو لەهەموو شەهیدانی کوردستان، لەهەموو بەشەکانی کوردستان، سڵاو لەهەموو ئەو تێکۆشەرانەی لەهەر سەنگەرێک بن، لەسەنگەری رۆژئاوا بن، لەسەنگەری باکور بن، لەسەنگەری رۆژهەڵات بن، لەسەنگەری کەرکوک و خانەقین و شەنگال و هەموو ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان بن، لەپێناو کوردستانی ئازاد، لەپێناو کوردستانی رزگار، لەپێناو کوردستانێک کە دیموکراسی راستەقینە بەدیبهێنێت، ئۆپۆزسیۆنیش بتوانێت بەوپەڕی سەربەستی، ئەرکەکانی خۆی رابپەڕێنێت.

سوپاس بۆ ئێوەش هەڤاڵنی سەرپەرشتیاری کۆنگرەکە، کە لێتانگێڕاینەوە ئامادەبین، باوەڕموایە کە ئامادەبوونیشمان پشتیوانییەکی روون و رۆشنە بۆ کۆنگرەکەتان، بۆ خەباتتان لەپێناو ئازادی و دیموکراسی.

زۆر سوپاس

هەڤاڵ مەلا بەختیار بۆ
جەنابی سەرۆك کۆماری تورکیا:

# خۆشحاڵم، کە لەدروستبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، هەتا ئەم کاتەی ئێستا، کە لەکۆشکی کۆماری دانیشتووین، یەکەمجارە، کۆی قسەکانمان لەسەر کورد و کوردستانە

# دیداری نێردراوی ستێرک TV وکەناڵەکانی راگەیاندنی PKK لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)

***قۆناغێکی نوێ لەباکوری کوردستان دەستیپێکردوە، قۆناغی ئاشتی و دیالۆگ، جەنابیشتان چەند جارێک، لەبۆنەو رووداوی جیاوازدا، راو سەرنجی خۆتان نیشانداوە، بەتایبەت لەکۆنگرەی (بەدەپە)دا، ئایا وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، قۆناغی ئێستا چۆن دەبینن؟ ئایا پەیامی ئۆجەلان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

-، بەتایبەت کە لەساڵی (١٩٩٥)ەوە، چاوپێکەوتنم لەگەڵ کەناڵەکانی ئێوەدا نەکردوە، کە ئەمەش پەیوەندی بەهەلومەرجەکەو کەم سەفەری منەوە بۆ دەرەوەی وڵات هەبووە، بۆیە لێرەوە داوای لێبوردن لەهەموو بینەرانی کەناڵەکانتان دەکەم.

بێگومان هەلومەرجێکی سەراپا نوێ، ئەمساڵ کوردستانی باکوری گرتوەتەوە، ئەم هەلومەرجە نوێیە، گرنگترین خاڵی لەوێدا دەخوێنمەوە، کە دەوڵەتی تورکیا، بەڕێزان سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران، حکومەتی تورکیا، دامودەزگا تایبەتییەکانی تورکیا، لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی دورودرێـژ، لەدوای ئەوەی بەنهێنی، ساڵەهایە جارجار گفتوگۆ لەنێوان پەکەکەو دەوڵەت لەدەرەوەی وڵات هەبووە، ئێستا قۆناغەکە وا گەشەی کردوە و گۆڕانگارییەکان وا چوونەتە پێشەوە، بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی تورکیا وا دەخوازێت، کە دەوڵەت راستەوخۆ لەگەڵ جەنابی ئۆجەلان لەزیندانی ئیمرالی گفتوگۆ بکات.

ئەمە خۆی لەخۆیدا، دانپێدانانێکی رەسمییە بـەوەی ئەم بەڕێزە لەزیندانیشدا، سەرکردەی بزوتنەوەی کوردە لەباکوری کوردستان و بەبێ ئەو کێشەکە چارەسەر ناکرێت، بەبێ پەکەکە کێشەکان چارەسەر نابن.

من؛ مەسەلەکە وا دەبینم، کە بەرژوەندی تورکیا ئێستا لەگەڵ بەدیهێنانی مافە دیموکراسییەکانی باکوری کوردستان یەکانگیر بووە، ئەمەش خاڵێکی ئێجگار گرنگە.

ئەگەر تورکیا، لەم گۆڕانکارییانەی لەرۆژهەڵاتدا هەیە، تورکیا و پێگەی تورکیا لەرۆژهەڵاتدا، لەوشکانی، لەدەریا، لەپەیوەندی لەگەڵ رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتدا، لەگەڵ رۆژئاوای دنیادا، ئەم پەیوەندییە ستراتیجیی و ئابورییەی تورکیا، ئەگەر فشاری بۆ تورکیا، بۆ ئێستاو ئایندەی ئەو وڵاتە نەبردایە، ئاسان نەبوو ئەم ساڵ ئەم رووداوە سیاسییە گەورەیە ببینین.

دەبێت ئێمەش وای بخوێنینەوە، کە تورکیا خوێندنەوەیەکی هەیە،

خوێندنەوەکەش لەبەرژوەندی خۆیی و ئایندەی رووداوەکاندا دەخوێنێتەوەو دەزانێت ئەگەر ئەو بەرژەوەندییە لایەنی کەمی بێتەدی، مەحاڵە بتوانێت دەستەبەری بەرژوەندییەکانی بکات لەگۆڕانکارییەکاندا، هەروا ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکات و دەستور هەموار نەکاتەوە، دژوارە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بێنێتەدی. ئەمەش بۆخۆی مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە.

هەروەها جەنابی ئۆجەلان، کە لەزینداندا ئەو نامەیەی بۆ نەورۆزی (ئاماد) نوسی، دەوڵەت مەزندەی نەدەکرد، خەڵک، میللەت، بۆ نامەیەک، بۆ نەورۆزێک، بۆ رووداوێک، ملیۆن و نیوێک زیاتر مرۆڤی ئازادیخوازی کورد، بەو پەڕی شکۆمەندییەوە، کۆببنەوەو نەورۆزێکی ملیۆن و نیوی بکەن، بەبێ ئەوەی کەسێک خوێن لە لوتی بێت. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە نەتەوەکەی ئێمە ئاشتیخوازە، مەدەنیخوازەو داوای مافە دیموکراسییەکانی دەکات. بۆ نمونە لەئەوروپا پێنج سەد کەس کۆدەبێتەوە، جۆرەها کێشەی لێدەکەوێتەوە.

نامەکەی ئۆجەلان پڕ بوو لەهەستی لێپرسراوێتی، دیپلۆماسییەت، پێداگیری لەسەر دیموکراسی، راکێشانی سۆزی خەڵکی جیاواز لەتورکیا، خەڵکی جیاواز لەکوردی تورکیا. ئەمەش بابەتێکی زۆر گرنگ بوو، خەڵک و حکومەتیش نامەکەیان پەسەند کرد.

ئاسان نییە بۆ کەسێک زیندانی کراوە، پەیامێک بنێرێت، پەیامەکەش لەدەوڵەتانی دنیا قبوڵکرا، لەرۆژنامەو میدیا و ئاژانسەکانی دنیا قبوڵکرا، نەتەوەکەمان قبوڵی کرد، حزبەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان پشتیوانیان لێکرد. دەوڵەتی تورکیا پێیخۆشبوو، لەدوای ئەو نامەیەش بەرێز سەرۆک وەزیرانی تورکیا وتی «ئەگەر گەریلاکانی پابەندی پەیامەکەی بەڕێز ئۆجەلان بن، ئێمەش شەڕ رادەگرین»، ئەمەش بۆ یەکەمجار بوو، دەستەواژەی گەریلا بەکار بهێنێت، نەک تیرۆریست!.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بۆ مێژوو دەیڵێم، خەڵک چەند لەئامەد کۆبووەتەوە، پەیامەکە چەند لەئاستی بەرپرسیارێتی مێژوویی بووە، بەدەنگەوەهاتنی پەیامەکە چەند بووە، ئەمە بابەتێکەو پرۆسەی دانوستان بابەتێکی ترەو ئاڵۆزە، دەبێت هەموومان زۆر بەدیقەت لێی بڕوانین و کاریش بۆ ئەوە بکەین، کە ئەم دانوستاندنە بگاتە رێککەوتن. خۆشم بڕواموایە کە تەنیا بەڕێککەوتن لولەی تفەنگەکان بێدەنگ دەبن، تەنانەت

ئەمەم لەتورکیاش بەکاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو وڵاتە وتووە. وتومە تفەنگ دانانرێت، ئەگەر رێککەوتنی سیاسی بەرەو چارەسەری ئاشتی و دیموکراسی نەکرێت. بۆیە دەبێت زۆر بەوردی سەیری ئەم گفتوگۆیە بکرێت.

***ئاماژەتان بەدیدارەکانتان کرد لەئەنقەرە، وەک دەزانرێت لەگەڵ بەڕێز کۆسرەت رەسوڵ سەردانی تورکیاتان کردو لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای تورکیا کۆبوونەوە، ئایا بەدیاریکراوی داوای حکومەتی تورکیا لەئێوە چی بوو؟**

-پێیانخۆشبوو، لەدوای نەخۆش کەوتنی جەنابی مام جەلال، داوەتمان بکەن، یەکەم لەتەندروستی بەڕێز مام جەلال-یان پرسی، دووەمیش پێیانخۆشبوو، یەکێتیی نیشتمانی وەک یەکێک لەبناغەکانی هاوکێشە سیاسییەکانی عیراق، کوردستان، ناوچەکە، وەک حزبی مام جەلال، وەک حزبێکی مێژووی ئەو پێگەی هەیەتی بیپارێزێت و کاریگەریش بێت لەناو رووداوەکاندا. ئەمەیان زۆر لامەبەست بوو. بێگومان مەبەستیشیان بوو، کە ئەو بەرژوەندییە ستراتیجییە ئابورییەی کە لەگەڵ کوردستان هەیانە، بەتایبەتی لەبابەتی نەوت و غازدا، کە هەتادێت بەرەو پێشەوە دەڕوات، بەتایبەت کە ئێستا بازرگانی نێوان عیراق و تورکیا، لەچواردە ملیار دۆلارەو لەو رێژەیەش یانزە ملیار دۆلاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بووە. بۆیە ئەوان لایان مەبەست بوو، کە دڵنیابن حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێتیی و پارتی لەحکومەتی کوردستان بەتایبەتی، هاوڕان کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا ئاسایی بێت و پەیوەندی ئابوری پتەوتریان هەبێت و بەرەو ئایندەیەکی باشتر بڕوات. دەیانویست ئەمە لەدەمی خۆمانەوە ببیستن، ئەگەرچی راستەوخۆ ئەمەیان پێنەوتین، بەڵام ئێمە تێگەیشتین کە ئەمەیان پێخۆشە، ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم، ئاڕاستەی قسەکانمان لەکۆبوونەوەکاندا، تەنها کوردستانی باشور نەبوو، بەڵکو هەموو عیراق بوو، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، هەموو بەشەکانی کوردستان بوو، ئینجا باکوری کوردستان بوو، هەروەها زۆر بەڕوونی لەسەرجەم کۆبوونەوەکاندا، جەختمانکردەوە کە پشتیوانی ئاشتییانەی کێشە سیاسییەکەین و لایەنگری پێدانی مافی دیموکراسین و دەبێت کێشەکان بەرەو چارەسەر بڕوات، ئەمساڵیش نەبێت، دەبێت

ساڵێکی تر چارەسەر بکرێن، ساڵێکی تر نەبێت، ئەگەر دەساڵی تریش بێت، دەبێت هەر چارەسەر بکرێن. بۆیە هەتا زوو چارەسەر بکرێن زیانەکان کەمتر دەبێت. زۆر بەڕوونیش لەسەر ئەو بابەتانە قسەمان کرد، بەبێ تەومژ. لەکۆشکی کۆماری، لەکۆشکی سەرۆک وەزیران، لەکۆشکی وەزارەتی دەرەوە هەر بەوشێوەیە قسەمان کرد. تەنانەت بەجەنابی سەرۆک کۆمارـم وت «خۆشحاڵم، لەدروستبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، هەتا ئەم کاتەی ئێستا، کە لەکۆشکی کۆماری دانیشتووین، یەکەمجارە، کۆی قسەکانمان لەسەر کورد و کوردستانە».

***بەڕێز کاک بەختیار، ئێوە لەکۆنگرەی بەدەپەدا، خاڵێک زۆر گرنگ هەبوو، کە جەختتان لێکردەوە، ئەویش ئازادی بەڕێز ئۆجەلان بوو، لەدیدارەکانتاندا، لەگەل سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانی تورکیا، هەمان ئەو پێشنیازەتان خستە بەردەمیان؟**

–ئەوان قسەی باشیان کردو ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد، کە جدین لەگفتوگۆکاندا و تەنانەت سەرۆک کۆمار فەرمووی: زهنییەتی خەڵکیش بۆ ئەوە ئامادەیە. بێگومان لەکۆبوونەوەی تایبەتیشدا ئەو قسانەمان کرد، بەڵێ. وتمان «ئەگەر ئازادکردنی بەڕێز ئۆجەلان، بەقۆناغیش بێت، دەبێت دەستپێبکرێت، بۆئەوەی پرۆسەی ئاشتییەکە بچێتە پێشەوە، تەنانەت دوێنێ کۆمیتەی کوردی لەسۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال دامەزرا، لەڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەکە و لەناو کۆبوونەوەکەش، سەرجەم هێزە کوردستانییەکان، کە (٢٤) حزبی، هەر چوارپارچەکەی کوردستان لەوێ بوون، هەموومان داوامانکرد کە بەڕێز ئۆجەلان ئازاد بکرێت.

***کەواتە ئێوە، تێکۆشانی بەڕێز ئۆجەلان لەزیندان چۆن دەبینن؟ ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەڕێز ئۆجەلان کردویەتی تاچەند لەم قۆناغەدا، کاریگەری لەسەر چارەسەری پرسی کورد دەبێت؟**

–جەنابی ئۆجەلان، لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویدایە، سەختەو ئاسان نییە، کە کەسایەتییەکی ئاوا لەزیندانەوە، بتوانێت یەکێک لەگەورەترین ئەرکە مێژووییەکان بەدیبهێنێت، کە بەدرێژایی مێژووی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەتا ئێستا، دەوڵەتی تورک ئامادەنەبوو تەنها دان بەوەدا بنێت کە کورد هەیە، لەکاتێکدا ئێستا کورد هەیە، گەریلا هەیە، بزوتنەوەیەکی مەدەنی فراوان هەیە، زیاتر لە

(٥٠-٦٠) ئەندام پەرلەمانتاری کورد لەتورکیا هەیە، لەرۆژنامەو میدیاکان باسی ئەو بابەتە دەکرێت. بۆخۆشم مەزندەم وایە مانەوە لەزیندان خۆی بۆخۆی کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تائێستا ئەوەی دەیبینین، کە گوتاری بەڕێز ئۆجەلان، گوتارێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو ئەرکە مێژووییەی کە هەیەتی، وای دەبینین. بەڕوونی دەیڵێین، هەوڵنەدرێت ئەگەر بەقۆناغیش بێت، بەڕێز ئۆجەلان ئازاد بکرێت، بێگومان ئەمە دەبێت بەیەکێک لەهەڵەکانی ناو پرۆسەی ئاشتییەکە، کە حکومەتی تورکیا لێی بەرپرسیارە. ئەم هەڵەیەش نابێت بەردەوام بێت و دەبێت تورکیا چارەسەری بکات. ئەگەر راستگۆیی لەچۆنێتی چارەسەری کێشەکە و لەسەلماندنی مافی دیموکراسی گەلەکەمان لەباکوری کوردستان، دوا بڕیاری لەدامودەزگاکانی دەوڵەتی ئێستای ئاک پارتی لێدرابێت، پێویستە یەکێک لەخاڵەکانی، ئەگەر لەپێشی پێشەوەش نەبێت، دەبێت دووەم خاڵی ئەوەبێت، کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.

***بەشێوەیەکی تر، لەنێوان سۆسیالیزمی هەڵوەشاوەو کەپیتاڵیزمدا، جەنابتان هێڵی بەڕێز ئۆجەلان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- بەڕێز ئۆجەلان-یش وەک ئێمە، سەرەتا بەچەپێکی سۆشیالیستی و بەماوی و هەتا ڕادەیەک دۆستایەتی سۆڤییەت دەستیپێکرد. پاشان وردە وردە پاش هەرەسی رۆژهەڵاتی ئەوروپا کەوتە پیاچوونەوە بەفەلسەفەی هەڵبژێراوی پەکەکە، پیاچوونەوە بەئایدۆلۆجیەت و بە سیاسەت و ستراتیجیەتی پەکەکە. هەتا هاتووە وایدەبینین، زیاتر لەدیموکراسی نزیک دەبێتەوە، ئێستاش ئامانجەکانی سیاسی گەلەکەمان لەچوارچێوەی دیموکراسیدا بەجوانی باس دەکات. ئەمەش رێگەیەکی راستە. چونکە نابێت گەلەکەمان بکەین بەقوربانی ئایدۆلۆجییەت، بەڵکو دەبێت ئایدۆلۆجییەت بخەینە خزمەتی چۆنێتی بەدیهێنانی مافە دیموکراسییەکانی گەلەکەمان. دیموکراسی حەتمییەتی مێژوویە، هیچ ئایدۆلۆجییەتێک، هیچ بابەتێکی فەلسەفی و تیۆری، نە بەناوی کرێکارییەوە، نەباوی کۆمۆنیستییەوە، نەبەناوی چەپەوە، نە بەناوی سۆسیالیستی و کەمپی بەناو سۆسیالیستی جارانەوە، نەیاتوانی لەچینەوە بۆ سۆڤییەت، بۆ ئەوروپای رۆژهەڵات، بۆ کوبا، بۆ کۆریا، بۆهیچ شوێنێک لەم دنیایە، نەیانتوانی ئاڵتەرناتیڤێکی دیکەی دیموکراسی باشتر، لەو سیستمە دیموکراسییانەی لەئەروپاو ئەمریکا

هاتەدی، پێشکەش بکەن. لەبەرئەوە خۆمان لەو تەوقە ئایدۆلۆژییە رزگار کرد، زۆربەی بەشەکانی کوردستان بەزوویی خۆیان لەو تەوقە رزگار کرد. یەکەکە و تەواوی حزبەکان بەزوویی خۆیان رزگار کرد، ئێمە لەکوردستانی باشور، کۆمەڵەی رەنجدەران زوو خۆمان لەتەوقی ئایدۆلۆجی رزگار کرد. ئێستاش زۆربەی هێزەکانی رۆژهەلاتی کوردستان خۆیان لەهەمان ئەو تەوقە رزگار کردوە، ئەوەندەی ئێمەش حزبەکانی رۆژئاوای کوردستان دەبینین، ئەوانیش ئەوەندی پایەندە دیموکراسین، ئەوەندە پابەندی بابەتە ئایدۆلۆجییەکانی حەفتاکان و هەشتاکان نین، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە و دەتوانم بڵێم ئەمەش مایەی پێگەیشتنی سیاسی دیموکراسیشمانە.

***بەڕێز مەلا بەختیار مەسەلەی ئێران لەم قۆناغەداو لەم پرۆسەی ئاشتییەی باکوری کوردستان چۆنە! چۆن لەو پرۆسەکە دەڕوانێت؟**

– جارێکی تریش قسەم لەسەر ئەم بابەتە کردووە، بەدرێژایی مێژوو، چ لەسەردەمی پاشایەتی و چ لەسەردەمی کۆماری لەعیراق، هەر گفتوگۆیەک لەنێوان کوردو دەوڵەتی مەرکەزیدا کرابێت، دەوڵەتانی ناوچەکە فشارێکی زۆریـان بۆ دەوڵەتی عیراق هێناوە کە رێککەوتن نەکرێت، بۆنموونە پەیمانی سێڤر لەژێر فشاری تورکیا گۆڕا بۆ لۆزان و دیزە بەدەرخۆنە کراو پەیامانامەکە نێژرا. ئەگەر پەیمانی سێڤر جێبەجێ بکرایە، نەتورکیا توشی ئەو کێشانە دەبوو لەنەوەد بۆهەشتا ساڵی رابردو، نە کوردیش توشی ئەو کێشانە دەبوو.

کاتێکش حوکمڕانی شێخ مەحمود دامەزرا، ئێران و تورکیا فشارێکی زۆریان خستەسەر ئینگلیز، کە باشوری کوردستان نەبێت بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ و پەیمانی سێڤر-شیان هەڵوەشاندەوە. لـەدوای ئەوەش راپەڕینەکانی بارزان، دەوڵەتی ئێران، تورکیا رۆڵیان هەبوو، کە حکومەتی عیراق ئاوڕی سیاسی لێنەداتەوە.

لەکۆماری مەهاباد بەهەمانشێوە، لەشۆڕشی ئەیلول بەهەمانشێوە، پاشان لەشۆڕشی نوێ-ش بەهەمانشێوە، چونکە لەساڵی (١٩٨٤) گفتوگۆمان لەگەڵ رژێمی پێشوو هەبوو، جەنابی مام جەلال سەپەرشتیدەکرد، کە کۆمەڵێ بابەتی باشیشمان بەحکومەتی ئەوکاتەی عیراق سەلماند، بەڵام لەدەرئەنجامدا، لەهاوینی (١٩٨٤)داو لەکاتێکدا هێندەی نەمابوو بگاتە رێککەوتن، دواهەمین رۆژی رێککەوتنەکە دەوڵەتی تورکیا هاتبووە سەر

هێڵ و داوایکردبوو، سەرجەم پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێوە تێکدەدەین، ئەگەر زیاد لەپێویست ماف بەکورد بدەن.

بەڵام ئێستا هەلومەرجەکە گۆڕا، تورکیاش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی ئاسان نییە، دەوڵەتانی دەوروبەر سیاسەتی پێ بگۆڕن. ئەمەش بەدرێژایی مێژوو خەسڵەتێکی دەوڵەتی تورکیا بووە. چونکە خۆیان هەم دەتوانن بڕیار بدەن و هەم بەرگری لەبڕیارەکانیشان بکەن. تەنانەت کاتێک بڕیاریش دەدەن، کەمتر حساب تەنانەت بۆ دەوڵەتە گەورەکانی دنیاش دەکەن.

بۆ نموونە ئەگەر قوبرس-یان داگیرکرد، خۆ قوبرس ئەندامی ناتۆ بوو، خۆشیان ئەندامی ناتۆ بوون، ئەوەتا تائێستاش لەقوبرس-ن و دوو لەتیان کردووە، لەتێکی بۆ تورکنشینەکان، لەتێکیشی بۆ قوبرس نشینەکان، لەبەرئەوە تورکیا ناتوانێت بیانووبهێنێتەوەو بڵێت، دەوڵەتانی هەرێم فشاریان لەسەرمان هەیە بۆئەوەی مافی کورد نەدەین. ئەو بیانووە کەس نایخوێنێتەوە. چونکە تورکیا، دەوڵەتە، هێزە، دامودەزگای دامەزراوەییە، بۆیە ئاسان نییە هیچ دەوڵەتێکی هەرێمی شەڕی پێ بفرۆشێت.

کۆماری ئیسلام-یش دەوڵەتن و دامودەزگای دامەزراوەییە، باش باش لەهاوکێشەکان تێدەگەن، مامەڵەشیان لەگەڵ ئێمە وەک هەرێمی کوردستانو وەک فیدراڵ مامەڵەیەکی باشە، چونکە یەکەمین دەوڵەتە لەناوچەکە، کە بەڕەسمی بەڕێز سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران-ی داوەت کردوەو ئاڵای کوردستانیان لەتاران و لەپێشوازیکردنیدا داناوە.

ئەمە یەک کە کۆماری ئیسلامی ئێران، مامەڵەی ڕەسمی لەگەڵ هەرێم بکاتو تەرازووی بازرگانی نێوان کوردستان و ئێران پێنج ملیار دینار تێبپەڕێنێت، گفتوگۆی ڕەسمی هەبێت، کاربەدەستە باڵاکانیان لەوەزارەتی دەرەوە، بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بۆ تەواوی کاربەدەستە گەورەکان، بۆ باڵیۆزەکانیان، بەردەوام سەردان بکەن و ئێمەش بەردەوام سەردانی تاران بکەین، وەک یەکێک لەپایتەختەکانی نزیکی خۆمان، لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسی هاتوچۆی بکەین، بۆچی تورکیا پێی خۆش نەبێت، کورد لەباکوری کوردستان بەمافەکانی بگات، بۆیە ئێمە هیچ کاردانەوەیەکی ناسروشتیمان لەکۆماری ئیسلامی ئێران نەبیستووە.

***پەرلەمانتارێکی یەکێتیی داوادەکات، کە بڕیاری ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠٠٣)ی پەرلەمانی کوردستان بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کەتایبەت**

**بەگەڕانەوەی بارەگا سەربازییەکانی تورکیا کە لەخاکی هەرێمی کوردستان، دیارە دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆ ئەو هێزانە هاتوونەتە هەرێمەکەوە، پرسیارەکەشمان ئەوەیە، ئایا لەکاتێکدا هاوپەیمانێتییەکی ستراتیجی لەنێوان یەکێتیی نیشتمانی وپارتی دیموکرات-دا هەیەو ئەو کێشانەی رابردو نەماون، هەروەها پرۆسەیەکی ئاشتیش لەباکوری کوردستان هەیە، بوون و مانەوەی ئەو بارەگا سەربازییانە تاچەند بەپێویست دەزانن؟**

-بەداخەوە ئەوە هی هەلومەرجێکی نەخوازراو بوو. بەشبەحاڵی یەکێتیی نیشتمانی دووچاری هەمان کێشە بووین لەناوچەی رانیە، دەوڵەتی تورکیا داواشی کرد، کە بنکەیەکی سەربازی بهێنێتە ئەو ناوچانە، بەڵام ئەوکاتە بەپێویستمان نەزانی، ئێستاو تازە ئەو بابەتە چۆتە قۆناغێکی ترەوە، قۆناغی گفتوگۆ و چارەسەر و چارەسەر نەکردنی کێشەکان، بابەتی ئاشتی هاتوەتە گۆڕێ، بێگومان، ئێمە کە دەڵێین دەبێت جەنابی ئۆجەلان ئازاد بکرێت، ئۆتۆماتیک ئەو هێزە دەبێت بکشێنەوەو بچنە وڵاتی خۆیان، چونکە هیچ پاساوێک بۆ هێزێکی ئاوەها نامێنێت.

بەشبەحاڵی خۆم پشتیوانی ئەو پەرلەمانتارە دەکەم و هیواخوازم پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ تورکیا و بەزوویش چارەسەرێک بۆ ئەوە بدۆزنەوە، بەکۆتایی پێهێنانی ئەو بنکە سەربازییە.

***کەواتە بەگشتی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆسەی ئاشتییە، کە لەباکوری کوردستان دەستیپێکردوە، چ ئەرکێک یا فەرمانێک دەکەوێتە سەرشانی لایەنە کوردییەکان بەگشتی؟**

-کام لایەنی کوردی؟!

***بەگشتی و بەتایبەت حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و هێزە کوردییەکانی باشور؟**

-پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پشتیوانی پرۆسەکەیان کردوە، بەڕێز دەوڵەتمەتداری هەرێمی کوردستان لەئەنقەرە، لەگەڵ بەڕێز دەوڵەتمەداری تورکیا قسەی کرد، هەم چووە بارەگای بەدەپەو بەجوانی قسەیان کرد، بەڕێز سەلاحەددین دەمیرتاش و برادەرانی تر رازی بوون لەسەردانەکە، هەروەها هەڵوێستەکەو پشتیوانیکردنی پرۆسەکە بەڕەسمی راگەیەندراوە، هەم لەپایتەختی کوردستان، هەم لەپایتەختی تورکیا راگەیەندراوە.

ئەمە جگە لەوەی لەیارمەتیدانی پرۆسەی ئاشتیشدا، لەم ساڵەی دوایدا،

سەرۆک وەزیرانی هەرێم، رۆڵێکی جوانی دیوە.

ئەگەرچی هەموو لایەک باش ئەوە دەزانن، وەک یەکێتیی و جەنابی مام جەلال، لەساڵی (١٩٩٣)ەوە سەرقاڵی پشتگیری ئەم پرۆسەین، بەڵام کاتێکیش کە هاتە سەر ئەوەی کە پرۆسەکە بگاتە ئاستێک لەئاستەکان و بەرەسمی دەبوو هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێم قسەی لەسەر بکات، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، رۆڵێکی جوامێرانەی لەساڵی پارەوە تائێستا گێڕاوە.

***دەپرسین، رەوشی رۆژئاوای کوردستان چۆن دەبینن؟**

- رەوشی رۆژئاوای کوردستان وادەبینم، کە دەوڵەتی سوریا و سەرۆکی سوریا، تاوانێکی گەورە بەرامبەر بەخەڵکی وڵاتەکە دەکات. چونکە تائێستا نزیکەی سەد هەزاری کوشتوە! کۆی هەموو سەربازە کوژراوەکانی هەموو وڵاتانی عەرەبی، لەهەموو جەنگەکان بەرامبەر بەئیسرائیل لەچلەکانەوە بۆ ئێستا، سەد هەزار نەکوژراوە! بەپێچەوانەوە ئەگەر بیست هەزار کەسی شەهید بکردایە، ئەوا جۆلانی ئازاد دەکرد!. لەسەدا چل بۆ پەنجای هەموو سوریای وێران کردوە. دەوڵەت هەیە لەدنیادا، سەد بۆ سەدو پەنجا فرۆکە بەرامبەر میللەتەکەی بەکاربهێنێت.

لەڕاستیدا ئەمە ئەگەر بەهەر پێوەرێکی مرۆڤانە لێکبدەیتەوە، ئەمە مایەی قبوڵ نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەڕووخاوە! ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە بیڕوخێنێت، نەتەوەیەکگرتووەکان، ناتۆو ئەنجومەنی ئاسایشیش، نەوەک لیبیا و نەوەک میسر، نەوەک یەمەنیش مامەڵەیان لەگەڵ رووداوەکان کرد. بەبەرچاوی ئەم دەوڵەتە گەورانەی دنیا، سەد هەزار دەکوژرێت، سوریا وێران دەکرێت. ژمارەی ئاوارەبووانی خەڵکی ئەو وڵاتە هێندەی نەماوە بگاتە دوو ملیۆن و نیو مرۆڤ، ناتۆ بڕنادات، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیار نادات، مانگی رابردو گفتوگۆیەکی کەم لەسەر ئەوەکرا کە ئۆپۆزسیۆن چەکدار بکرێت یان نا؟! کە فەڕەنسا ئەو بابەتەی خستەڕوو، بەڵام ئەوەش کپ کرایەوە. روسیا، چین، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پشتیوانی لەبەشار ئەسەد دەکەن. واتا دەوڵەتە گەورەکان ناتوانن بڕیار بدەن. ئەمەش کارەساتە زلهێزەکانی ناتوانن لەڕووداوێکی تراجیدی، کە سەد هەزار مرۆڤ بووە بەقوربانی ناتوانن بڕیار بدەنو دەستەپاچە لەئاستی رووداوەکان وەستاون. ئەم دەستەپاچە وەستانەش لەئاستی رووداوەکان،

تەمەنی بەشاری درێژکردەوە. ئەگەرچی ئێستا لەپشتی پەردە قسە لەسەر چارەسەری سیاسی دەکرێت.

ئیئتلافی سوری، جۆرەها ئاڕاستەن، هەر ئیسلامییەکان بۆخۆیان جۆرەها ئاڕاستەن، قاعیدەی تێدایە، جەبهەی نەسرەی تێدایە. لەکاتێکدا دەوترێت جەبهەی نەسرە، پەیوەندی بەقاعیدەوە نییە! بەڵام رابەری جەبهەی نەسرە لەم رۆژانەدا رایگەیاندو ئیعلانی پەیمانی بۆ زەواهیری کرد.

ئەمە لەکاتێکدا جەبهەی نەسرە، چەند هـەزار چەکدارێکی لەملاو لەولا کۆکردوەتەوە، کە لەسەدا هەشتای خەڵکی سوریا نییە، لەلایەکی ترەوە ئیخوانەکان، کە بەویژدانەوە ئەوان ئارامتر بەرگری دەکەن، لەولاوە هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆن و ئەفسەرە ئازادیخوازەکان، ئیئتلافێکی سوری، لەملاشەوە رۆژئاوای کوردستان هەیە، ئێمە بەشبەخاڵی خۆمان جەبهەی نەسرە، ئەگەر رای نەگەیەنێت، لایەنگری چارەسەری دیموکراسی و ئەڵتەرناتیڤی دیموکراسییە، ئەگەر لەسەر ئەو رەوشە سیاسی سەربازییە بەردەوامبێت، کەتائێستا بەردەوامە، ئەوا بەمەترسیەکی گەورەی لەسەر رەوشی دیموکراسی دەزانین. هەروەها بەیعەت کردن بەزەواهیری، پەیمان تازەکردنەوەیە بۆ ئەوەی تیرۆر بەهێز بکرێت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. یانزەی سێپتەمبەر، دووبارەو سێ بارە بکرێتەوە، کارەساتو خوێنڕشتنی منداڵان دوبارە بکرێتەوە. مەکتەبەکان، نەخۆشخانەکان بتەقێنرێتەوە، سەرچاوەکانی ئاو بتەقێنرێتەوەو دەستدرێژی بەپاساوی جیهاد بکرێتە سەر ژن، کە ئێستا دەستدرێژی دەکرێتە سەر، بۆیە ئێمە ئەمانە بەمەترسییەکی گەورە دەزانین.

گەورەترین هەڵەی ئیئتیلافی نیشتمانیی سوری لەوەدا دەبینین، کە تاکو ئێستا جدی نین، لەسەلماندنی مافی دیموکراسی و چارەسەری سیاسی کێشەی کورد، کێشەی مەسیحییەکان، کێشەی ئیسماعیلییەکان، کێشەی دروزییەکانو سەرەنجام هەتا عەلەوییەکانیش، تەنانەت نازانین هێزە دیموکراتییەکان، چۆن دیموکراتییەکن؟!

حزبی کۆمۆنیست و ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن چەپی سوری، هەموویان بەرگری لەبەشار دەکەن. جورئەتی قسەکردنیان نییەو بەدرێژایی مێژوو شکشتیان خواردوە، ئێستاش نەک دەیانەوێت خۆیان راست بکەنەوە، بەڵکو دەیانەوێت شکست بەڕاپەڕینیش بهێنن. بەڵام کورد لەرۆژئاوای

کوردستان مافی خۆیەتی ڕاپەڕیوە. مافی خۆیەتی بەهەر سیاسەتێکی گونجاو، ڕۆژئاوای کوردستان بپارێزێت و ئیدارەی بدات و نەهێڵن هیچ هێزێک بتوانێت دەستی تێوەر بدات.

بەشبەحاڵی خۆم، نەک لەگەڵ ئەوەنیم جەبهەی نەسرە، وەک جەبهەیەکی ترسناکی چەکدار بێتە کوردستان، بەڵکو لەگەڵ ئەوەنیم تەنانەت سوپای ئازاد، ئیخوانەکان، هیچ چەکدارێکی دەرەوەی ڕۆژئاوای کوردستان، نابێت ڕێگەیان بدەن بچنە ڕۆژئاوای کوردستان. چونکە گرەنتی هاتنیان نییە، گرەنتی هاتن، سیاسەتە، ڕێککەوتنە، سەلماندنی مافە. تۆ گرەنتیت نەبێت چۆن دەهێڵیت ئەم هێزانە بێنە ناو قەڵاکەت! ناکرێت، چونکە ئەم هێزانە لەدەرئەنجامدا، وەک (ئەسپی تەروادە)یان لێدێت، چونیشیان بۆ سەری کانی، لەچوارچێوەی پیلانێکی ترسناکدا بووە، دەستخۆش بۆ ئەو پێشمەرگانەی، کە نەیانهێشت سەری کانی بگرن و هەموو کانییەکانی جوگرافیاو عەقڵا، لۆژیک و مەسەلە نەتەوایەتی و دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بپارێزین، هەتا ئەوکاتەی وەک باشوری کوردستان، لەچوارچێوەی گفتوگۆیەکی سیاسی ڕەسمی دانپێدانراو، بەپشتیوانی نێونەتەوەیی مافەکانی گەلی ئێمە لەوێ بسەلمێنرێت.

بەڵام بەداخەوە، دەمەوێت ئـەوەش بڵێم کە تاکو ئێستا گەلەمان لەڕۆژئاوای کوردستان، یەک هەڵوێست نییە، یەک ئاراستە نییە، کێشە دروستدەکرێت، مەترسی و نیگەرانیش هەیە.

وەک یەکێتیی نیشتمانیی بـەڕوونـی ئـەوە دەڵێین، کە ڕۆژئــاوای کوردستان بەبەشێک لەباکور و باشوری کوردستان نازانین. ئەمە یەک. دوو؛ هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بەپاشکۆی هیچ بەشێکی کوردستان نازانین. پێمانوایە، لێگەڕێن ئەو بەشە چارەنووسی خۆی دیاریبکات و مافی خۆی بەدیبهێنێت. دواتر خۆیان بڕیار بدەن، کە دۆستایەتی چ لایەنێک دەکەن یان نایکەن! ئێمە چ مافێکمان، چ یەکێتیی چ پارتی، لەم وڵاتەدا یا هەرحزبێکی تر، لەولاشەوە تەنانەت پەکەکە چ مافێکی هەیە، یا هەر لایەنێکی تر چ مافێکی هەیە، کە سیاسەتی خۆی بەسەر ئەماندا بسەپێنێت. لێگەڕێن با خۆیان ئازادبن. سێ؛ هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زۆرن و وەکو پێویستیش نەیاتوانیوە نیوەی کێشەکانیشیان چارەسەر بکەن، لەرابردودا ئەنجومەنێکی نیشتمانیان لەقامیشلۆ پێکهێنا

دڵخۆشەکەر بوو، هاتن لەهەولێر رێککەوتنیان کرد دڵخۆشەکەرە بوو، وەک یەکێتیی لەهەموو ئەوانە رۆڵی خۆمان هەبوو، پشتیوانی هەموویمان کرد. بەڵام ئێستا هەستدەکەین و زانیارییەکانی ئێمە وایە، کە خەرێکە درزەکانی نێوانیان زیاد دەبێت. لەڕابردودا یەک هێزی چەکدار بوو، هی پەیەدە بوو، هێزی گەلی ئەویش بوو، ئەگەر جیاوازیش بین لەگەڵیاندا، بەڵام پێمانخۆشبوو، یەک سەرچاوەی هێزی وڵاتپارێز هەبێت، بەڵام ئێستا خەریکە لێرەو لەوێش هێزی دیکەی چەکدار دروستدەبێت، هاوکاری تریش هەیە. بۆیە ئەمە نیگەرانمان دەکات.

***بەڵام یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) هەیە، کە لەژێر چەتری دەستەی باڵای کورددایە، کە سەرجەم پارت و هێزەگانی گەل، لەژێر ئەو چەترەدا جێدەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا داوا لەسەرجەم پارتەکان کراوە، کەهێزەکانی خۆیان بهێننە ناو یەپەگەوە.**

– هەندێک لەهێزەکان لەسەری کانی شەڕیان کرد، پارتی پێشکەوتووی کورد، پارتی چەپی کورد، شەڕیشیان کردو شەهیدیشیاندا، ئەمەش واخەریکە بەپراکتیک روودەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەئاستی پێویستدا نییەو مەترسی هەیە، بەداخەوەش کە مەترسی هەیە.

***زۆرکات تۆمەتی ئەوە دەخرێتە پاڵ پەیەدە، کە هێڵی سیاسەتی، کە لەسەر هێڵی سیاسەتی حکومەتی سوریاو بەشار ئەسەد دەڕوات، یا لەسەر ئەو هێڵە سیاسەت دەکەن! ئێوە دەڵێن چی؟**

– هیچ بناغەیەکی راستی تێدانییەو وانییە، ئێمەش لەکوردستانی عیراق وامان کرد، لەکاتی کشانەوەی حکومەتی عیراق، نەچووین شەڕی دەوڵەتی عیراق بکەین، بۆخۆمان کوردستانی خۆمان پاراست. یەکێتیی وایکرد، هەڤاڵنی پارتی وایانکرد، هێزەکانی تریش وایانکرد، خۆ ئەوکاتە ئێمە بەکرێگیراوی سەدام نەبووین. لەکۆڵمان ببووە و نەماندەوروژاند، بۆچی لەخۆمانی بوروژێنین؟! ئیدارەی خۆمان کرد، خۆمان برد بەڕێوە. بۆیە من بەهیچ شێوەیەک ئەو تۆمەتە ناسەلمێنم کە ئەوان لەخزمەتی بەشار بن! ئەو پڕوپاگەندانەش زۆر ناخایەنێت و بەدرۆ دەکەنەوە.

***سەبارەت بە باشوری کوردستان و کاندید کردنەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی، بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دیارە وەک جەنابیشتان ئاگادارن، لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە ئەمە رەتکراوەتەوە. بەبۆچوونی ئێوە،**

**ئەم رەتکردنەوەیەی ئۆپۆزسیۆن نابێتە لەمپەر لەبەردەم ئەو پرۆسەیەدا؟**

-جارێ ئۆپۆزسیۆن ئازادن، هیچ کێشەکیمان نییە لەسەر ئەوەی ئەمە رەتدەکەنەوە یا نایکەنەوە. بەڵام ئۆپۆزسیۆن هێشتا بەرەسمی کاندێکیان نییە، ناکرێت تۆ کێشەیەکی یاسایی رەتبکەیتەوە، بەبێ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤ- بەدیلێکت هەبێت، هیچ ئەلتەرناتیڤێکیان نییە. ئەمە یەک، دووەم، وەک یەکێتیی و پارتی سەردانمان کردن و گفتوگۆگمان کردو پێمانوتن، کە چەند ئەگەرێک هەیە، بۆ چۆنێتی چارەسەری ئەم کێشە یاساییە. باپێکەوە هاوکاری یەکتر بکەین.

پرسی دەستور، پرسی هەموو ئەو کێشانەی رەهەندی نیشتمانی-یان هەیە، بەپرسی جەنابی سەرۆکی هەرێم-یشەوە، باگفتوگۆیان لەسەر بکەین و چارەسەریان بکەین و لەسەر هەمووشیان خانە بەخانە رێکبکەوین. پێشمانوتن کە ئێمە ئامادەین رێکبکەوین. وەڵامیان داینەوە کە گوایە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەن و ئەوکاتە وەڵاممان دەدەنەوە.

تەنانەت کە لەگەڵ کۆمەڵ و یەکگرتوو لەکۆبوونەوەکە هاتینە دەرەوە، هەستمان بەوەکرد کە کەشی کۆبووەنەوەکان ئیجابییە، بۆیە واچاوەڕانمان دەکرد، کە بڕیاری ئیجابیش دەدرێت. هەروەها کاتێکیش لەگەڵ جەنابی کاک نەوشیروان دانیشتین، بەڕاستی نیگەرانی زۆر قولمان لێ نەبینی، بەڵام وتی تاڕاوێژ نەکەم لەگەڵ هەڤاڵەکانم ناتوانم بڕیار بدەم»، هەروەها پرسیاری لەسەر هەمووشتەکان هەبوو، ئەوەبوو دواتر رەتیان کردەوەو کردیانە شەڕە راگەیاندن.

بەڵام ئێمە، وەک یەکێتیی و پارتی چی؟ ئەمە بابەتی سەرەکییە، بۆیە وەک یەکێتیی و پارتی، ئێستا لەهاوپەیمانی ستراتیجیداین، هاوپەیمانی ستراتیجی-ش، پابەندبوونی تێدایە، سەبارەت بەپۆستی سیادی لەکوردستان و عیراق، ئەوەیە کە پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ یەکێتییە و پۆستی سەرۆکی هەرێم بۆ پارتییە. ئەم دوو بابەتەش بەرامبەر بەیەکن. سەرۆک کۆماری عیراق ساڵێکی ماوە هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عیراق بکرێتەوەو دواتر لەناو پەرلەمانی عیراق، سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێتەوە. بەڵام سەرۆکی هەرێم (٢٠١٣/٨/٢٠) وادەکەی تەواو دەبێت، کە بۆ ئێستا چوار مانگی ماوە. واتا هەشت مانگ لەدوای (٨/٢٠) سەرۆک کۆماری عیراق دەمێنێتەوەو دەبێت سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرینەوە. بۆیە بەشبەحاڵی خۆمان وەک یەکێتیی

کاندیدمان نییە، هەروەها ڕێککەوتنی ستراتیجیشمان هەیە، هەڵبەتە هەڤاڵنی پارتیش ئازادن کێ هەڵدەبژێرن، ئێمەش ئازادین کێ هەڵدەبژێرین. بۆ نموونە خوانەکردە جەنابی مام جەلال، خوا نەکردە نەیتوانی بەهۆی تەندروستی یا هەرهۆیەکی ترەوە بێت، ئەو ئەرکە مێژووییە درێژە پێبدات لەساڵی ئایندەشدا، یەکێتیی سەرپشکە کێ دادەنێت بۆ سەرۆک کۆمارو گرەنتیشتمان وەرگرتووە لەپارتی هاوپەیمانمان، قابیلی قبوڵ نییە ئەمە دەستکاری بکرێت و هەرکەسێکیش هەڵبژێرین پارتی نابێت دژی بێت.

ئێستا سنوری مافـو بڕیاری ئێمە لەوێ تەواو دەبێت، کە سنوری بڕیارو مافی پارتی هاوپەیمان دەستپێدەکات.

پارتی جەنابی کاک مەسعود هەڵدەبژێرنەوە، دەبێت بیر لەوە بکەینەوە ئەم هەڵبژاردنە ڕێگە یاساییەکانی چین، پسپۆرەکان ئەو ڕێگە یاساییە بدۆزنەوە. ئەوەندەشی ئێمە بیستومانە ڕێگەی یاسای دەدۆزرێتەوە بۆ حاڵەتی ئاوا.

بۆ مێژوو پێتاندەڵێمو ئـەوە زۆر زۆر گرنگە بۆ مـن، بـرادەرانـی پارتی پێیانخۆشبوو، هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان پێکەوە بێت، ئێمە پێمان باش نەبوو، بەڵام پێکەوە بڕیارمان لێداوە، بۆ وادەی هەڵبژاردنەکە بڕیارمان لێداوە بۆ مانگی نۆ بێت , برادەرانی پارتی پێیانخۆشبوو ڕەشنوسی دەستور بخرێتە ڕاپرسییەوە، کە خرایە ڕاپرسییەوە، ئۆتۆماتێک مەسەلەی سەرۆکی هەرێمیشی لەگەڵدا تەواو دەبێت، ئەوکاتە جەنابی کاک مەسعود-یش دەتوانێ خۆی هەڵبژێرێتەوە، ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانی ئەمەشمان قبوڵ نەکردوەو وتومان بەسازانی نیشتمانی و بەگفتوگۆ لەگەڵ هەموو ئۆپۆزسیۆن دەبێت ڕێگە چارەسەر بدۆزینەوەو دەستور دەبێت دەستوری سازانی نیشتمانی و گەل پەسەند بێت.

بۆ هەموو ئەمانە سیاسەتی خۆمان هەبوو، پارتی پێیخۆشبووە وەک ڕابردوو پێکەوە بەلیستی هاوبەش لەهەڵبژاردن دابەزین، ئەمەشمان پێ ڕاست نەبووەو بۆ ئەم هەڵبژاردنەوەو پێمانوابووە کە دەبێت گۆڕانکاری بەسەر هەموو شتەکاندا بێ ئێستا یەکێتیی بەلیستی سەربەخۆ دادەبەزێت.

دەمێنێتەوە سـەرۆکـی هـەرێم، ئـەوانـەی کـە کـردمـان و وتمان لەدەسەلاتماندابووە، ئەوانەشی وەک کە جەنابی بارزانی هەڵدەبژێرێتەوە

وەک کاندیدی پارتی هاوپەیمانی، ئەمە لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە و لەدەسەڵاتی پارتیدایە، ئەگەر یاسا بەموتڵەقی ئەمە رەتدەکاتەوە، ئەوە دادگای دەستوریی هەیە، یاسا هەیە، باقسەی لێوەبکەن، ئەگەر یاساش رێگەی پێدەدات، ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان رێزی بڕیاری هاوپەیمانەکەمان دەگرین.

***دەنگۆی ئەوە هەیە، کە بنکەی جەماوەری یەکێتیی نیشتمانی بەمە رازی نییە؟**

-بنکەی جەماوەری یەکێتیی نیشتمانی مافی خۆیەتی گفتوگۆی ئەم بابەتانە بکات، چەندین مانگیشە ئەم گفتوگۆیانە لەنێوان ئێمەدا هەیە. هەرچەند هەمووی وانییە، بەڵام ئەوانەی وا بیردەکەنەوە لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بێگومان لەپەرۆشی و دڵسۆزیان بۆ چارەنوسی یەکێتیی و لەئەزموونەکانەوە ئەم قسەیە دەکـەن، هەتا رادەیەکیش کاریگەری راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن، فەیسبوک و ئـەم ململانێیەی دروستبووە لەتەکنینکی نوێی راگەیاندندا، هەموویان کاریگەریان هەیە، بەڵام ئەگەر لەدوا ئەنجامدا زۆرینەی بنکەی جەماوەری یەکێتیی ئەو بڕیارە دەدات، ئەوا دەبێت پێش هەموو شتێک، دەبێت بڕیار بدەن، هاوپەیمانی ستراتیجی لەنێوان ئێمەو پارتی هەڵبوەشێنینەوە، هەروەها ئەنجامەکانی هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی ستراتیجیش قبوڵ بکەین و باجەکەشی بدەین!. هاوپەیمانی هەڵوەشاندنەوە تەنها ئەوە ناگرێتەوە کە سەرۆکی هەرێممان قبوڵە یاخود قبوڵ نییە! بەڵکو هاوپەیمانی هەڵوەشاندنەوە، پەرلەمان دەگرێتەوە، حکومەت دەگرێتەوە، رێککەوتنی سیاسی دەگرێتەوە، پارێزگاکان دەگرێتەوە، ئەنجومەنی پارێزگاکان، رێکخراوە دیموکراتییەکان، سیاسەتمان لەهەرێم، سیاسەتمان لەسیاسەتی نێودەوڵەتی دەگرێتەوە. دەبێت یەکێتیی نیشتمانیی ئەو بڕیارە بدات، ئەوکاتە ئێمەش بەجۆرێکی تر بیر لەشتەکان دەکەینەوە.

مەکتەبی سیاسی بڕیاری وەهـای نـەداوە، رێککەوتنی ستراتیجی هەڵبووەشێنێتەوە، دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی، بڕیاری پاراستن و پەرەپێدانی رێککەوتننامەی ستراتیجیی داوە، سێهەمین کۆنگرەی یەکێتیش دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر، پاراستن و پەرەپێدانی رێککەوتننامەی ستراتیجیی بڕیار لێداوە، راپۆرتی سکرتێری گشتی، کە

جەنابی مام جەلال لەکۆنگرە خوێندوێتییەوە، دیسانەوە جەخت لەپاراستن و پەرەپێدانی رێککەوتننامەی ستراتیجیی دەکاتەوە.

ئێمە ئەگەر بەحزبایەتی قسە بکەین، ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیش بۆیان نییە، رێککەوتننامەی ستراتیجیی هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە کۆنگرە بڕیاری لێداوە.

***دەوترێت، کە مەکتەبی سیاسی پشت دەکاتە رێککەوتنامەی دەباشان! ئەمە تاچەندێک راستە؟**

-راست نییە. ئەم قسەیە هیچ بناغەیەکی نییە. هەرلایەک ئەم قسەیە بکات، بێگومان بۆ ئەوەیەتی کە رێککەوتننامەی دەباشان جێبەجێ نەبێت، من ناوی هیچ لایەنێک ناهێنم. ئێمە وەک یەکێتیی، بەزمانی سیاسی رۆشن، بەهەڤاڵنی پارتیمان وتووە، کە پابەندی ئەو لێکتێگەیشتنەین کە لەدەباشان لەنێوان ئێمەو گۆڕاندا کراوە. تەنات دواهەمین دانیشتن، کە من و برای بەڕێزم کاک فازڵ میرانی، چووینە لای بەڕێز نەوشیروان مستەفا، لەوێ لەبەرچاوی کاک فازڵ پێموت، وتم «کاک نەوشیروان، ئێمە بەپارتی-مان وتووە، پابەندی لێکتێگەیشتنەکە، یا رێککەوتنەکەی دەباشانین». بەڵام ئێمە لەگەڵ ئێوە، دژی پارتی دەستور ناخەینە راپرسییەوە، لەگەڵ پارتی-ش، دژی ئێوەو ئۆپۆزسیۆن، دەستور ناخەینە راپرسییەوە، لەکۆبوونەوەکەشدا ئەمەم بەرروونی پێوت.

***چوارەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کە بڕیارە لەمانگی دە (١٠)دا ببەسترێت، ئایا لەو وادەدا دەبەسترێت کەدەسنیشانکراوە؟**

-ئەمە شتێک پەیوەندی بەتەندروستی جەنابی مام جەلال-یشەوە هەیە، هیواداریین تەندروستی بەڕێزیان باش بێت و ئێمەش پابەندین بەوەی کۆنگرەکە لەوادەی خۆیدا ببەسترێت. هیچ کێشەکمان نییە.

یەکێتیی، لەڕووی سایکۆلۆجییەوە، لەڕووی سیاسییەوە، لەڕووی ئۆرگانەکانی حزبییەوە، باشتر لەسێهەمین کۆنگرە، ئامادەی بەستنی چوارەمین کۆنگرەیە.

هەروەها هەموو ئەو فالآنەی بۆ یەکێتی-یان دەگرتەوە، ئەگەر مام جەلال نەخۆشییەکی لەم جۆرە بگرێت، یاخوا نەکردە، ئەگەر کۆچی دوایی بکات، یەکێتی هەڵدەوەشێتەوە! بەپێچەوانەوە، یەکێتیی یەکگرتووترە ئێستا، ئەو هێزانەی کە فاڵیان بۆ ئێمە دەگرتەوە، ئەو هێزانە ئێستا حاڵیان لەحاڵی

یەکێتیی خراپترە. ئەوە بزوتنەوەی گۆڕان کێشەی هەیە، کە ئاواتەخوازین کێشەکانیان چارەسەر بکەن. ئیسلامییەکان، دوو ساڵە سەرقاڵی گفتوگۆن، لیستێکی هاوبەش لەنێوان خۆیاندا دروست بکەن، نەیاتوانیوە. هەندێک لایەنی ئیسلامی، لای ئیسلامی هەیە، کە نزیک بووەتەوە لەجیابوونەوە.

بەشبەحاڵی یەکێتیی، کۆنگرە، کێشەیەکی گەورە بۆ ئێمە نابێت، رەنگە تەنها تەندروستی مام جەلال، کێشەیەکی گەورە بێت بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی کاتی کۆنگرە چۆن بڕیاری لێبدەین.

***بیرتان لەوە نەکردۆتەوە، لەگەڵ چەپەکانی کوردستاندا، بەلیستێک، بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن؟**

–کام چەپ؟!

***بەگشتی چەپەکانی کوردستان.**

–کام چەپانە؟ چەپی کام راست؟! ئێمە خۆمان بەچەپ دەزانین، ئێمە سۆسیال دیموکرات بەچەپی راستەکانی کوردستان دەزانین، هەرچی راست لەم کوردستانەدا هەیە، ئێمە چەپی ئەوانین. هەرچی بەرنامەو ئایدۆلۆجییەت و فەلسەفەی وەکو فەلسەفەی ئێمە نەبێت، وەک چەپ لەخوار خۆمانەوە دەیبینین. بەڵام چەپێک هەیە، کە خۆی بەچەپی چەپەکان دەزانێت. ئەمەیان سەبارەت بەئێمە جارێ هەلومەرج پێنەگیشتووە کە لەگەڵ ئەواندا رێکبکەوین.

ئەگەر مەسەلەی بەدیهێنانی دیموکراسی، پێوەر بێت بۆ چەپ لەم قۆناغەدا، زۆرتر لەهەموو لایەکانی تر، ئێمە بەدیهێنەری دیموکراسین. ئەگەر مافی ژن پێوەر بێت لەقۆناغی دیموکراسیدا، حزبی ئێمە زۆرترین ژن هاتوەتە سەرکردایەتی، ئێستا لەپەرلەمانی کوردستانیشدا، لەسەدا سی، ئەندام پەرلەمانەکانمان ژنە، ئەمە بۆ سەرەتای قۆناغی دیموکراسی و بۆ دیموکراسی لەقۆناغی گوزەردا، سەرکەوتنێکی گەورەیە. ئەگەر ئەرکی چەپ خەبات بێت بۆ ئەوەی سیستمێکی سکۆلار بێتەدی، ئەوا هیچ هێزێک هێندەی یەکێتیی خەبات بۆ سیستمێکی سکۆلار ناکات. ئەگەر گۆڕینی باری کەسێتیش سەبارەت بەژن، گرنگ بێت، یەکێتیی ئاڵاهەڵگری باری کەسێتی ژن بووە، بۆ مافەکانی، دیموکراسی، کۆمەڵایەتی ژن، ئەگەر خەباتی سەندیکایی و دیموکراسی و کرێکاران و ...هتد، پێوەر بێت بۆ مەسەلەی چەپو دیموکراسی، ئەوا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پرۆژە یاسای کاری

لەپەرلەمانی کوردستان تێپەڕاندو سەلماندی، نەک کرێکاری ڕەسمی، بەڵکو کرێکاری غەیرە ڕەسمیش دەستەبەری ژیانی کراوە.

ئەم ئەرکانە، لەقۆناغی دیموکراسیدا، ئەمانە ئەرکی چەپە. ئەگەر ئەرکە دیموکراسییەکانی چەپ، لەیەکەم بەرنامەی سیاسی مارکس بخوێنرێتەوە، هەر ئەمانەی وتووە، کە ئێمە بەزیادەوە کردووومانە. ئەگەر ئەرکە دیموکراسییەکانی چەپ لەقۆناغی دیموکراسی، لەسیاسەتی لینین بخوێنرێتەوە، هەروامان کردوە، هی ئەنگلس-یش هەروابووە، هی تەواوی حزبە چەپەکانی دنیاش هەر ئەمانە ئەرکیانە لەقۆناغی دیموکراسی کە جێبەجێمان کردوە. بۆ تەواوی چەپەکانیش هیوادارین، کە پابەندی دیموکراسی بن، ئەوکاتە زەمینەیەک خۆشدەبێت، کە بتوانین ڕێککەوتنیان لەگەڵ بکەین.

***سەبارەت بەمۆڵەتی پارتە سیاسییەکان، دیارە ئێوە پەیوەندی و نێوانتان لەگەڵ پارتی چارەسەری دیموکراسی دیموکراسی (پەجەدەکە)دا هەیە، پەجەدەکە لەمانگی ئابی ساڵی ٢٠١١ەوە داوای مۆڵەتی فەرمی کردوە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان، وەلێ تائێستا مۆڵەتی فەرمی پێنەدراوە، ئەمە لەکاتێکدا لەدوای ئەو داوایەی ئەوان، مۆڵەت بەچەند حزبێکی سیاسی، یارێکخستنی سیاسی دراوە؟! ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەکەرکوک مۆڵەتی ڕەسمیان هەیە، لەسلێمانی گۆڤاری ڕۆژی وڵات، ئۆرگانی ڕەسمیان دەردەچێت، هۆی چییە تائێستا مۆڵەتیان نەدراوەتێ؟!**

- (بەپێکەنینەوە) لەبەرژوەندییانە! ڕۆژنامەیان هەیە، تەلەفزیۆنیان هەیە، ڕادیۆیان هەیە، چالاکن، خۆپیشاندان دەکەن، قسە دەکەن، بەیان دەردەکەن. بەبێ ئەوەی هیچ پابەندێکی یاساییان لەسەر بێت. ئەگەر مۆڵەتی ڕەسمیان هەبێت، دەبێت یاساکانی کوردستان جێبەجێ بکەن و ڕەنگەئەوکاتە هەندێک شتیان هەر بۆ نەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، من پشتوانی دەکەم، بکەوینە گفتوگۆیەکی جدی بۆ ئەوەی مافی یاسایی ئەوانیش بدەین.

***بەڵام زۆرجار، کۆسپ و تەگەرەیان بۆ دروست دەکرێت لەبەردەم کارو خەباتیاندا؟**

-نازانم.. من لەسلێمانی دەژیم و لێرە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکیان بۆ دروست نەکراوە.

***سەبارەت بەرەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەوشی سێدارە لەڕۆژهەڵاتی**

**کوردستان بەتایبەتی و لەئێران بەگشتی لەپەرەسەندندایە! گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی ئەمیش لەسەر خەڵکی رۆژهەڵات، رۆژانە زیاتر دەبێت، دەبیستین راوەدوونان و گرتن و تۆقاندن هەیە، ئێوە لەو چوارچێوەیەدا چۆن دەفکرن و چی دەڵێن؟**

–لەگەڵ ئەوەین بڕیاری لەسێدارەدان لەتەواوی دنیادا نەمێنێت، تەنانەت جەنابی مام جـەلال، لەسێدارەدانی سەدامی مۆر نەکرد. هەروەها هەر تێکۆشەرێک کورد بێت، یاهەر تێکۆشەرێکی ئازادیخواز بڕیاری لەسێدارەدانی بدرێت، بەڕاستی ئازاری پێوەدەچێژین. بۆیە هیواداریین لەتەواوی دنیا بڕیاری لەسێداردان نەمێنێت.

***پرۆژەی دۆزی کورد لەکۆمیتەی رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال، بۆ رەوشی کورد چییە؟ بەتایبەت بۆ باکوری کوردستان، دیارە سەرەتاش بەکورتی ئاماژەیەکیتان پێکرد، بەتایبەت کە بەڕێزتان سەرۆکی ئەو کۆمیتەیە هەڵبژێردراون؟ بەتایبەت پرسیارەکە ئەوەیە پرۆژەی کۆمیتەی دۆزی کورد لەداهاتوودا چییە؟**

–ئەو کۆمیتەیە ئەرکێتی کە رەوشی سیاسی، کێشەکان، رووداوەکان، لەهەموو بەشەکان بگەیەنێتە سەرۆک و سکرتاریەتی رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال، لەکۆنگرەکاندا بەرگری لەمافی دیموکراسی بەشەکانی کوردستان بکات، بێگومان هەوڵبدات کە سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال و هەموو حزبەکانیش، پشتیوانییەکی فراوانتر، تۆکمەتر، رۆشنتر لەبەدیهێنانی مافە دیموکراسییەکانی بەشەکانی کوردستان بکەن. ئەم کۆمیتەیە، کاری ئەوەیە، بیروباوەڕ، رووداو، پێشنیاز، سیاسەتو پرۆژە، هەرچییەک پێویست بێت بۆ چۆنێتی بەدەستهێنانی مافە دیموکراسییەکان، لەچوارچێوەی سۆسیتالیست ئینتەرناسیۆنالدا، ئەم کۆمیتەیە، وەک تەواوی کۆمیتەکانی تری ئەمریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیاو ناوچەکانی تر چالاک و ئەکتیڤ بێت.

***دوا پرسیارم ئەوەیە، کە گەلی کورد بەگشتی، مەراقی بیستنی هەواڵی تەندروستی سەرۆک کۆماری عیراق، بەڕێز مام جەلال دەکات، ئێستا رەوشی تەندروستی لەچیدایە؟**

–هەموو هەفتەیەک لەبەرەو باشبووندایە، سێ رۆژ لەمەوبەر خانمی یەکەمی عیراق، بەڕێز هێرۆخان، قسەی لەگەڵدا کردبوو، وەڵامی دابۆوە، ئاواتی

سەرکەوتنی دیموکراسیو هەڵبژاردنەکەی لەگەرمیان و خانەقین لەپارێزگاری دیالە خواستبوو.

بێگومان، ئەم نەخۆشییە نەخۆشییەکی ئاسان نەبوو، پێش هەموو شتێک هەموو نەتەوەی کورد و هەموو ئەوانەی مام جەلال-یان خۆشدەوێت، دڵخۆشیان دەکەم، بەوەی کە بڵێم مام جەلال، لەقۆناغێکی سەخت لەنەخۆشی رزگاری بووە. ماوەتەوە سەر ئەوەی کە واچاکبێتەوە و بگەڕێتەوە ناومان، ئەوە بڕیاری پزیشکەکانە، ئەگەر بەئارەزووی ئێمە بێت، ئیمشەو سواری فڕۆکە بێت و بگەڕێتەوە و هەموو کورد بچین بەپیرییەوە، بەڵام ئەمە بەئارەزووی ئێمە نییەو بابەتێکی پزیشکییە، پەیوەندی بەحاڵەتی فسیۆلۆجی هەستیاری جەستەی مام جەلال-ەوە هەیە، بۆیە تەنها دەبێت پزیشک بڕیار لێبدات.

***ئەگەرچی بڕیار بوو ئەوە دوا پرسیار بێت، بەڵام پرسیارێکی تری گرنگ هەیە، ئەویش سەبارەت بەکۆنگرەی نەتەوەیی کورد-ە، کە دەمێکە لەپرۆژەدا هەیەو باسی لەسەر دەکرێت و دیدارو کۆبوونەوەی بۆ کراوە، کە پارت و لایەنە کوردییەکان بەگشتی، تەنانەت رۆشبیرانی کوردیش باسی لێوە دەکەن، کە لەژێر چەترێکی نەتەوەیدا، کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستان پێکبهێنن، ئایا ئێستا کاتی نەهاتووە؟! یاخود درەنگ نییە، بەتایبەت کە ئاماژەتان پێکرد لەم قۆناغەدا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی بەگۆڕانکارییەکی گەورەدا دەگوزەرێت و کوردستانیش بەتایبەتی؟**

-لەساڵی پارەوە، یەکێتی وپارتی بەجدی کەوتینە کار، کە کۆنگرەیەک بەناوی کۆنگرەی هاوکاری و دیموکراسی لەپارچەکانی کوردستان پێکبێت، بەڵام بەداخەوە، هەموو جارێک رووداوێکی ناخۆش و چاوەڕوان نەکراو دێتە پێشەوەو ئەمە هەڵدەپەسێرێت.

ئێستاش ئەم گفتوگۆیەی لەباکوری کوردستان دەکرێت، مەزندەم وایە کە هەلومەرج یارمەتیدەرمانە و هەموو لایەنەکان بەجدی بیری لێبکەینەوە، بەوەی لەکۆتایی ئەمساڵدا ئەو کۆنگرەیە ببەستین و دەبێت بەچەترێکی باشتر بۆ مافە دیموکراسییەکان و بەسیاسەتی عەقلانی کردنی سیاسەتی کورد لەبەشەکانی کوردستان.

***بەڕێز کاک مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.**

-سوپاس بۆ ئێوەش، سەرچاو هاتن.

گوتاری ئەنکەرە... وەرچەرخانی هاوچەرخی کوردایەتی

# مافی دیموکراسی کورد؛ لەدوای ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**دەقی کۆڕی هەڤاڵ مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەناونیشانی (مافی دیموکراسی کورد، لەدوای رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، کە رۆژی (٢٠١٣/٧/١٤)، لەلایەن فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی باکور(فێدکۆم)، بەهاوکاری کۆنکۆردو کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە)، لەشارۆچکەی رایزڤایک، لەهۆڵەنداو بەئامادەبووانی رەوەندی کوردی هەرچوارپارچەی کوردستان لەوڵاتانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، بەلجیکاو...هتد رێکخرا.**

سوپاس بۆ سازدانی ئەم کۆڕە، کە زۆرتر لەلایەن (کەنەکە)و ڕێکخراوەکانی فیدراسیۆنی ئەورپاوە ئەنجامدراوە. بەخێرهاتنی یەکە بەیەکەتان دەکەمو خۆشحاڵین، کە هەموو بەشەکانی کوردستان، جاربەجار لەم کۆڕو یادانەدا تێکەڵ دەبینەوە، هاوهەستی نەتەوەیی، ڕزگاریی، دیموکراسی و ئازادی، لەناخمان، لەویژدانمان، لەهەستماندا جۆش دەخوات.

ئومێدەوارین لەڕزگارکردنی کوردستان، لەئامەد، یا لەهەر شارێکیتری پارچەکانی کوردستان، بتوانین کۆڕی جۆراوجۆر ببەستین.

## ئێمە دەکوژیت، بەڵام شۆڕش بەرپا دەبێت

ئەمڕۆ (٧/١٤)، یادێکی گەلێگ گرنگە، جگە لەوەی یادی چوار تێکۆشەری باکوری کوردستانە، کە لەزیندان شەهیدکرانو ئەمڕۆژەیان بەناوەوە ناو نراوەو سڵاو بۆ گیانی پاکیان، کە ڕچەی رۆحی کوردایەتی و ڕچەی خەباتی درێژخایەنی کوردایەتیان بەخوێنی خۆیان لەناو زینداندا بەدەوڵەتی تورکیا سەلماند، کە (ئێمە دەکوژیت، بەڵام شۆڕش بەرپا دەبێت)، بەڵێ بەرپاش بوو.

ئەمڕۆ لەمێژوودا، گەلێک ڕووداوی چارەنوسسازی تێدا روویداوە، شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لەم مانگەدا روویداوە. شۆڕشی گەورەی میسر (چواردەی تەمموزی ١٩٥٢) رویداوە، هەر لەچواردەی تەمموزدا، شۆڕشی عیراق-یش بەسەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم بەرپابووە.

دوێنێش (١٣)ی تەمموز، یادی تیرۆرکردنی شەهید (قاسلمۆ و هەڤاڵەکانی) بوو. یادی بەخێر، پیاوێکی گەورەو قارەمان بوو، بەتیرۆرکردنیشی زیانێکی گەورە بەر نەتەوەی کورد کەوت.

هەر ئەم یادانە، ئەم رۆژانە، رۆژانی گرنگن لەمێژووی نەتەوەکەماندا و لەباشووری کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یش. چونکە ئێمە لەشۆڕشدا، هەر لەم هەفتەیەدا بوو کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مام جەلال-مان دەکرد، تا لەدەرەوەی وڵات و دوای ساڵێک لەبەرپابوونی شۆڕش بگەڕێتەوە نیشتمان، ژمارەیەک لەهەڤاڵان کە هێزێکی زۆر بووین، لەسەرسنور و لەهەکاری چاوەڕێی گەڕانەوەیمان دەکرد. هەر بەهۆی تێکۆشەرانی باکوری کوردستانەوە، هەڤاڵ مام جەلال، سێ چوار رۆژ

لەدیاربەکر مایەوەو دواتر گەیاندیانە دواهەمین گوندی ناوچەی هەکاری، بەناوی گوندی (ماسی ڕۆ)و دواجار (١٩٧٧/٧/٢٠) هەڤاڵ مام جەلال، گەیشتە کوردستانو یەکەمین کەسیش کە شەرەفی پێشوازیکردنی هەبوو، من بووم.

ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە وەک یەکێتی زۆر گرنگ بوو، گەڕانەوەی یەکێک لەگەورەترین سەرکردەکانی نەتەوەی کورد بوو، کە بەخۆیی و گۆچانێکەوە گەڕایەوە. نەهێز و نەدۆشکەو نەزرێپۆشی لەگەڵدا بوو، بەتەنها پارتیزان چاوەڕێیان دەکرد. پارتیزانەکانیش هەندێکیان بەچەکەوەو هەندێکیان بێ چەک بوون، بەڵام (مام جەلال) گەڕایەوە. کە گەڕاشەوە، ڕەهەندێکی فراوانی بەشۆڕشداو سەدانو هەزاران کەسیش بەجۆشو خرۆشەوە، هاتنە ناو شۆڕشەوە.

## قۆناغی ناو شارەکان و خەباتی فراوان

ئێستاش لەدوای ئەو ڕۆژگارانە، لەساڵی (١٩٨٢)دا چوار زیندانیمان لەباکوری کوردستان شەهید دەبن و گڕ بەردەدەنە دەروونی تێکۆشەران.

ئەو شۆڕشانەو لەم مێژوودا، شۆڕشی فەرەنسا، ئێجگار گرنگ بوون، ئەگەرچی یەکەم شۆڕشی دیموکراسی نەبوو لەجیهاندا، بەڵکو یەکەم شۆڕش دیموکراسی لەبەریتانیا بەرپابوو، بەڵام شۆڕشی فەرەنسا زیاتر لەسەر ڕۆژهەڵات و لەسەر شارستانییەتی دیموکراسی ناوەڕاستی ڕۆژئاوا کاریگەریی گەورەی هەبوو. لەعەرەبیشدا، شۆڕشی میسر بەسەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر-ی نەمر، ڕۆڵێکی ئێجگاری گەورەی لەبوژاندنەوەی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی و بەهێزبوونی هەبوو. هەروەها شۆڕشی تەممووز (١٩٥٨) جگە لەخەباتی نیشتمانی عیراقی، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەقۆناغی لاوازییەوە، بگوازێتەوە بۆ قۆناغی ناو شارەکان و خەباتی فراوان و سەرەنجامیش شۆڕشی ئەیلول بەرپابوو.

ئێستاش، لەدوای هەموو ئەو ڕووداوانە، کاتێک ئاوڕ لەمێژوو دەدەینەوە، بەداخەوە ئەگەرچی گەلانێکی زۆر ڕزگار کرانو سیاسەتی نێونەتەوەیی بەرژەوەندیان لەرزگارکردنی هەندێک لەنەتەوەکان، لەمیللەتەکان، لەنیشتمانەکان یەکیانگرتەوە، بەڵام لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سیاسەتی

نێونەتەوەیی، لەگەڵ رزگاربوونی نەتەوەکاندا نەبوو. نە لەپێش و پاشی جەنگی یەکەم و نە لەپێش و پاش جەنگی دووەمو نە لەدوای ئەوەش، کە جەنگی سارد پەیدابوو. بەڵکو دیسانەوە، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی جەمسەرە زلهێزەکانی دنیا، رۆژئاواو رۆژهەڵات، بەرژوەندییەکانیان لاگرنگتر بوو، لەوەی کە پشتیوانی خەباتی گەلان بکەن.

لەبەر ئەوە لەسێ سەردەمی جیاوازدا، سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە ئیمپریالیزم بەسیاسەتی کۆلۆنیالیستی کلاسیکی، گەلانی وەکو ئێمەی داگیر دەکرد، یەکەم ئەزموونی حکومەتی ئێمە، کە حکومەتی شێخ مەحمود-ی نەمر بوو، ئەوان رووخاندیان.

لەجەنگی دووەمی جیهانیشدا، کە پەیمانی ئەتڵەنتیک مۆر دەکرێت، پەیمانی ئەوە دەدرێت، کە پشتیوانی گەلان بکرێت لەپێناو بەدیهێنانی مافی دیموکراسیاندا، بەڵام بەداخەوە، ئەم پەیمانەش چارەنووسی یەکەم کۆماری کوردستان (کۆماری مەهاباد) بەرەو روخان دەبات.

لەجەنگی سارد-یشدا، کە لەدوای گۆنگرەی یاڵتا (١٩٤٥)ەوە بناغەکەی دانـراوەو وردە وردە قوڵکرایەوە، هەتا کۆتایی جەنگی سارد (١٩٨٨، ١٩٨٩) سیاسەتێکی پڕ لەدوژمنکارانەی رۆژئاواو رۆژهەڵات، کە ئەمریکا پێشەنگی رۆژئـاواو سۆڤییەت-یش پێشەنگی رۆژهـەڵات بوو، هەردوو ئەم زلهێزە، لەکوێ بەرژەوەندییان بیویستایە، پشتیوانیان لەگەلێک، نەتەوەیەک، حوکمڕانییەکیان دەکرد و لەکوێش بەرژەوەندیان بیخواستایە یەکیان دەگرت بۆ سەرکوتکردنی گەلان و کودەتاکردن لەسەر حکومەتەکان و بۆ لەناوبردنی هەر خەباتێک کە هی کرێکاران، یا نەتەوەکان بووبێت، یا هی حزبە شۆڕشگێڕەکان بووبێت. بۆیە هەمیشە وتوومە، ئەگەر سەردەمی جەنگی سـارد، چل ساڵ زیاتری خایاند، بەسەردەمی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بەراورد بکەین، میللەتی ئێمە لەسەردەمی جەنگی سارددا، ئەگەرچی دەوڵەتمان نەبوو بیڕوخێنن، بەڵام گەورەترین زیان کە لەمێژووماندا، بەر نەتەوەکەمان کەوتبێت، لەباکور و باشورو پارچەکانی کوردستان، لەبەشەکانی کوردستاندا، گەورەترینیان لەسەردەمی جەنگی سارددا بەر کورد کەوتووە.

ژمارەی کوژراوەکان، دێهاتە سوتێنراوەکان، ئەنفالەکان، کیمیاباران و یەکگرتنی حکومەتەکان، رێککەوتنی دەوڵەتەکان، لەرێککەوتنی

سەعدئابادی (١٩٥١)ەوە تادەگاتە ڕێککەوتنی ستراتیجی لەنێوان تورکیا و عیراق، بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد لەهەردوو بەشەکەی کوردستان (١٩٨٢) و ڕێککەوتننامەی جەزائیر ساڵی (١٩٧٥)، پاشان وەستانی شەڕی عیراق و ئیران (١٩٨٨)، ئەمانە هەمووی یەکخستنی بەرژوەندییە دوورەکانی حکومەتە داگیرکارەکانی کوردستان و ناوچەکە بووە. نوکی رمی یەکخستنی ئەم بەرژەوەندییە، پێش نەتەوەکانی تر، بەر میللەتەی کورد کەوتووە، لەهەموو بەشەکانی کوردستان، زیانی ئێجگار گەورەمان کردووە.

## سێ سەد ساڵ کورد لەبەرگریدا بووە

لێرەدا، بابەتەکەم کەمتر سیاسییەو هەوڵدەدەم زۆرتر لێکدانەوەی ئابوری سیاسی تازە، یا سیاسی سۆسیۆلۆجی تازە تێکەڵ بکەم و دواتر کەمێکیش دێمە سەر سیاسەت. بۆ وا دەکەم؟

بێگومان مەبەستمە بڵێم، یەکێک لەکەموکوڕییە گەورەکان، یا یەکێک لەهۆکارەکانی نەبوونی بنەمایەکی زانستی، بۆ ستراتیجی رزگاری نەتەوەیی کورد، سیاسەت و قوربانی نەبووە، بەپێچەوانەوە، ئامادەگی وەچەکانی نەتەوەی کورد بۆ قوربانیدان، لەهەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا لەناو کورددا هەبووە. لەڕوخاندنی میرنشینەکانەوە، لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەم، تەواوی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم، سێ سەد ساڵ کورد لەبەرگریدا بووە، لەهیچ بەرگرییەکیشدا وەچەکانی کورد لەهیچ بەشێکی کوردستان، درێغیان لەقوربانیدان نەکردووەو هەمیشەش سەرکردەو سەرداری کورد، لەهەر قۆناغەو بەپێی قۆناغەکە هەڵکەوتوون.

بێگومان ئەگەر باس لەمەسەلەی نەتەوەیی بکەین، دەتوانین بڵێین ڕەگ و ریشەی خەباتی بەرەنگاری میللەتی کورد، بۆ سێ سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر باس لەنەژادی کورد و بەرەنگاری نەژادی کورد بکەین، ئەوا پێش و لەدوای سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیشەوە دەستپێدەکات. ئەگەرچی باوەڕم بەفتوحاتی ئیسلام نییەو ئەو ناوە، ناوێکە بۆ داپۆشینی داگیرکردن. فتوحات نییە! بەڵکو بەزەبری لەشکر، لەسەردەمێکدا کە گەلانی وەکو کورد، نەژادەکانی وەکو کورد نەعەرەبیی-مان زانیوە، نەئاگامان لەوەبووە کە ئایینی ئیسلام بەهەموو

پیرۆزی خۆیەوە، قورئان بەهەموو پیرۆزی خۆیەوە، ئاگام لێ نەبووە ئەم ئایینە ئەوکاتە چییە! بەڵام عەرەب و نیوە دوورگەی عەرەب، مافی خۆیەتی ئاشنای ئیسلام بووەو تێکەڵی بووە، چونکە ئیسلام بۆ عەرەب لەو سەردەمەدا پێشکەوتوو بووەو تەنانەت رادیکاڵییەتی تێدا بووە بۆ سەردەمی جاهیلییەتی عەرەبی، کە کچ-یان بووەو کوشتوویانە. چونکە ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی عەرەب لەوە زیاتر ناوترێت کە قورئان پێی وتوون (الاعراب و اشهد کفرا و نفاقا)، لەوە زیاتر ناوترێتو ئەگەر شیبکەیتەوە، ئاستی کۆمەڵایەتی، ئاستی پێشکەوتنو تێگەیشتنی عەرەب، لەو ئایەتەدا زۆر بەجوانی بەرجەستە بووە.

ئیسلام-یش کە دێت بۆ عەرەب لەبەرامبەر ئەم ئایەتەدا، بەئەنسارو بەهەموو ئەوانەشی کە تێکۆشاون، بۆ ئەوەی ئیسلام ببێت بەئەلتەرناتیڤی بتپەرستنو کچ کوشتن، لەبەر ئەوەی کچە، لەبەرئەوەی مێینەیە، ئەمە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی گەورە بووە بۆ ئەو سەردەم و کاتە، کە بەزمانو کەلتوری عەرەبی، بەسایکۆلۆجییەتی عەرەبیو بەڕەمزەکانی عەرەب هاتوونەتە پێشەوە، کارێکی گەورەیان کردووە لەمێژوودا، بەپێچەوانەوە، هیچ قسەیەکم لەسەر ئەوەنییە.

بەڵکو قسەم لەسەر ئەوەیە سوپاکانی بەرایی ئیسلامی، ئەم لەشکرە، کە بەم کەلتوورو تێکستانەوەو بەناوی فتوحاتەوە هەڵیانکوتاوەتە سەر کوردستان، ئەرمەنستان، چەرکستان، هندستان و پاکستان و هەر وڵاتێک، لەناو ئەم نەژادو رەگەزانەدا، تەنها کەسێک نەبووە زمانی عەرەبی بزانێت و لێیان تێبگات تابڵێت: دینی تۆم قبوڵە، قورئانی تۆ و ئەسحابەی تۆ و پێغەمبەری تۆم قبوڵە، خەلیفەی تۆم قبوڵە!. من نەمزانیوە تۆ چیت! ئەگەر ئێستا یەکێک لەئێوە (١٤٠٠-١٤٣٠) ساڵ بچێتە دواوە، لەماڵی خۆی دانیشتووە لەدۆڵی ئەسحابان، لەدۆڵی شەهیدان، لەشکرێک هاتووە شمشێری هەڵکێشاوەو دەڵێت (دەبیت بەموسڵمان یا سەرت دەپەڕێنم؟!)، تەنها شمشێرەکە دەبینێ و نازانێت دەڵێت چی؟! ئاخر زمانەکەی نەزانیوە. سەدجار وتویەتی خوای گەورەو پێغەمبەری مەزنو ئەسحابەو قورئان و خەلیفە، بەڵام تێناگەیت دەڵێت چی؟! وەکو ئەوەیە کە ئێستا من لەهۆڵەندام هۆڵەندی هیچ نازانم، هۆڵەندییەک بێتو بەزمانی هۆڵەندی داوا بکات ببم بەمەسیحی، تێناگەم ئەو چیدەڵێت، ئیتر چۆن ببم بەمەسیحی!.

ئێستا کە لەدوای (١٤٤٠) ساڵ، لەهۆڵەندام و وشەیەکی هۆڵەندی نازانم، ئەو کەسە چۆن دەمکات بەمەسیحی، بەکاسۆلیک، یا بەپرۆتستانت، ئەگەر زمانەکەی نەزانم، مەگەر هەر بەزەبری زیندان و شمشێر بمکاتە مەسیحی.

لەبەر ئەوە وشەی فتوحات، کە هەمیشە وتوومەو جارێکیش لەرۆژنامەی رێگای ئـازادی لێیان پرسیم، (تەعریب لەکەیەوە دەستپێدەکات؟)، وەڵاممدانەوە کە (لەسەردەمی فتوحات-ەوە دەستپێدەکات). دەزانم ئێستاش ئەمە لەسایتەکاندا بڵاو دەبێتەوەو دەڵێن (مەلا بەختیار لەمانگی رەمەزانیشدا وازی لێنەهێنانین!)، بەڵام ئەمە بۆچوونی منە و بۆچونی ئیسلامگەراکانی کوردستان-یش وایە، ئەگەرچی زۆر نالۆژیکییە، دەڵێن کە گوایە (لەشکری ئیسلام هاتووە، کورد بەگوڵ و هەلەکە سەما بەپیرییەوە چووە)، ئای لەو لۆژیکە؟! لەمە عەیب تر هەیە بەنەژادێک وابوترێت! لەمە ناشرینتر هەیە ئیهانەی مێژووی نەژادێک بکرێت! من تێناگەم بەزەبری لەشکر و شمشێر هاتبنە سەر کوردستان، چۆن بەگوڵ و گوڵزارەوە بەرەو پیریانەوە چوون؟!. ئەگەر وابێت مانای ئەوەیە کورد لەوکاتەدا حیسییەتی نەبووە، کورد هەستی نەژادێتی نەبووە. واتە کورد لەوکاتەدا کانیاوی خۆی، باخ، رەز، مەڕو ماڵاتو کشتوکاڵی خۆی، کەلتور، دابونەریتو نیشتمانی خۆی خۆشنەویستووە، کە ئەمەش ناکرێت.

ناکرێت تۆ داگیرم بکەیت و منیش بەگوڵەوە بەرەو پیرتەوە بێم. بۆیە ئەوەی ئەوان دەیڵێن، هەرگیزاو هەرگیز لەمێژوودا جێگەی نابێتەوەو بەهەزاران رووداویشدا لەمێژوودا هەیە، کە ئەمە قبوڵ ناکات. قبوڵمانە کورد تەسلیم بووەو شکاوە، بۆ شیعە، بۆ سوننە، بۆ وەهابی شکاوەو هەتا بۆ سەڵاحەدینی ئەیوبی-ش شکاوە. ئەگەرچی راستە سەڵاحەدینی ئەیوبی کوردەو بۆ عەرەب زۆر جێگەی شانازییە، بەڵام بۆ کورد شتێکی ئەوتۆی نەکردووە کە ئێستا شانازی پێوە بکەین. ئەگەر رۆژێک بێتە پێشەوەو قسەیەک لەسەر ئەو مێژووە بکەینو لەناو ئەو مێژووەشدا باسی سەڵاحەدینی ئەیوبی بکەین، ئەوا قسە زۆرە لەسەر ئەو مێژووە، لێکدانەوانەوەی تریش هەڵدەگرێت. بەڵام ئێستا کاتی ئەوەنییە.

## بەرگری نەتەوەیی لەسەردەمی فتوحاتەوە

قسەم لەسەر ئەوەبوو، کە بەرگری لەسەردەمی فتوحاتەوە هەیە، هەڤالان، ئامادەبووان، ئەگەر کورد لەسەردەمی فتوحاتەوە بەرگری نەکردایە، ئێستا زمانی کوردی نەمابوو، وەکو چۆن گەلێک لەنەژادەکان زمانیان فەوتاوە. ئەگەر کورد بەرگری نەبوایە، ئێستا ترادسیۆنی کوردی نەمابوو، گۆرانی کوردی نەمابوو، کەستان نەتاندەزانی هەڵپەڕکێ چییە؟! نەتاندەزانی جلی کوردی چییە!، نەتاندەزانی پەندی پێشینان چییە! نەتاندەزانی حەیران چییەو هیچ شتێکی کورد بوونی نەدەما. (١٤٤٠) ساڵ بەسیستماتیکی و بەناوی دینەوە، هەوڵدرابێتو ویستبێتیان رەگو ریشەی ئەم نەژادە لەزمانیدا، لەکەلتوریدا، لەفۆلکلۆریدا، لەفەرهەنگیدا، لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی و لەهەر شتێکیدا کە هەیە، ئەم رەگ و ریشەیە هەڵبکێشرێت، ئەگەر کورد بەرگری نەکردایە، چۆن دەما! بەهیچ شێوەیەک نەدەما، بۆیە ئەوەی پێدەوترێت بەرگری لەکوردو کوردستان، بۆ سەردەمێکی زۆر کۆنی دەگێڕمەوە، بەڵام قۆناغ بەقۆناغ گۆڕاوەو ئەوەی کە پێیدەوترێت کوردایەتی بەمانای کوردایەتی، لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە دەستپێدەکات. لەوکاتەوەی کە میرنشینەکانیان یەک لەدوای یەک لەناو دەبردو یەکەمین چرکەساتی کوردایەتی راستەقینەش لەمیرنشینی رواندزو بۆتان-ەوە دەستپێدەکات. پەیوەندیم بەوەوە نییە هەڵەیان کردبێت، میری بۆتان بەرامبەر بەمەسیحییەکان هەندێک هەڵەی کردووە، میری رواندوز بەرامبەر بەئێزدییەکان هەڵەی کردووە، ئەمە راستەو لاریمان لەم قسانە نییە. بەڵام ئەوە چرکەساتی بەرەنگارییە لەمێژووی ئێمەداو لەوکاتەوە مێژووی بەرەنگاری دەستپێدەکات و بەرگرییەکی کوردایەتی و هەتا یەکخستنەوەی میرنشینەکانیش هەر لەوکاتەوە دەستپێدەکات. لەهەموو قۆناغەکاندا بەرگریو سیمبول هەبووە، قوربانی، سەردارو سەرکردە و پاشانیش حزب هەبووە.

کەمێک شارەزام لەمێژووی نەتەوەی کورد، بەتایبەتی لەمێژووی سیاسی نەتەوەی کورد. یەکێک لەکەموکوڕییەکانی ئێمە، باش نەخوێندنەوەی مێژووی سەردەمەکانە. سەردەم خوێندنەوە زۆر گرنگە، ئەگەرچی نەتوانرێت سەردەم بخوێنرێتەوە، ئەگەر ئابووری ئەو سەردەمە باش هەڵنەسەنگێندرێت، ئەمە مەحاڵە، مەحاڵە لەگەوهەری ئابووری ئەو

سەردەمەش وردبیتەوە، ناتوانیت لەساسیەتی ئەو سەردەمە وردبیتەوە، ئەگەر لەسیاسەتی ئەو سەردەمەش ورد نەبیتەوە، هەر هەوڵێکی سیاسیو حزبێکی سیاسیت هەبێت، بەدابڕوایی لەتێگەیشتنی ئابوری سەردەم و لەسیاسەتی سەردەمەکە بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی جیهان، هەر هەوڵێک بدرێ، بەهەوڵێکی لۆکاڵی داخراو دەمێنێتەوە، بەبێئەوەی کارلێک بکات لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابورییەکانو گۆڕانکارییە سیاسییەکان کارلێک بکات، سەرەنجام وەربگریت و بدات. سەردەمەکە کارتێبکات و تۆش کار بکەیت، دیارە بەهێندەی کایەکانی خۆت.

## وەکو رابردوو نامێنێت و دەبێت بگونجێین

ئێستا لەسەردەمێکداین، ئـەوەی کە لەزمانی کوردیدا پێیدەڵێین جیهانگیری، کە دەشتوانم ئەوە بڵێم کە دەستەواژەی (جیهانگیری) لەبەرامبەر (گلوبالیزاسیۆن) من دامناوە. (دروستکردنی ئەم زاراوەیش لەوەوە دروستکرد، کە لەکوردەواریدا کاتێک باران دەبارێت، ئەگەر بارانەکە سەرانسەری بێت، دەڵێن بارانەکە ئیقلیمگیرە)، پێشەوەی من ئەم زاراوەیە بەکاربهێنم، دەیانوت (بەجیهانیکردن)، لەڕاستیدا ئەمە رستەیەک بوو، نەک دەستەواژەیەک. بۆیە جیهانگیری-مان بۆ دارشت و بڵاو بۆوە. لەزمانی کوردیشدا ئێستا ئەو دەستەواژەیە بەجوانی رۆشتووە.

ئێستاش کە سەردەمەکە سەردەمی جیهانگیرییە، باشترین لێکدانەوەش بۆ جیهانگیری لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردا، دەڵێت (جیهانیگیری؛ بەزاندنی سنوری نیشتمانی، ئابوری، کەلتوری)ە، واتـە ئەو دیـاردەیـەی، ئەو گەوهەرەی کە لەسەردەمی جیهانگیریدا هەیە، لەڕووی ئابورییەوە، لەڕووی نیشتمانیی، لەڕووی کەلتورییەوە سنورەکان دەبەزێنێت. ئەمەش واتە ئاسایستی نیشتمانی، ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی کەلتوری نەتەوەیی، بەشێوەی سەردەمەکانی تر نامێنێت، ئیتر دەبێت تێبگەین وەکو رۆژگار وەکو رابردوو نامێنێت و دەبێت بگونجێین و دەرفەتەکانی جیهانگیری بەجوانترین شێوە بقۆزینەوە.

گرنگترین گەوهەر سەبارەت بەجیهانگیری و ئێمەش ئەوەیە، کە ئابوری لەمۆنۆپۆلی دەوڵەتان، پەیوەندی دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی گۆڕی؛ ئەوەی کە لەڕابردوودا دەوڵەتە گەورەکان دەهاتنە لای میللەتانی

وەكو ئێمە، پێویستییەكانی وەك نەوت و غازو سەرچاوەكانی ژێرزەویان، هەرچی پێویستییەكانیان بوو، لەڕێگەی رێكەوتن لەگەڵ دەوڵەتانەوە دەیانبردو هەرخۆشیان نرخیان دەسەپاند، ئەمە لەم سەردەمەدا نەما. وەك وتم، ئەمەش هی سەردەمی كۆلۆنیالیزمی كلاسیكیە، كە لەجەنگی جیهانی دووەم بەدواوە، وردە وردە لەسەردەمی جەنگی سارددا، مۆنۆپۆلی دەوڵەتەكان لەرۆژئاوا , باشتر لەسەردەمی جەنگی یەكەمی جیهانی وردبۆوە بۆ كارتێرات و ترۆتستات , واتا كۆمپانیای گەورە بچوك بۆوەو بچوكەكانیش بچوكتر بوونەوەو وردە وردە مۆنۆپۆڵی یەك ئاراستە نەما , بەڵكو مۆنۆپۆلی چەندین ئاراستە مایەوە، بەڵام لەناو چوارچێوەی ستراتیژی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی سیستمی سەرمایەداری جیهانی-دا.

ئەم مۆنۆپۆلە فرە رەهەندییە , یان فرە ئاراستەییە لەلایەن كۆمپانیاكانی دوای جەنگی یەكەمی جیهانییەوە , بەتایبەتی لەساڵانی شەستەكان بەدواوە كە كۆمپانیای دایكانەیان هەبوو , بێچوە كۆمپانیاكانیشیان لەوڵاتەكانیانەوە بۆ وڵاتانی ئێمە ئەگواستەوە , وردە وردە كۆمپانیا بچوكەكان دەوڵەمەنترو كاریگەرتر بوون , هەموو كاروبارە ئابووریەكانیش هەر لەلایەن دەوڵەتان و كۆمپانیا رێگە پێدراوەكانی وڵاتانی ئێمەوە دەكراو بەرژەوەندییەكانیش بەو شێوەیە دەپارێزران , ئەمەش لەزیانی ئێمە بوو , واتا: ئابووری كۆلۆنیالیزمی كلاسیكی لەزیانی ئێمە بوو.

دابەشكردنی مۆنۆپۆڵ , بۆ چەندین مۆنۆپۆڵی فرە رەهەندیی فرە ئاراستەو كۆنتاكت كردنیان لەگەڵ ئابووری ئێمە، لەڕێگەی ئەو سەدان كۆمپانیایانەی كە دروست دەكران , لەتوركیا , لەعیراق , لەئێران , لەسوریا , ووردە ووردە لەحەفتاكان بەدواوە، بازاڕو مۆڵەتی كۆمپانیا زیاتر بڵاوبۆتەوە. واتا: مۆڵەتی كۆمپانیا مۆڵەت پێدراوەكانی وڵاتانی داگیركارانی كوردستان، لەحەفتاكان بەدواوە بەراورد بكەیت، بەئاماری ئەو كۆمپانیایانەی پێش ئەوە هەبوون، دوو سیفەتی روون جیایان دەكاتەوە.

## کرێکار بچەوسێتەوە، گەلان بچەوسێنەوە، دیموکراسی نەبێت

سیفەتی یەکەم، ئەوەیە کە کۆمپانیاکانی پێشوو، لەدوای جەنگی یەکەم ئیشان لەناو ئەو بوارە ئابورییەدا دەکرد، کە بواری ئابوری ئیستهلاکی بوو، ئەوەی کە خۆمان پێیدەڵێین بواری (بەرخور)، بەتانی دروستکردن، سابوون، کلینکس، قوماش‌و خواردەمەنی دروستکردن، کە هەموو ئەمانە ئابوری ئیستهلاکی- ئابوری بەرخۆری بوون.

بەڵام لەدوای جەنگی دووەم و شەست و حەفتاکانەوە، ئەم کۆمپانیانە بـواری پیشەسازییان بەخۆیانەوەبینی، هەربۆیە دەبینی گۆڕانکاری گەورەی بواری ئابوری، لەبازاڕی ئابوری تورکیاو لەئێرانیش لەسەردەمی شادا  روویداو کۆنتاکتی کۆمپانیا گەورەکان، لەناو سیستمی کارتیرات‌و ترۆتستاتدا، کە چەند کۆمپانیایەکی یەکگرتوو دەیانگواستەوە بۆ وڵاتان، واتە چەند مۆنۆپۆڵێک کۆدەبۆوەو دەبوو بەکۆمپانیایەکی دایکانە و دەچوو چەند کۆمپانیایەکی بچووکی بۆ خۆی دادەمەزراندو تۆڕێکی لەناو جیهاندا بۆ خۆی دروستدەکرد، کە ئەمەش لەشەستەکان‌و حەفتاکان بەدواوە لەرۆژهەڵاتدا زۆر پەرەی سەندو دوو وڵات-یش لەناو وڵاتانی رۆژهەڵاتدا، پێش هەموو وڵاتانی تر کەوتن، کە ئەوانیش تورکیا و ئێران بوون.  ئێران لەسەردەمی شا-دا و تورکیاش لەسەردەمی پێش کودەتاکان و دوای کودەتاکانیش، هەتا هاتووە بازاڕی ئازاد لەو وڵاتە باش گەشەی کردووە، تا بەئێستاش دەگات لەچاو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باش گەشە دەکات. ئەم بەرژوەندییەش مۆنۆپۆلی بوو، مۆنۆپۆلی خۆماڵی و دەرەکی بوو، کە ئەم بەرژوەندییەش وای دەخواست کە کرێکار بچەوسێتەوە، گەلان بچەوسێنەوە، دیموکراسی نەبێت، تا سەرەنجام بەرژوەندی دەوڵەتەکان و بەرژەوەندی مۆنۆپۆلەکان، لەچوارچێوەی بڕیار لێدراوی خۆیاندا بەفرە رەهەندی خۆیانەوە بپارێزرێن.

هەر ئەم سیاسەت و بناغەی ستراتیجی ئابورییە، لەجەنگی یەکەم و جەنگی دووەمی جیهانیداو، فرە رەهەندی مۆنۆپۆلەکانی جیهان، هەر ئەمانەش بوون لەمێژوودا وایاندەکرد، کە هیچ حکومەتێک دیموکراسی نەبێت و حکومەتەکان بەرژوەندیان لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان و کۆمپانیا گەورەکان بمێنێت و وردە وردەش وایلێهات، کە تەنانەت دەوڵەتێکی

گەورەی وەکو تورکیا، بەتەنها بەرژەوەندی خۆی دەبینی.

تەنانەت سوپای تورکیا، تاکە سوپا بوو ئەوسا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە دەیزانی ئابوری دەبێت بەپرسێکی گرنگ، بۆ ئاوێتەبوون بەبازاڕو کۆمپانیاکانیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەتورکیاو دەوروبەری، مۆڵەتی دراو ئێستا یەکێکە لەدەوڵەمەندترین سوپاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئێستا سوپای پاسداران-یش لەئێران لـەڕووی ئابورییەوە وایە. کۆمپانیایەکی زۆریان داونەتێ و ئەوانیش مۆنۆپۆلی خۆیان هەیەو بەرژەوەندیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دنیادا هەیەو هەتا رادەیـەک تێکەڵاویش بوون. ئەم تێکەڵاوبوونەی مۆنۆپۆل و دەوڵەتە گەورەکان، لەگەڵ دەوڵە بچووکەکانی رۆژهەڵات و کۆمپانیاکانی ترو مۆڵەتدانی زیاتر بەکۆمپانیاکان، پاشان رۆچوونی ئەم بەرژەوەندییە ئابوورییە بۆ ناو سوپاکان، بۆ ناو دامودەزگاکانی سەرکوتکردن، وایکرد سەرکوتکردن چڕتر ببێتەوەو دیموکراسیش کەم بکرێتەوەو تاوانی گەورە گەورە لەلایەن تورکیا، ئێران، سوریا و عیراقەوە بەرامبەر بەبزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردو گەلانی ترو چەوساوەکان، بەدرێژایی سەردەمی جەنگ سارد، کە لەپەنجاکان بەدواوە دەستپێدەکات، هەتا کۆتایی جەنگی سارد، ئەم تاوانە لەسەرەنجامی ئەو بناغە ئابورییە، کە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئابووری گەلان، ئابووری تەواوی چینەکان، ئابوری تەواوی کۆمەڵەکان و ئابووری ئازاد و بازاڕی ئازاد بوو، بەچەمک و بنچینە لیبراڵییەکەی، ئەو بنچینە ئابورییە جیهانییە تێکەڵە، بەکۆمپانیا خۆماڵییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو تێکەڵاوبوونی ئەوانیش بەسوپاکانی داگیرکاران لەکوردستاندا، هەموو ئەمانە تادەهات رادەی سەرکوتکردنی زیاتر لەکوردستاندا دەکرد. هەروەها سیستمی ئایدۆلۆجی دەوڵەتەکانیشی تۆکمەتر دەکرد، عەرەب بەناوی عروبە، تورک بەناوی تورک و فارس بەناوی فارس-ەوە، هەموو ئەمانەش لەدەوری بەرژەوەندییە ئابورییەکان کۆدەبوونەوە، بەوشێوەیەش گەیاندیانە مەترسییەکی گەورە، تاڕادەی شۆڤینیەت، فاشییەت، ئەنفال. لەکوردستانی تورکیا زیاتر لەچوار بۆ پێنج هەزار گوند خاپور کراوە، کورد بەشاخاوی دەزانرا. لەرۆژئاوای کوردستانیش پشتێنی سەوز دەسەپێنرا بەسەر کورد داو تائێستاش لەسەدا شەست شوێنەواری تەعریب ماوە. لەکوردستانی باشور-یش کاتێک حزبی بەعس هاتە سەرحوکم، کە مەترسیدارترین حزبە چ لەباشورو چ لەرۆژئاوای

کوردستان. ئەم حزبە بەناوی کەلتوری نەتەوەیی، کەلتوری دینی، بەناوی ئایدۆلۆجییەتی ئیشتراکییەتەوە، بەسیستماتیکی لەمنداڵێکەوە بۆ پیاوێکی بەتەمەن رێکیخستو سوپایەکی بەهێزی دروستکرد، کە لەسێ فرقەوە، بۆ چوارو بۆ پێنج فەیلەق رۆیشت، چونکە هەموو جەمسەرەکانی دونیا بەرژوەندیان لەگەڵ عیراقدا هەبوو، فەڕەنسا، ئەڵمانیا بەرژەوەندی گەورەیان لەگەڵ عیراقدا هەبوو، دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیا، بێلایەنو ئەمریکاش بەرژوەندییان هەبوو، تەنانەت سۆڤییەت ساڵی (١٩٧٣) گەورەترین رێککەوتنی ستراتیجی لەگەڵ عیراقدا بەست. دوای ئەویش ئەڵمانیای رۆژهەلات، بولگاریا، هەنگاریا، یوگسلاڤیا، تیتۆی گەورەو برجینێڤ لەئاست سەدام-دا بچوک بوونەوە، جاک شیراک قسەی لەسەرە کە پارەو بەرتیلی لەسەددام وەرگرتووە، بۆ ئەوەی ببێت بەسەرۆک وەزیران. وردە وردە ئێستاش کە بەڵگەنامەکانی مێژوو بڵاودەبنەوە، ئینجا تێدەگەین ئەم بەرژوەندییە ئابورییە لەژێرەوە چۆنە، هەموو ئەو زلهێزانەو هەموو ئەو پیاوە گەورانەی لەئاست سەدام و نەوتەکەیی و ئەو سامانەشی کە هەیەتی، بچوک کردۆتەوە.

## قەرەبووی کوشتو بڕی کورد، زیلان بەنموونە

بێگومان بەروبوومی ئەم سیاسەتەش، بۆ نەتەوەیەکی ئازادیخواز کە دەیەوێت ئەم بنەما ئابورییە بگۆڕێت، ئەم بنەما سیاسییە، ئەم فرە رەهەندییەی مۆنۆپۆل بگۆڕێت، بێگومان زادەی ئەم سیاسەتە شۆڤێنییەت دەبێت، کوشتن، کاولکردن، سوتاندنی گوند و دێهات دەبێت، تەنها بۆ ئەوەی کۆنتڕۆڵی بازاڕیان لەدەستدا بمێنێتەوەو لەژێر دەستی مۆنۆپۆلە گەورەکانی جیهان دەرنەچێت. هەروەها لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی گەورەش لەسەر باج دەژین، هەموو توانایەکی خۆیان دەخستەکار بۆ ئەوەی ئەم بەرژوەندییە نەفەوتێنن.

لێرەدا دەمەوێت نموونەیەک لەسەر گرنگی ئابووری لەمێژوودا بگێڕمەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت ئابووری چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی دەوڵەتان هەیە، جەنگی دووەمی جیهان، ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، هەموو ئەم وڵاتانە یەکیان گرتبوو، جەنگێکیی گەورەیان لەبەرامبەر سۆڤییەتو ئەڵمانیای نازی بەرپا کردبوو. کۆمپانیایەکی ئەمریکی کە لەناو بەرلین-دا،

زرێپۆشی بۆ سوپای ئەڵمانیا دروستدەکرد، ئەم کۆمپانیایە گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنەری زرێپۆشی ئەوکاتەی ئەڵمانیای نازی بوو، باجێکی گەورەی دەدایە حکومەتی ئەوکاتەی ئەمریکا، ئەم کۆمپانیایانە کە کۆمپانیای ئەمریکی بوون، لەناو ئەڵمانیاو بەرلیندا زرێپێپۆشیان بۆ سوپای نازی بەرهەمدەهێناو سوپای نازیش پەلاماری هەموو دونیای دەدا، جگە لەئەمریکا نەبێت، کە ئەویش دوور بوو، بەڵام لەبەرئەوەی باجەکەی زۆر بوو، ئەم کۆمپانیایانە بەسەر حکومەتی ئەمریکایاندا سەپاند، کاتێک فرۆکەکانی ئەمریکا بەرلینی بۆردومان دەکرد، نابێت ئەو شوێنانە بۆردومان بکات کە کۆمپانیاکانی لێیە. بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەو کۆمپانیانە چەور بوون بۆ حکومەتی ئەمریکی و پارەیەکی زۆریان دەدایە حکومەتی ئەمریکا. چونکە پارەش بۆ درێژەپێدانی شەڕ، سەرچاوەیەکی گرنگە.

ئەمەش کاریگەری ئەفسوناوی ئابورییە لەسەر سیاسەتو دەسەڵات، لەسەر چۆنێتی سەپاندنی ئەم لەشکرو ئەو داگیرکار.

ئەم راستییە تاڵەش، سەبارەت بەکورد باجی هەبووە، ئەگەر لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، ئاماری قوربانییەکانی شۆڕشی نەتەوەکەمان لەباکور، لەرۆژهەڵات، لەرۆژئاواو لەباشوری کوردستان کۆبکەینەوەو کە دەبێت دەزگایەکی ئاماری ورد بۆ قوربانییەکانو زیانەکانمان لەمێژوودا دروست بکەین، ئەوا رۆژێک لـەرۆژان دەبێت نەتەوەکەمان قەرەبووی هەموو ئەو قوربانیانە لەداگیرکارانی کوردستان وەربگیرێتەوەو نابێت بهێڵین ئەو هەموو کوشتن، وێرانکردن، دێهات سوتاندن، کیمیابارانکردن، بناغەی ئابوری دارزاندن بەسەریاندا بڕوات، هەموو ئەوانەش تاوانن، تاوانی مرۆڤایەتیشە.

چۆن کوێت لەکەمترین ماوەدا لەلایەن سوپای عیراقەوە داگیرکراو تەنها (٦٠٠) سەد قوربانی بەخشی، بەڵام تادوو هەفتە لەمەوبەریش ئەو وڵاتە، مانگانە، سێ ملیار تاچوار ملیار دۆلار قەرەبووی لەدەوڵەتی عیراق وەردەگرت، ئەمەش لەژێر کاریگەری ماددەی حەوت-ی ئەنجوومەنی ئاسایش. ئایا ئێمە لەکام پارێزگای کوردستان زیاتر لەشەش هەزار شەهید زیاتریشمان نەبەخشیوە؟ ئەگەر ئاوڕ لەمێژوو بدەینەوە پڕە لەشەهید. لەبەر ئەوە باوەڕموایە، دوای ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی باش لەرۆژهەڵاتدا دێتەدیو کورد بەمافی چارەنووسی دەگات، یەکێک لەو قەرزە مێژووییانەی کە دەبێت

لەهەموو داگیرکاران و دەسەڵاتی نەتەوە سەردەستەکانی وەربگرینەوە، قەرەبووی ئەو تاوانانەیە کە لەمێژوودا بەرامبەر بەنەتەوەکەمانیان لەهەموو بەشەکانی کوردستان کراوە. هەروەک چۆن ئێستا ئەفریقییەکان داوای قەربووی ملیۆنەها قوربانی ئەفریقی لەئەمریکا دەکەنەوە، چۆن ئەرمەنییەکان داوای قەرەبووی سەردەمی کوشتو بڕی ئەرمەنییەکان لەتورکیا دەکەن، ئێمەش دەبێت رۆژێک بێت داوای قەرەبووی کوشتو بڕی کورد لەباکوری کوردستانو لەناوچەی زیلان بکەین، کە تورکەکان خۆیانو مێژوونوسەکانیان دەڵێن (دوو سەد هەزار زیاتر کوردمان کوشتووە). لەباشوری کوردستانیش هیچ قوربانییەکمان ناشاردرێتەوە، بێگومان لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش هـەروا، هەروەها رۆژئـاوای کوردستانیش، ئەگەر لەمرۆڤدا کەمترین قوربانیان بەخشیبێ، ئەوا لەئابوریدا زۆرترین قوربانیانداوە. چونکە لەچلەکانەوە رۆژئاوای کوردستان تەعریب دەکرێتو پشتیوانی سەوزی تەعریبی دەسەپێتە سەر.

## تەواوبوونی جەنگی ساردو سیستمی نوێی جیهان

لەدوای جەنگی سارد، دیاردەی سیستمی نوێی جیهان هەتا ناوەڕاستی نەوەکان سەری هەڵدا. پاشان پەرەی سەند بۆ جیهانگیری. بەرە بەرە سیستمی نوێی جیهان و جیهانگیری، تێگەیشتن دەبێ ستراتیژی ئابووری سەردەمی جەنگی سارد، وازلێبێنن. دەبێ سەراپا ستراتیژێکی نوێ چەشنی ئابوری بێننەدی، ئەگینا مەحاڵە بتوانن ئاراستەی جیهان بکەن. بەڵکو بۆ خۆشیان خراپە.

بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە لەدووبارەبونەوەی سیناریۆی مۆنۆپۆڵەکانی جەنگی یەکەم و جەنگی دووەم و جەنگی ساردیشدا نەبوو، چونکە ئەگەر وایان بکردایە، پێش ئەوەی ئێمە بچەوسێننەوە، خۆیان دووچاری قەیرانێکی گەورە دەبوون، چونکە ئاسایشی ئەوروپا، ئابوری و ئەو ژیانی پڕ لەخۆشگوزەرانییەی ئەوروپا، لەبەردەم هەڕەشەی مەترسیەکی گەورەدایە. ئەگەر سیستم و بنەما و سیاسەتی ئابوری خۆیان نەگۆڕایە، لەبەرئەوە لەدوای جەنگی ساردەوە (١٩٨٨ هەتا ١٩٨٩) و پێش ئەوەش بیریان لێکردبۆوە، بۆ نمونە ئەڵمانیا لەساڵی (١٩٨٢)ەوە پاشکەوتی پارەیەکی زۆری کردبوو، بۆ ئـەوەی کە هـەردوو ئەڵمانیا یەک بگرێتەوەو خۆی

ئامادەكردبوو كە لەدوای یەكگرتنەوە، چۆن ئەڵمانیا ببێت بەیەكێك لەوڵاتە گەورەكان. تەنانەت لەپێش ئەوەشدا، ئابوریناسەكانو بیرمەندەكانی رۆژئاوا بیریان لەوەدەكردەوە كە جەنگی سارد تەواو دەبێ، چی بكەن؟ بۆ ئەوەی جیهان بەو شێوەیە كۆنترۆڵ بكەن كە بەرژەوەندییەكانی ئەوان لەسەر ئاستی جیهان باشتر دابین بكرێت. لەبەرئەوە كەجەنگی سارد تەواوبوو، دەستەواژەیەك هاتە ناو دنیای سیاسەت، بەناوی سیستەمی نوێی جیهان. ئەم سیستمی نوێیەی جیهان، سیستەمی نوێ نەبوو بەتەنها بۆ رۆژئاوا و بۆ ئەمریكا، بەڵكو سیستمی نوێی جیهان بوو، بۆ ئەوەی یەكەمینجار چۆن بتوانن لەرۆژهەڵاتی ئەوروپادا، ئەم سیستمی سەرمایەداریی، دیموكراسیی، لیبرالییە بگوێزنەوە بۆ ئەوێ، كە بەلایانەوە زۆر پێویست بوو، جەختیشیان لەسەردەكردە، كە ئێستا بەشی زۆریان لەیەكێتی ئەوروپا قبوڵ كراون، تەنانەت وڵاتی بچوكیشیان قبوڵكراون، تەنانەت دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆ وڵاتو میللەتی وەها دروستكراوە، كە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەیەكی ئێمە لەوان زۆرترە. كۆسۆڤۆ، سلۆڤینیا، شاخی رەش، هەموو ئەمانە خۆتان دەزانن، كە وڵاتی زۆر بچوكنو لەبنەڕەتدا بەخەیاڵیاندا نەدەهات كەببن بەدەوڵەت. بەڵام ئێستا (١٥-٢٠) ساڵ دەبێت كردویانن بەدەوڵەتو لەنەتەوەیەكگرتوەكانیش قبوڵیانكردوون. لەبەرئەوەی بەرژەوەندیان ئەمەی خواستوە لەدنیادا. ئەمانە هاتن بۆئەوەی تەمەنی سەرمایەداری درێژ بكەن، هەرواشبوە، لەهەموو سەردەمێكدا سەرمایەداری توانیویەتی خۆی نوێ بكاتەوە، كاژی كۆنی فڕێداوە، كاژی نوێی هەڵداوە، سەرمایەداریش ناوبەناو كاژی كۆن فڕێ دەدات و هی نوێ دادێنێت.

سەرمایەداری لەدوای جەنگی یەكەم توشی قەیران بوو كاژی فرێدا، پێش جەنگی دوەم توشی قەیران بوو، كاژێكی تری فرێدا، دوای جەنگی دوەم توشی قەیران بوو، كاژێكی دیكەی فڕێدا، لەكۆتایی جەنگی سارد توشی قەیرانی گەورەو مەترسی گەورە بوو، كە ئاشوبێكی گەورە لەجیهاندا بەرپابێتو بەتایبەتی مەترسی ئەمجارەیان كە لەهێزەكانی فەندەمێنتالیست یان قاعیدە یان تێرۆریستەكان بوو، دیسانەوە خۆی ئامادەكرد چۆن خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەكانی رۆژهەڵاتدا بگونجێنێت، ئێستاش سیستەمی نوێی جیهان هی سەردەمی ئەو شەش حەوت ساڵەبوو، لەساڵانی (١٩٨٧ تا ١٩٩٣) كە سەردەمی گواستنەوە بوو، بەرەو جیهانگیری.

## حکومەتەکان و مۆنۆپۆلە ناوخۆییەکان

گواستنەوەی سەرمایەداری وەک سیستەم، لەرۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵاتی ئەوروپا، دواتریش لەرۆژهەڵاتی ئەوروپاوە پێویستیکرد کە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی سەرمایەداری جیهانی، نە لەرۆژهەڵات و نە لەرۆژئاوای ئەوروپا پەنگ نەخوات، بەپێچەوانەوە، دەبوو بۆ تەواوی جیهان گەشە بکات. ئەو گەشەکردنەش بۆ تەواوی جیهان، بەشیکاریی و بەلێکدانەوەی ئەوان، تاکە زامنە بۆ ئەوەی هەم سەرمایەداریی‌و دیموکراسی لەدنیادا درێژە بکێشێت، هەم بۆ ئەوەی قەیرانەکانیان قوڵتر نەبنەوەو ئاسایشیان نەکەوێتە مەترسییەوەو کێشەی گەورەیان بۆ دروست نەبێت.

فەندەمێنتالیست، یان تێرۆریستەکان، باش لەمە تێگەیشتبوون، لەبەرئەوە ئەو دژایەتییەی قاعیدە بۆ رۆژئاواو ئەمریکا کردی، کۆمەڵێک لەبەرنامەکانی ئەوانی بۆ گواستنەوەی سەرمایەدارییەکی وردتر، بناغەیەکی سەرمایەداری وردترو چارەسەری زیاتری کێشە سیاسیەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر دواخست. بۆیە ئەو پەلاماری خۆکوژیی، تەقاندنەوە، دروستکردنی باری نائاسایشەو ترساندنی گەلانی وەک ئێمەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و وڵاتانی موسوڵمێنراو لەجیهاندا، هەموو ئەمانە، ستراتیژە نوێیەکەی رۆژئاوای لەبەشێکی جیهاندا توانی بهێنێتەدی، کە رۆژهەڵاتی ئەوروپا بوو، بەڵام لەبەشێکی تری جیهاندا، کە وڵاتە موسڵمانەکانە، تائێستاش نەیانتوانیوە بیسەپێنن. ئەو قەیرانە ئابوریانەشی ئێستا لەجیهاندا روویداوەو دەیبینن. بەشێکی گرنگی ئەو قەیرانە ئابورییانەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لەبیست ساڵی رابردوودا، رۆژئاوا بەئەمریکاشەوە نەیتوانی ئەو سیستەمە وەکو چۆن گواستییانەوە بۆ ئەوروپای رۆژهەڵات، نەیتوانی بیگوازێتەوە بۆ هیندستان، ئەفغانستان، پاکستان و ئەو وڵاتانەی خۆیان پێیدەڵێن رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. کە لەپاکستانەوە دەستپێدەکات هەتا دەگاتە جەزائیر.

ئەم بـازاڕە، ئەم رووبـەرە زەوییەش، توشی ئەو هەموو کێشەیە بوو کەهەمووان دەیزانن. ئەوانیش کێشەی ئابوری، ئاسایش، سیاسی، کەلتوری‌و مەترسییەکی گەورەشی لەسەر ئەو نەخشە ستراتیژییە دروستکرد کە رۆژئاوا هەیبوو. ئێمەش ئێستا وەک کورد، لەبەشەکانی کوردستان تێوەگلاوین بەم دۆخەی کە فەندەمێنتالیستەکان یان تیرۆریستەکان،

نەیانهێشت ئەوەی لەرۆژهەڵاتی ئەوروپا روویدا، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، یان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نزیکدا، بێتەدی.

ئێمەش لێرەوە گەورەترین زیانمان پێدەگات، کە ئەمەش بۆ یەکەمینجارە سەرمایەداری جیهانی، بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی مافی چارەنوسمان، لەگەڵ مافە دیموکراسیەکانمان، لەگەڵ مافی ئازادیمان یەک بگرێتەوە. کە بەداخەوە فێندەمێنتالیستەکان یان ئیسلامگەرا توندڕەوەکان، بەشێکی بەرپرسیارێتی تێکدانی ئەو بارودۆخە هەڵدەگرن. بەشەکەی تریش سەرمایەداری جیهانی و حزب و دەسەڵاتەکانی رۆژهەڵات. بەداخیشەوە تائێستا نەحزبە سیاسییەکانمان، نەرووناکبیرەکانمان، نەدەزگاکانی لێکۆڵینەوە وردی ئەوەبوون، چونکە هێشتا ئێمە خەیاڵدانی لێکدانەوەی کەلتوری، رۆشنگەریی، ئابوریی و سیاسیمان، خەیاڵدانێکی کۆنەو تـازە نییە! لەبەرئەوە دەبینیت کەمترین بەرهەڵستی هەیە لەدیموکرات خوازەکانەوە، لەئازادی خوازەکانەوە، لەرزگاریخوازەکانەوە، لەهێزە سیاسییەکانەوە، لەرێکخراوەکانی مەدەنییەوە، لەگۆڤارەکانەوە، لەمیدیای ئەهلییەوە، کەمترین بەرگری بۆ مەترسی ئیسلامگەرا لەوڵاتی ئێمەدا هەیە. ئەمە لەکاتێکدا کە ئیسلامی سیاسی مەترسیدارترین جۆری هێزی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، ئەمنیو کەلتورییە لەسەر دیموکراسی لەئێستادا.

کەواتە ئێستا هەڤاڵان، لەسەردەمێکی نوێی دیموکراسی جیهانگیریداین، کە دەتوانم بڵێم: سەرەتاکەی گەیشتۆتە لای ئێمە، بەڵام دوژمنێکی زۆری هەیە. ئەو ئابورییەی کە لەبەرژەوەندی ئێمەدایە، وردکردنەوەی ئابوری لەمۆنۆپۆڵەکانەوە، لەچینە چەوسێنەرەکانەوە، لەدەوڵەتەکانەوە، کە ئابوری لەژێر هەژمونی خۆی، لەژێر کاریگەری خۆی، بڵاودەبێتەوە، واتا ئابوری جیهانی ئێستا لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکانی لەوەدایە کە شۆڕبێتەوە بۆ خـوارەوە، لەبەرئەوە دەبینین پێناسەی جیهانگیری، بەوپێیەی سنوری سیاسی، ئابوری، ئەمنیو کۆمەڵایەتی ناهێڵێتو رێژەیەک لەو سنورانەی بەزاندوە، بەو هۆیەوە ئابورییەکی بەهێز هاتۆتە وڵاتی ئێمە، بەتایبەتی لەباشوری کوردستان هەست بەوەدەکەین، کە لەئێستادا زیاتر لە (١٥٠٠) کۆمپانیای بێگانە لەکوردستاندا هەیەو هەموو ئەمانەش لەبازاڕی ئـازادی کوردستاندا کاردەکەنو لانیکەم ئەوانیش

پەیوەندییان بەهەزاران کۆمپانیای باشوری کوردستانەوە هەیە. کە دیارە ئەم هەزاران کۆمپانیایەش لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا تۆڕێک لەپەیوەندی ئابوری، سیاسی، کەلتوری و کۆمەڵایەتیان لەگەڵ سەد بۆ دووسەد هەزار کەس لەوڵاتی ئێمەدا دروستکردووە. تەنانەت کە لەڕاپەریندا گەڕاینەوە، لەهەموو شاری سلێمانی-دا سێ ملیۆنێر هەبوو بەدۆلار، بەڵام ئێستا گەیشتۆتە سێ هەزار ملیۆنێری ئاشکراو و لەکوردستانیشدا تا دەهەزار ملیۆنێری ئاشکرا هەیە، کە کۆمپانیایان هەیەو وەبەرهێنان دەکەن. کە هەموو ئەم ملیۆنێرانەش پەیوەندییان لەگەڵ زۆرێک لەکۆمپانیاکانی جیهانو ملیاردێرەکانی جیهاندا هەیەو تۆڕێکیش لەپەیوەندی و بەرژەوەندی لەنێوانیاندا دروست بووە. کە مەحاڵە ئەم پەیوەندییە ئابورییە تازەیەو ئەم بازاڕەی کە لەکوردستاندا هەیە، نەدەوڵەتە گەورەکان، نەکۆمپانیا گەورەکان، نەدەوڵەتانی هەرێمایەتی بتوانن فەرامۆشی بکەن. تەواو ئەو قۆناغە بەسەرچوو، کە وەک چۆن لەڕابردوودا، لەجەنگی یەکەم و دوەمی جیهانو لەجەنگی ساردیشدا، دەیانتوانی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان دابین بکەنو لێشمان بدەن، بمان دزن و بمان کوژن، چۆنیان دەوێ لەگەڵ حکومەتەکان و مۆنۆپۆلە ناوخۆییەکاندا یەک بگرن، بێ گوێدانە گەلان-ی وەک ئێمەو بێ گوێدانە پەیوەندییەو بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە. بەڵام لەدوای جەنگی ساردو لەسەرەتای سەرهەڵدانی سیستمی نوێی جیهانو ئێستا کە بەرەو جیهانگیری رۆشتووین، ئەو بنەما ئابوری- سیاسییە لەباشوری کوردستان گۆڕاوەو تەنانەت دەشتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم: کە لەبازاڕی تورکیاش گۆڕاوە، بەڵام لەئێران و سوریا هێشتا ئەوە نەگۆڕاوە، ئەگەر گۆڕاشبێت رێژەکەی زۆر کەمە لەچاو ئەو رێژە زۆرەی لەتورکیاو لەکوردستانی باشوور گۆڕاوە. ئێستا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا (١٢) ملیار دۆلار ساڵانە پەیوەندیی ئابوریمان هەیە. لەگەڵ ئێران (٧) ملیار دۆلارمان هەیە. تەنانەت گرێبەست و وەبەرهێنانی ئەو (١٥٠٠) کۆمپانیایەی باشوری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانو کۆمپانیاکانی تر لەساڵی (٢٠١٠-٢٠١١)دا کە کراوە سەد ملیار دۆلار تێپەڕیوە، بۆیە هیچ حکومەتێک ناتوانێ ئەم دیاردە ئابورییە فراوانە فەرامۆش بکات.

بۆ نموونە لەساڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)دا، کێشەیەکی گەورە لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا هەبوو. سنور داخرابوو، دەوڵەتی تورکیاش

هەڕەشەی زۆر گەورەی دەکرد، تەنانەت جار جار قسەی ئەوەش دەهات کە فڕۆکەکانیان، فڕۆکەخانەو زانکۆ و بارەگاکانمان بۆردومان دەکات، ئەمەش مەترسییەکی جدی بوو، ئەگەرچی ئاشکرامان نەدەکرد. لەوکاتەدا سەندیکای پیشەسازی تورکیا راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە، (کە ئەو راگەیەندراوە پشتیوانی لەقسەکانی من دەکات)، تیایدا هاتبوو (ئەگەر دەوڵەتی تورکیا پەیوەندی سیاسی، ئابوری خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بپچڕێنێت و شەڕیان بکات، ئەوا تورکیا ساڵانە دەیان ملیار دۆلار زەرەر دەکات). حکومەتی تورکیا ئەمەیان بیستو سوپاش تێگەیشت کە شەڕ لەگەڵ کوردستان ئاسان نییە.

## پەیوەندییەکی نوێی ئابوری سیاسی کوردو دەوڵەتەکانی ناوچەکە

هەڤاڵان؛ ئەوەی لەمێژوودا بەئایینو مەزهەب نەکرا، ئەوەی بەخولەفاکان، پاشا، کۆمار و ناسیۆنالیستەکان نەکرا، ئەوە ئێستا لەمێژوودا بەئابوری دەکرێت. ئەو ئاڵوگۆڕەو هەم ئابوری جیهان، بەرژەوەندی لەو ئاڵوگۆڕە ئابوریی، کۆمەڵایەتیی، سیاسی، پیشەسازی، زانستی و تەکنەلۆژییەدا کە هەیە، ناتوانن فەرامۆشی بکەن. هەم ئێمە پێویستیمان پێیەتیو هەم حکومەتەکانی ناوچەکەش، ناکرێ فەرامۆش بکرێ. بۆیە ئەم ئابورییە (وەک پێشتر رامگەیاند ورد دەبێتەوە)، زۆر زۆر گرنگە. چونکە ئەم ئابورییە لەگەوهەری ئابوری سەردەمەکەدا بۆ بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد، گرنگە، لەهەموو بەشەکانی کوردستان تێی بگەین، لەم رێگایەوە هەموو لایەکمان لەباشور، لەباکور لەرۆژهەڵاتی کوردستان، لەهەموو لایەک، دەبێ لەم رێگایەوە بەشێکی گفتوگۆکانمان لەگەڵ دەوڵــەتــان، بەشێکی پرۆژەکانمان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و کۆمپانیاکان ئەمە بێتو کارئاسانی زۆریان بۆ بکەین تا لــەدەرەوەو لەناوەوە تۆڕێک لەپەیوەندی فراوانی ئابوریمان لەگەڵیاندا هەبێت، چونکە گرێبەستێکی ئابوری لەگەڵ دەوڵەتێک، کە سێ سەد بۆ چوارسەد یان پێج سەد ملیۆن دۆلار قازانج بکات، بەهێندەی (٥) ساڵ خەباتی سیاسی، بۆ گۆڕینی بڕیارێکی نێودەوڵەتی لەبەرامبەرمان، کاریگەری هەیە.

لەباشوری کوردستان زۆر باش لەمە تێگەیشتوین، بەشێوەیەک کە هەڤاڵ مام جەلال بەهەموو گەورەیی خۆیەوە، ساڵی (١٩٩٧) بۆ یەکەمینجار بارەگای کۆمپانیایەکی تورکی کردەوەو وتی (هیوادارم کردنەوەی ئەم بارەگایە (کە پێش ئەوەی لەهەولێر بکرێتەوە لەسلێمانی کرایەوە) سەرەتایەک بێت بۆ پەیوەندییەکی نوێی ئابوری سیاسی لەنێوان کوردو تورکیاو هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکە). گەوهەرەکە ئەمەیە، کە ئێمە لەسەردەمێکی ئابوری تەواو جیاواز لەسەردەمەکانی تر، سیاسی جیاواز لەسەردەمەکانی تر، کەلتوری سیاسی ودیپلۆماسی جیاواز لەسەردەمەکانی تر، بزوتنەوەی کورد ئێستا لەخەباتدایە لەپێناوی رزگاری و ئازادی و دیموکراسی.

بێگومان چەمکی ناسیۆنالیزمیش لەبەر رۆشنایی و لەژێر کاریگەری ئەم گۆرانکارییانە دەگۆڕێت، چونکە ئەو چەمکە بەتەنیا کوردایەتی و ئەی رەقیب و پێشمەرگەین بەهەڵمەتین، قارەمانی میللەتین نییە! ئەمەمان کرد، هیچ لایەنێکیش ناتوانێ موزایەدەمان بەسەردا بکات. چونکە باشترین قورگمان هەبوو بۆ ئەی رەقیبو باشترین هەڵمەتیشمان هەبوو. بەرگەی ئەنفال و بەرگەی کیمیابارانیشمان گرت، ئەمەش قسە ناهێڵێتەوە.

بەڵام ئەو مێژووە چۆن بەم مێژووەوە دەبەسترێتەوە؟ حیکمەتی سیاسەتیش لەوەدایە. دیقەت لەوەدایە ئەو مێژووی ئەی رەقیب-ە، مێژووی پێشمەرگە، گەریلا، بەرگری چۆن بەمێژوی گۆڕانکارییەکانو راپەڕاندنی ئەرکەکان لەسەردەمی جیهانگیرییدا دەبەسترێتەوە؟! کە ئێستا (١٣) ساڵ بەسەر هەزارەی سێیەمدا تێپەڕیوە.

ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیزمی سەردەمی بەدرخان، سەردەمی عوبێدوڵڵای نەهری، ناسیونالیزمی سەردەمی سمکۆی شکاک، شێخ مەحمود، کۆماری مهابادو شۆڕشی ئەیلول، تەنانەت ناسیونالیومی سەردەمی شۆڕشی نوێش نییە، بەڵکو هی سەردەمی سالێ (١٩٨٣ و ١٩٨٤)یش نییە، کە پەکەکە دەستیکرد بەشۆڕشی درێژخایەنو بەرگرییەکی گەورەشیان کردووەو هێشتاش بەردەوامن لەبەرگری سەربازی، مەدەنی، یاسایی. هەروەک کارێکی باشیشیان کرد کە نەشاخیان بەرداو نەشارو نەپارلەمانیشیان بۆ باباتە یاساییەکان فەرامۆشکردووە، ئەمەش زیرەکییەکی گەورەبوو. کە یەکەمینجارە لەمێژوودا، هێزێکی سیاسی بتوانێ هاوتەریب لەشاخ،

لەشار، لەپەرلەمان و لەدەرەوەی وڵات-یش پێکەوە خەبات بکات. (لەمێژە وتومە پەکەکە رۆڵێکی مێژوویی‌و مەزنیان گێڕا لەبوژاندنەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەباکوری کوردستان و کاریگەریشیان لەسەر بەشەکانی تری کوردستان-یش بەتایبەتی رۆژئاوای کوردستان زۆر بووە)، ئەمەش راستییەکی زۆر گرنگە، سەرەڕای جیاوازییەکانمان. راستە جیاوازی ئایدۆلۆژیمان هەیەو ئەگەر جیاوازی سیاسی و فەلسەفیشمان هەبێ بەجێی خۆیان، بەڵام لەوەدا کە یەک نەتەوەین، جیاوازیمان نییە. کە هەموو نەتەوەکەمان دەبێ رزگاری ببێت، جیاوازیمان نییە، لەوەی پەیوەندیی ئۆرگانیکی دیموکراسی لەنێوانی بەشەکانی کوردستاندا هەبێت، هیچمان جیاوازیمان نییە و دەبێ واشبێت. ئێستاش دەبێت لەرابردوو زیاتربێت‌و تادێت باشتریشی بکەین، ئەمە ئەرکی مێژووییمانە. هەر لایەکیش ئەمە جێبەجێ بکات، ئەوا ئەرکە مێژووییەکانی خۆی جێبەجێ دەکات. هەر لایەکیش هەر پاساوێک بتاشێت‌و دژایەتی رۆژئاوای کوردستان، یان باکور، یان رۆژهەڵاتی کوردستان بکات، ئەوا بێگومان هیچ پاساوێک دادی نادات، چونکە شتەکان زۆر رونن، یان دەبێت لەگەڵی بیت، یان دژی! ئەگەر لەگەڵیدایت ئەوا پەیوەندییە هاوبەشەکان، پەیوەندییە ئۆرگانیکییەکان بدۆزەرەوە. ئەگەر بەپێچەوانەشەوە، ئەوا دژایەتی مەکەو لێی گەڕێ. گوڵ نابیت دڕکیش مەبە.

## بزووتنەوەی دیموکراسی هاوچەرخ

بەشبەحاڵی خۆمان، وەک یەکێتی نیشتمانیی، ئەم پەیوەندییە ئۆرگانیکییە لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەوە تێیدەگەین‌و لەڕێڕەوی خەباتیشدا تێی گەیشتوین، ئێستاش باشتر لەجاران ووردی بوینەتەوەو لەئایندەشدا باشتر لەئێستا لێی دێینە پێشەوە. یەکێتیی، حزبی هێزی پشتیوانین، لەگەڵ هیچ داگیرکەرێک نەچوین بەگژ هیچ لایەکدا لەهیچ بەشێکی کوردستان، حزبی هێزی پشتیوانیین. ساڵی (١٩٨٢) سێ هەزارو پێنج سەد پێشمەرگەی یەکێتی بەپیر رۆژهەڵاتی کوردستانەوە چووین، کە خۆم یەکێک بوم لەو پێشمەرگانەو زۆرێکیش لەوانەی کە لەم کۆڕەدا دانیشتوون، پێشمەرگەی ئەو سەردەمە بون، ئەمەش شانازییەکی گەورەیە. ئەوکاتە ساڵی (١٩٨٢) کە جارێ لەباکوری کوردستان

شۆڕش بەرپا نەببوو، ئێمە (٣٥٠٠) پێشمەرگە بەسەرکردایەتی هەڤاڵ مام جەلال خۆی، چوبین بەپیر بەشێک لەبەشەکانی کوردستانو هیچ حکومەتێکی ناوچەکەش نەیتوانی لەناومانببات، ئەوا ئێستا لەسەردەمی جیهانگیری؛ وردبونەوەی ئابوریی، بەرژەوەندییە جیاوازەکان؛ فرە ڕەهەندی مۆنۆپۆلۆکان؛ ئەم کەلتورە سیاسییە جیاوازە؛ نەهێشتنی سنورەکانو کاریگەرییە بەرژەوەندییەکانی جیهان لەناوچەکەدا؛ لەناوچەکەش لەناو گەلان؛ لەناو کۆمەڵەکانو تاکەکاندا، خاترجەم بن، کە هیچ حکومەتێک، وەکو جارانی پێناکرێت.

بۆیە دەبێ لەچەمکی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ باش تێبگەین، ئەم چەمکە پێش هەموو شتێک چەندین جۆر دوژمنی هەیە، دوژمنی یەکەمی لەناو خۆماندا هێزە ئیسلامییەکانن، کە ئەوان کۆسمۆپۆلۆتنو ناسیۆنالیست نین، لەگەوهەردا ئیسلامی وەک چۆن کۆمۆنیستەکان ئینتەرناسیۆنال بوون، هێزە ئیسلامییەکانیش کۆسمۆپۆلۆتین، واتا لەگەوهەردا هێزە ئیسلامییەکانی لای ئێمە، ئەوەندەی سەرکەوتنی ئیخوان موسلمینی میسرو سوریا-یان لاگرنگە، ئەوەندە لایان گرنگ نییە کە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، کێ سەردەکەوێ و کێ سەرناکەوێت! ئەگەرچی وا دەڵێن!، بەڵام لەتەلەفزیۆنی هێزە ئیسلامییەکانی لای ئێمە بڕوانن، بزانە لەدوای ئەو گۆڕانکارییەی لەمیسر روویداوە، (بانەچینە دیالۆگی ئەوەی ئەمە شۆڕشە یان نا)، چونکە ئەوە گۆڕانکارییەکی قوڵەو لەبەرژەوەندی دیموکراسی تەواو دەبێت، کەچی تەلەفزیۆنەکانی سپێدەو پەیام و لێپرسراوەکانیشیان (٪٩٠) ی قسە لەسەرئەوە دەکەن، کە لەمیسر کودەتا کراوەو ئازادیو دیموکراسی تەواو بووە، هەروەکو ئەوان دیموکراتو ئازادیخوازی عەیارە (٢٤)بن! ئەمە لەکاتێکدا ئەوان یەک ساڵ سەرکەوتن، بەڵام دیموکراسییان لەمیسردا نەهێشت. دایکانەی ئیخوان موسلمین لەدنیادا، ئیخوانەکانی میسرن. لەیەک ساڵدا دەستورێکی خراپیان سەپاند، ئەنجومەنێکی بناغەیی خراپتان سەپاندو دادگایان هەڵوەشاندەوە. لەدوایین هەڵبژاردنیشدا لە (٨٧) ملیۆن میسری، کە (٥٠) ملیۆنی مافی دەنگدانی هەبوو، سەرۆک محەمەد مورسی (٥) ملیۆن دەنگی هێناوە، بەڵام (٢٣) ملیۆن کەس هاتۆتە سەرشەقام دەڵێ (تۆمان ناوێت)، واتە پێنج ئەوەندەی دەنگی پێداوە، ئەوی ناوێتو خوداحافیزیان لێکردووە. ئایا ئەمە بۆ دیموکراسی نەبێت کە (٢٣) ملیۆن

کەس هاتۆتە سەرشەقام، بۆ ئەوەی تۆ بە (٥) ملیۆن دەنگت هێناوە دیموکراسیی بێت؟!. ئەم قسەیە یەک ناگرێتەوە، لەبەرئەوە لەناو خۆماندا ئەمە پەیامێکی منە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان، (قیروسیا لەوەی یەک هەفتە ئیسلامییەکان فەیسبوکەکان لەدژی من پڕ دەکەنەوە، بەڵام ئەمەش بەقوربانی باقیەکەی تر بێت)، کە دەڵێم ئەوان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراسی هاوچەرخی ئێمە یەکناگرنەوە، مەبەستم لێدانیان نییە، چونکە هەرگیز لەگەڵ لێدانو سەرکوتکردن نیمو بەپێچەوانەوە مافی ئازادیان دەبێ بدەینێ، بەڵام کێشەی من لەوەدایە، هێزە سیاسیەکانی ئێمە تێناگەن، هاوشانی خەباتی رزگاری، خەباتی رۆشنگەری، خەباتی هۆشیاری دیموکراسیانەو گەوهەری دیموکراسیانەی ئەم سەردەمە، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک چۆن پەروەردە بکەین، بەرامبەر ئیسلامی سیاسیو کێشەی منیش لێرەدایە. ئەوان بەهەمو مزگەوت، مامۆستا ئاییینییەکان، بەقورئان و بـەهـەزاران خول و زیاتر لەسەد و پەنجا کەناڵی تەلەفزیۆنیو بەچاپکردنی سەدان ملیۆن نامیلکە لەم دنیایە، دەیانەوێت بۆ سەلەفیەتو بۆ (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە. ئەوان هەموو ئەمانە دەکەن، کەچی لەبەرامبەریشدا حزبەکانی ئێمە، لەهەموو بەشەکانی کوردستان بێ جیاکاری، یەک دیوی خەبات دەبینن، کە ئەویش خەباتی رزگارکردنی خاکە، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لەملاو لەولا، لەپشتمان بدەینەوە! لەکاتێکدا رزگارکردنی خاک، پەیوەندی بەڕزگارکردنی عەقڵ، پەیوەندی بەڕزگارکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتیی، پەیوەندی بەتێگەیشتنی دیموکراسیانەی هاوچەرخی مەسەلە نەتەوایەتییەکانەوە هەیە.

ئەمەش ناکرێ ئەگەر بەرنامەیەکی فراوان و پرۆژەیەکی ستراتیژی نەبێ بۆ ئەوەی ئەم بزوتنەوە نەتەوەییە، دیموکراسییە، ئازادییە، مەدەنییو مۆدێرنێتەیە نەبەسترێتەوە بـەوەی کە پێچەوانەکەی بیر دەکاتەوە. تێگەیشتن لەمانەو لەم سەردەمەدا، پرسێکی گرنگە.

## عەقڵی هاوچەرخ، لەبیری ناسیۆنالیزمی تازەدا

ئێستا پەکەکە، ئەو بزوتنەوە مەدەنییەو هەڤاڵانیش لـەدەرەوەی وڵات، هەموویان لەخەباتی رزگاریدان، کە دێتە سەر کاریش، لەئێستاوە ئیخوان موسلمین هەوڵدەدەن لەباکوری کوردستانو لەڕۆژئاواش لقی

خۆیان دروستبکەنو کەوتونەتە جوڵە، لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش چەندین جۆر لەخەڵکی موریدی جارانی ئەحمەدی موفتی زادەو سەلەفییەکان، بەئارەزووی خۆیان بەدێهات و شارەکانی کوردستاندا دەگەڕێن و دەیانەوێت، بزووتنەوەیەکی ئیخوان موسلمینی تازەدروست بکەن.

لای ئێمەش ئاشکرایە کە ئەوە یەکگرتوو، ئەوە لایەنەکانی تریش هەموویان هەر لەو قوتابخانەیەدا دەجوڵێنەوە. ئەگەرچی من لەگەڵ ئازادیمو لەهەر لایەکیش لەیەکگرتوو درابێت و بارەگایان سوتێنرابێت، ئەوا دژی بووم و دەنگی بەرگریکردنی ئازادی ئەوانیشم بەرزکردۆتەوە، هەموشیان باش ئەوە دەزانن. بەڵام خەفەتی من بۆ ئەوەیە، کە ئەوان بەو هەموو توانایەوە، بۆ فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەتی خۆیان، لەگەڕاندان! کەچی ئێمەش دانیشتوینو تەنیا لایەنێکی خەباتی خۆمان دەبینینو لایەنەکانی تر نازانین، کە بزوتنەوەی نەتەوەیی وەک جاران نییە. وەک سەردەمی عوبەیدوڵڵای نەهری نییە، کە بانگێک بدات هەموو کورد دوای بکەوێت!، یامیری بۆتان، یاخود شێخ مەحمود، هەروا قازی محەمەدی شەهید، کە هەریەک لەوانە بانگەوازێکیان دەدا، هەموو کورد دوایان دەکەوت. ئەگەرچی شۆڕشی ئەیلولیش هەر وابوو، بەڵام ئێستا وانییە. ئێستا ئێمە خوێندنەوەمان هەیە، بەرامبەرەکانیشمان خوێندنەوەیان هەیە، خوێندنەوەیان بۆ دنیا، بۆ بەرژەوەندییەکانو بۆ مەسەلەی نەتەوەیی هەیە. لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە زۆر وردی ئەمەبین، هاوشانی خەباتی کوردایەتی، رزگاری، دیموکراتی، جەخت لەسەر هۆشیارکردنی نەتەوەیی، بەعەقڵی هاوچەرخ بکەین.

عەقڵی هاوچەرخ، لەبیری ناسیۆنالیزمی تازەدا، عەقڵی رۆشنگەرە. ڤۆڵتێر چیکردوە؟ هیگڵ و جان جاک رۆسۆ چیانکردوە لەئەوروپا؟ لەئێوە دەپرسم، ئەگەر ڤۆڵتێر ، کانت، دیکارت، جان جاک رۆسۆ، فەیلەسوفەکانی سەردەمی رۆشنگەری بیانزانیایە، بزوتنەوەیەکی سیاسی حزبی، لەیەکێک لەوڵاتەکانی ئەوروپا سەر هەڵدەداتو دەوڵەتەکان، سیستمەکانو کۆمەڵەکان دەباتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی پرۆتستانتو سەردەمی دەسەڵاتی ئایینی مەسیحی، کام فەیلەسوف پشتیوانی دەکـردن؟!، هیچیان پشتیوانیان نەدەکرد. فەیلەسوفەکان لەژیانیاندا نەچونەتە ناو هیچ حزبێکەوە، بەپێچەوانەوە لەهەر لایەکی دونیا شۆڕش بوبێت لەگەڵیدابوون؟ بۆ؟ لەبەرئەوەی حەماسەتی شۆڕش، دەبوو

بەحەماسەتی چارەنوسی کۆمەڵی پێشکەوتوو، دەستکەوتەکانی شۆڕش دەبوو بەدەستکەوتی دیموکراسی و ڕێرەوی مێژویی دیموکراسی. نەک لەبەرئەوەی ئەو شۆڕشە بۆ دواوە دەڕۆشت، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو شۆڕشە بۆ پێشەوە دەڕۆیشت. بۆیە فەیلەسوفە گەورەکان، پشتیوانی هەموو شۆڕشە دیموکراسییەکانی دنیایان دەکرد، هەم لەسەردەمی ڕۆشنگەریداو هەم لەدوای ئەوەشەوە تائێستا. لەبەر ئەوە دەبێ تێبگەین، بزوتنەوەیەک یان هێزێک کە دەیەوێ بمانگێڕێتەوە بۆ دواوە، مەترسیدارە. بەپێچەوانەوە، هەر هێزێک ئێمە بۆ پێشەوە دەبات، با هاو ئایدۆلۆژییەتیشی نەبین، هاو فەلسەفەو هاوسیاسەتیش نەبین، بەڵام دەبێت خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵدا بدۆزینەوەو ڕەوڕەوەی مێژووش پێکەوە بۆ پێشەوە پاڵبنێین. چونکە کوردایەتی سیاسی، لەگەڵ کوردایەتی ڕۆشنگەر ئێستا پێکەوە بەستراون، ئەمەش پرسێکی ئێجگار گرنگە. کە ئەوەش یەکێکە لە ئەرکە دیموکراسییە چارەنوسسازەکانمان.

دژی دووەم-یش بەبڕوای من، بیری بان چەپە. چونکە ئەم بیرە هیچ بایەخێک بەقۆناغی دیموکراسی و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دیموکراسی و دەسەڵاتی دیموکراسی نادات، ئەمەش مەترسیدارە. ئەمانە باوەڕیان وایە دەکرێ سۆشیالیزم زوو بەدیبهێنین، یان پێیانوایە بەتەنها کرێکار دەتوانێ کارەکانی دیموکراسی و سۆشیالیزم جێبەجێ بکات، ئەمەش مەترسییەکی بەرچاوە.

ئەم مەترسییە لای ئێمە شکستی خـواردووە، بەڵام لەوانەیە لەم گۆڕانکارییانەی دنیادا، لێرەو لەوێ چانسیان هەبێتو بچنەوە پێشەوە، بەڵام مادام وردی ئەرکەکانی دیموکراسی نەبوون، لەقۆناغی ڕزگارییداو وردی ئەرکەکانی ڕۆشنگەری نەبون، لەقۆناغی ڕزگارییدا و وردی دامەزراندنی سیستمی سیکولاریزم نەبون، لەقۆناغی ڕزگاریدا، ئەمانەش بەشی خۆیان دەبێ ئاگامان لێ بێت. (زۆرتر لەسەر ئەم تەوەرە قسەناکەم، چونکە کاریگەرییەکەیان کەمترە).

## دژایەتی چۆنێتی بەدیهێنانی مافی چارەنوس

بەشی سێیەم، کە بەمەترسیداری دەبینم، ئەو خوێنەوارو نوسەرانەن کە بەشەوارەی تیۆریی، یا لەژێر کاریگەری پۆست مۆدێرنێتەو بیری

فەلسەفەی پۆست مۆدێرنەتەی ئەوروپیداو لەناو خوێنەوارانی ئێمەدا، تێکستی سەیرو سەمەرە فرێدەدەن. گوایە بەپێوانەی خۆیان، حیکایەتی گەورە باوی نەماوە! حیکایەتی گەورە یانی چی؟ واتە فەلسەفەکانی دیموکراسی، فەلسەفەکانی چینایەتی، فەلسەفەکانی رۆشنگەری، ئاینسازی، فەلسەفەکانی حزبی، دامەزراندنی پارلەمان، دامەزراندنی دەسەڵات لای ئەمان کە ناویان ناوە حیکایەتی گەورە، باوی نەماوە. بێگومان کاریگەرییان لەسەر ناوەندێک لەناوەندەکانی خوێندەواری لای ئێمە هەبوەو خەڵکێکی بەرچاویان دڵ سارد کردۆتەوە. بەدەیان کەس دەبینی کاتێک باسی مەسەلەی نەتەوەیی بۆ دەکەیت، گاڵتە دەکات! کاتێک باسی دیموکراسی، دەسەڵاتی دیموکراسی، حزبایەتی بۆ دەکەیت، گاڵتە دەکاتو دەڵێت (ئەمە نەبڕایەوە لەشاخ پێشمەرگەبوون)! سەیرە: (خۆ ئێمە لەشاخ چکلێتمان نەفرۆشتوە). بەڵام بۆخۆی کە لەدەستی سێو چوار، وتار وەردەگێڕێت، پێیوایە ئەمە قورئانەو دابەزیوە! بەڵام ئێمە (١٥) ساڵ لەشاخ (٢٠٠) هەزار شەهیدمان بەخشیوە، کەچی دەیەوێ بەزوویی بیبڕینەوە لەگەڵیدا! نەخێر هەتا هەتایە نایبڕینەوە. چونکە ئەوەی ئێستا بونیادی دەنێین درێژەپێدانی رابردووە، ئەوەی لەئایندەشدا بەدیدێت، هی ئێستاو رابردووە. ئەمجۆرە بیرکردنەوانەش کە دەڵێت حیکایەتی گەورە باوی نەماوەو خوێنەواریان تەوەللاکردووە، ئەمەش بۆخۆی جۆرێکە لەدژایەتی چۆنێتی بەدیهێنانی مافی چارەنوس بۆ دەسەڵاتی کوردستانی و بەدیهێنانی ئەرکەکانی دیموکراسی.

دەسەڵات؛ دەسەڵاتی حزبی، یا دەسەڵاتی حکومەتی بێت، لەچۆنییەتی بونیادنانی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخدا، وەک دەسەڵاتەکانی ئەو وڵاتانەنین، کە ئایین دەوڵەتی بۆ دروستکردون، یان بازاڕ دەوڵەتی بۆ دروستکردون.

لەمێژوودا دوو جۆر دەسەڵاتی نەتەوەیی دروستبووە، یان دەسەڵاتێک ئایین نەتەوەی کردووە بەدەسەڵات، یان دەسەڵاتێک کە بازاڕو ئابوری نەتەوەی یەکخستووەو کردوونی بەدەسەڵاتێکی یەکگرتوو، لەمێژووشدا هەر بەمشێوەیە بووە، هەم لەئەوروپا هەم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەڵام بۆ ئێمە هەردووکیان گرنگە، ئایین و مەزهەب دەبێت بۆ تاکەکانی کۆمەڵ ئازادبێت ئابووریش ئابووری ئازاد بێت، لەوانیش گرنگتر سێیەمە،

لەناسیونالیزمە هاوچەرخدا، کە ئەویش چۆنێتی بەدیهێنانی ئەرکەکانی ڕۆشنگەرییە لەم سەردەمەدا. ئەو ئەرکانەی کە لەسەردەمی باوباپیرماندا بەدینەهاتون، چاکسازی دینی، ڕێنیسانس، شۆڕشی پیشەسازی و سەردەمی ڕۆشنگەریش لای ئێمە نەبووە. هەموو ئەمانە بەمیرات بۆمان بەجێماون.

ئەم بەمیرات بەجێمانەش، ئەگەر جیهانگیری نەبوایە، ئەگەر ئەو بازاڕی ئابوریی و ئازادە نەبوایە کە شیمکردووە، زەحمەت بوو بتوانین تەنیا بەسیاسەت یان تەنیا بەدەسەڵات بتوانین، ئەرکەکانی ڕابردوی ڕێنیسانس، ڕۆشنگەریی، سکیولاریزم و مۆدێرنێتەو ئینجا ریفۆرمی ئاینی لەکوردستان بەدیبهێنین. ئەمەش زۆر زۆر گران دەبوو، چونکە لەڕابردوودا تەنیا دەستەبژێری ڕووناکبیریی کۆمەڵ ویستویەتی ئەم کارەبکات، بەڵام ئێستا دەستەبژێر نییە، بەڵکو ئێستا ئابوری ڕۆچۆتە ناو خەڵک، ئەرکی دەسەڵاتیشە ئەو ئابورییە فرە ڕەهەندییە بپارێزێت.

ئەم ئابوریی و بازاڕی ئازادو لیبراڵییەش ناپارێزرێت، ئەگەر تەواوی ئەرکەکانی هاوشانی ئەرکی سیاسی ڕانەپەڕێنێت، کە ئەوانیش ئەرکەکانی دیموکراسی، ئـازادی، یەکسانی ژن و پیاوە، پرسی ڕۆشنبیریی‌و پرسی چاکسازی دینییە، پرسی سیستمێکی سیکۆلارە لەوڵاتی ئێمە. تێگەیشتنیش لەم پرسانە، ناکرێ بەشێکی ببینیت و بەشەکانی تری نەبینیت. بینینی بەشێکیش بەتەنها، کە ئەویش بەشە سیاسییەکەی، بەشە ڕزگارییەکەی، بەشی دروستکردنی دەسەڵاتەکەی، بەبێ بەستنەوەی ئۆرگانیکیانەی بەبەشەکانی تر، کە ئەرکەکانی ڕۆشنگەری مۆدێرنێتەیە، ئەوا بەبێگومان چانسێکی بەهێز دەدەیت بەدوژمنانی دیموکراسی، کە ئـەوان لەسایەی تـۆدا، کنە بکەن‌و پەرەبسێنن! وەک چۆن حەماسی فەڵەستینی چی بەفەتح کرد؟! فەتح، لەسەرەتادا یارمەتی حەماسی دەدا، تا لەئەنجامدا ئینقلابی بەسەر فەتح-دا کرد. هەروەک چۆن لەکوردستان تاماوەیەکی زۆر لەهەڵەبجە، ئیسلامییەکان چیان بەرامبەر ئێمە نەکرد، خێڵی حەمەتان لەبیرە، کێشەکانی هەڵەبجە، سیروان، خورماڵ، هەورامان، هەموو ئەوانەتان لەبیرە، چیان بەسەرهێنایین.

بۆ مێژوو دەیڵێم، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەساڵی (١٩٩٣-١٩٩٤) دا بەتەنیا لێپرسراوێتی یەکلاکردنەوەی خەباتی دیموکراسی و خەباتی

چەکداری لەگەڵ ئیسلامییەکاندا تەواو نەکردایە، بەدڵنیاییەوە ئێستا ئێمە چەندین غەزە و چەندین حەماس-مان لەکوردستاندا دەبوو. چەندین هێزی چەکداری میلیشیامان دەبوو، بەڵام یەکێتی کارێکی مێژویی و کاریگەری کرد. ئەوە مێژووە، ئێستاش نا، چەند ساڵێکی تر دەردەکەوێت کە یەکێتی چ کارییێکی گەورەی کردووە، کە بەهێزە ئیسلامییەکانی وت (ئێوە بۆتان نیە میلیشیاتان هەبێو چەکدارتان هەبێ). ئێستا ئەوان ئازادن و ئێمەش ئازادین کە دەوڵەت دروستدەکەین، دامەزراوەکانی دەوڵەت دروستدەکەین، هیچ کەسێکیش رێگەی لەئازادی ئەوان نەگرتوە.

## عەرەب و فەڵەستین هەموو شتێک نین

دەسەڵات، سیستمی دیموکراسی، مادام بەرژەوەندییەکانی ئەم سیستمە لەو جۆرە ئابورییەدایە کەلەم سەردەمەدا هەیە، بێگومان دەبێ هەموومان کارێکی وا بکەین، کە تەواوی ئەرکەکانی دیموکراسی جێبەجێ بکەین، نەک لێکیان داببڕین.

سەبارەت بەپرسی سیاسی ئێستاش لەرۆژهەڵاتدا، مەسەلەیەکی گرنگە. بۆ مێژوو بۆم تۆماربکەن، لەپێنج تا دەساڵی ئاییندە، تەواوی ئەم دۆخە سیاسییەو ئەو دۆخە دەوڵەتمەدارییەی لەرۆژهەڵاتدا هەیە، تەواوی لەگۆڕاندایەو هیچی وانامێنێتەوە! مەحاڵە وا بمێنێتەوە. بەڵکو گۆڕانکاری ئێجگار گەورە لەسیستم، ئابوری، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی نەتەوەکان، ئایدۆلۆژییەت، حوکمو یاسا، لەدەستور گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیان بەسەردا دێت. تەنانەت گۆڕانکاری بەسەر جوگرافیای ناوچەکەشدا دێت.

لەڕابردوووداو لەهەموو بەشەکانی کوردستان، پێمانوابوو فەڵەستین پرسی مەرکەزی سیاسییە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە پێشمەرگە خۆیان دەبەخشیو دەچونە نێو بەرەی گەلی فەڵەستینیو فەتحەوە، لەباکوری کوردستانیش کاتێک ئیسرائیل هات بۆ لوبنان، شەهیدێکی زۆریاندا، ئەمە پێشئەوەی شۆڕش لەباکور بەرپا ببێت. لەوێ سەربازگەی مەشقیان هەبوو، (١٥ بۆ ١٦) شەهیدیان لەلوبنانو لەگەڵ فەلەستینیەکاندا بەخشی. ئەو کاتە چەپەکان، دیموکراتەکانی رۆژهەڵات بۆچونمان وابوو، کە ئێمەو ئەوان لەڕوانگەی رزگاریی و ئایدۆلۆژییەتی فەڵەستینییەکانەوە، سەیری پرسی

سیاسی و رزگاری تەواوی گەلانمان دژی ئیمپریالیزم دەکرد. ئێستاش ساڵانی هەشتاکان و سەردەمی جەنگی سارد نییە، عەرەب هەموو شتێکبێ، فەڵەستین هەموو شتێک بێ و جیهانیش هەمووی تەنیا فەڵەستین ببینێت.

رۆژی (٢٣)ی مانگی رابردوو لەریبات-ی پایتەختی مەغریب لەکۆنگرەیەک بووم، دەشزانن پێش ئەو کۆنگرەیە بەپێنج مانگ، لەکۆنگرەیەکی تر بوم لەقاهیرە، کە چواردە بۆ پانزە حزبی دیموکرات و سۆسیال دیموکرات بەشداربوون تیایدا. لەهەردوو کۆنگرەکەشدا گفتوگۆیەکی گەورەم لەگەڵ فەڵەستینییەکان و حزبە عەرەبیەکاندا لەسەر ئەوە بوو، کە نوسیبویان (**منتدی الدیمقراطی الاجتماعی العربی**)و منیش بەرپەرچمدانەوە پێموتن (ئەگەر ئێوە سۆسیال دیموکراتن، یان دەبێ لەسەر پرنسیپ یان دەبێ لەسەر جوگرافیا دابمەزرێن)، ئێمە خۆمان لەگەڵ ئێوەدا بەنەتەوەیەک نازانینو عەرەب نین، ئێوە عەرەبن پیرۆزتان بێت، بەڵام ئەوە هەڵەیە بەناوی عەرەبەوە ناو لەخۆتان بنێن، ناوی کۆڕبەندەکە دامەزراندنی یەکەمین بزوتنەوەی سیاسیی دیموکرات و سۆسیال دیموکرات بەو شێوەیە هەڵەیە، زۆر هەوڵمدا بەڵام سودی نەبوو. وتم ناوی بنێن (منتدی **الاحزاب الدیمقراطیە الاجتماعیە فی الشرق الاوسط**)، فەڵەستینیەکان لەکۆنگرەکەدا زۆر هەژمونیان هەبوو، بۆیە ئەوان وتیان نا، بەڕێز (**نەبیل شەعث**) راوێژکاری سەرۆکی فەلەستینی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەیــان، وەڵامیدامەوەو وتی (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زاراوەیەکی داگیرکاری ئیسرائیلی-یە)، بەڕێزەوە وەڵاممدایەوە. وتم (جەنابت لەمن گەورەتری، بەڵام زانیارییەکەت هەڵەیە، دەستەواژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەساڵی (١٨٨٩) لەئەوروپا دارێژراوەو ئەو کاتە نەسەهیۆنیەت هەبوەو نەئیسرائیل-ش. بۆیە ناکرێ تۆ هەمو شتێک لەناو چاوی ئیسرائیلو سەهیۆنەتدا ببینێ، ئێوە گەلێکی بچوکن، ئاوتان نییە بیخۆنەوە، بەڵام ئێمە نەتەوەیەکی پەنجا ملیۆنین، لەهەرکوێیەک بیر لێدەدەین بۆ ئاو، نەوت هەڵدەقوڵێت، ئیتر بۆ تۆ لەمن گرنگتربیت! بۆیە بەهیچ شێوەیەک بەمە رازی نابین. بۆیە ئێوە هەڵەن نەک ئێمە، بەڵام تەنها دۆستان دەبینو نایەینە ژێر بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب، چونکە لای ئێمە، فەڵەستین پرسی سەرەکی نییە، ئێستا تونس پرسی سەرەکیی خۆی هەیە، مەغریب پرسی خۆی هەیە، میسر، سوریا، یەمەن پرسی سەرەکی خۆیان هەیە،

بەهەمانشێوە بەشەکانی کوردستانیش پرسی سەرەکی خۆیان هەیەو ئەوەی ئێستاش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەیەکی گەورەیەو ئاشتی و ئارامی رۆژهەڵاتی پێوە دەبەسترێت، کێشەی کوردە، نەک کێشەی فەڵەستین. ئەگەر مەسەلەکە نەتەوەییە، ئەوا ئێمە نەتەوەیەکی گەورەترین، ئەگەر مەسەلەکەش ئابورییە، ئەوا ئێمە دەوڵەمەندترین، ئەگەر مەسەلە شەهیدان و قوربانیدانیشە، ئەوا ئێوە بەرامبەر بەیەک حکومەت قوربانیتداوە، بەڵام کورد بەرامبەر بەچوار حکومەت قوربانیمانداوە. بەهەرحاڵ ئەوان رێگای خۆیان و ئێمەش رێگەی خۆمان.

بەڵام ئێستا بزوتنەوەی کورد، بزوتنەوەیەکی ئێجگار گرنگە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باوەڕیشموایە دەوڵەتی تورکیا لەمە تێگەیشتوە، بەڵام جارێ ئێران لەمە ورد نەبۆتەوە، سوریا تێبگا و تێنەگات، تازە رۆژئـاوای کوردستان ناگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم.

ئێمەش لەکوردستانی باشوور، کاری خۆمان کردووە. فڕۆکەخانە، بانکو بازاری گەورەمان هەیە، زیاتر لە (١٢) هەزار کۆمپانیا لەکوردستاندا هەیە، تۆڕێکی گەورەی پەیوەندیی ئابوریمان لەگەڵ هەموو کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دنیادا هەیەو هەمووشیان لەکوردستان بوونیان هەیەو زەمانی خۆمان کردووە لەوبارەیەوە، وەستاوینو لەسەر هێڵین، کەی هەلێک هاتە پێشەوە، پشت بەخواو بەگەلەکەمان، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان رادەگەیەنین.

# ئەگەر قسەیەکمان هەبێ، دەبێ لەئەنقەرە قسەی خۆمان بکەین

ئەگەر ئەو هەلەش نەهاتە پێشەوەو ڕۆژهەڵاتیش وەک خۆی مایەوە، ئەوکاتە ئێمە لێپرسراونین، بەڵام کاری خۆمان دەکەینو بێگومان کەرکوک و خانەقین و ناوچەکانی تر دەخەینەوە سەر کوردستان، هەر ڕێگایەکیش پێویست بکات دەیگرینەبەر. ئەگەر ڕێگا یاساییەکان تەواو بوو، ئەوا ڕێگای کوردایەتی تر هەیە بیگرینەبەر. لەبەرئەوە ئێستا بزوتنەوەی کورد، بزوتنەوەیەکە لەسەردەمی جەنگی سارد تێپەڕیوەو هەڵچووە بۆ سەردەمێک کە سەردەمی جیهانیگرییە، سەردەمێکە بەرژەوەندییە ئابورییەکانی جیهان، لەدابینکردنی دیموکراسیدایە، بۆ گەلانی وەک ئێمە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەموو بەرژەوەندییەکانی ستراتیژی ئابووری دەوڵەتە گەورەکانی جیهان، لەڕێگەی حکومەتەکانی ناوچەکانەوە بەدینایەت، ئەگەر دیموکراسی نەیەتەدی، کێشەی گەلانی وەک ئێمە چارەسەر نەکرێتو بازاڕێکی فراوان لەکۆمەڵەگاکانو وڵاتانو تاکەکانی ئێمە بەدی نایات. بێگومان مانەوەی قەیرانەکانو سەرکووتکردنو پەرەنەسەندنی بازاڕێکی ئازادی تەواو، بڵاونەبوونەوەی هۆشیاری، تەکنەلۆژیاو تەکنیک لەوڵاتانی ئێمە، چەند زیانی بۆ ئێمە هەیە، دوو ئەوەندە زیانی بۆ دەوڵەتە گەورەکانی دنیا هەیە.

ئێستا، لەگەڵ پەکەکە و بزوتنەوە مەدەنییەکەی لەباکوری کوردستان گفتوگۆیەکی بەرپرسیارانە هەیە، بەدیقەت هەنگاو دەنرێ. (من لێرەوە نامەوێ زۆر دروشم بەرز کەمەوە، چونکە بەڕاستی لەدەرەوەی ئەو وڵاتە بۆ ئێمەومانان قسەکردنی دروشم ئاساو قسەی زل زل خۆش نییە)، ئەگەر قسەیەکمان هەبێ دەبێ لەئەنقەرە قسەی خۆمان بکەین، بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم؛ کە دەوڵەتی تورکیا، ئەگەر بیەوێت بەرژەوەندییەکانی ئایندەی وڵاتەکەی بپارێزێتو بەباشی تێکەڵ بەبازاڕی ئازادو یەکێتی ئەوروپاو بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاواو هەموو گۆڕانکارییەک لەئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێت، ئەوا هەر ڕێگایەک بگرێتە بەر، ئاکپارتی هەر سەرکەوتنێک بەدی بهێنیت، هەر شانازییەک بەدیبهێنێت، ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکاتو مافی چارەنوسی کورد لەباکوری کوردستان دابین نەکات و جەنابی ئۆجەلان-یش ئازاد نەکات، ئەوا لەو خۆپیشاندانانەی کە لەو وڵاتە روویدا، هەلومەرجێکی خراپتر، زۆر

لەوەزیاتر لەناو تورکیادا روودەدات. چونکە ئەمە لۆژیکی سەردەمەکەیە. دوو مانگ لەمەوپێش، ئەگەر بەئاکپارتی-ت بوتایە لە (٩٠) شاردا ملیۆنو نیوێک کەس دێتە سەرشەقام، مەزندەیان نەدەکرد! لەکاتێکدا ئەو هاتنە سەر شەقامە، دوو سێ هەفتە دەوڵەتی تورکیایان سەرقاڵ کردو هەموو سیستمەکەشیان خستەژێر پرسیارەوە. من دەپرسم، مانگێک تا سێ مانگی تر، مافی چارەنوس بەکورد نەدرێو بەڕێز ئۆجەلان ئازاد نەکرێ، خۆپیشاندان دەستپێبکات و لەکوردستاندا ملیۆنەها هاووڵاتی بێنە سەر شەقام، ئەوەش هاوئاهەنگییەکی تازە، لەنێوانی بزوتنەوەی دیموکراسی نەوەی تازەی تورکیا و خەباتی ئازادی رزگاریخوازی باکوری کوردستان دروست بکاتو ژمارەی راپەڕیوان بگاتە دە ملیۆن، ئایا دەوڵەتی تورکیا چی دەکات؟.

ئەم ئاڵوگۆڕە بەڕێوەیە، ئەگەر مافی چارەنوسی کورد لەباکوری کوردستان بەدی نەیات. بۆ رۆژئاوای کوردستانیش، واز لەبەشار دەهێنین. چونکە بەشار بوشرای لەناوچونی هەیەو ئێستا بارودۆخی لەرابردوو خراپترە، بۆیە دێمە سەر ئۆپۆزیسیۆنی سوریا و ئۆپۆزیسیۆنی رۆژئاوای کوردستان. ئیئتلافی سوریا، ئیئتلافێکی نادیموکراتە تائێستا، چونکە هێشتا لەسەر حوکم نییە، کەچی ئامادەنییە لایەنیکەم مافە دیموکراتییەکانی رۆژئـاوای کوردستان، عەلەوییەکان، مەسیحی، ئیسماعیلی و دروزییەکانیش بسەلمێنێت، هەر دەڵێن (کلنا مواگن سوریون)، ئەم قسانە دەمێکە بیستومانەو ئەمە قاوغێکی بەتاڵە بۆ کورد، باوەڕمان بەم قسانە نییە. بەڵکو باوەڕمان بەقەبزی سیاسیە، چەندم دەدەیتێ، لەسەر ئەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکەم، نامدەیتێ بەهیچت نازانم. بۆیە با عەرەبی سوریا ئەوخەیاڵە لەسەری خۆیان دەرکەن، ئەگەر باوەڕیان وابێت (امە عربیە واحدە زات رسالە خالدە)ن، ئەوە تەواوبوو، ئەوەش لەخەیاڵی خۆیان دەربکەن، کە بەبێ عەرەب لەرۆژهەڵاتدا هیچ ناکرێ، چونکە میللەتێکی بچوکی وەک کۆسۆڤۆ دەتوانێ دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێتو ئاڵوگۆڕەکانیش بەرەو ئەوە دەڕۆنو کۆنترۆڵی مێژووش نە لەلایەن نەتەوەی عەرەب، نەتورک، نەفارس-ەوە ناکرێ، رەورەوەی مێژوو لەلایەن هیچ نەتەوەیەکەوە کۆنترۆڵ ناکرێ، بەڵکو ئاڵوگۆڕ هەمیشە بەڕێوەیەو بەتایبەتیش لەمەودا لەبەرژەوەندی گەلانی وەک ئێمەدایە، لەبەرئەوە ئیئتلافی سوریا هیچ رێگایەکی تری لەبەردەمدا نییە، تەنها سەلماندی مافی چارەنوسی کورد نەبێت، بەو شێوەیەی کە خۆیان قبوڵیانە.

# عەقڵی ئیئتلافی سوری و مافی دیموکراسی کورد

سێ رۆژ پێش ئێستا لەگەڵ حەوت حزبی روژئاوای کوردستان کۆبونەوەم هەبوو، پەیەدە لەگەڵ حزبەکانی تر پرۆژەیەکیان بەدەستەوەبوو بەناوی ئیدارەی کوردی، بۆ مێژوو دەیڵێم کە پێموتن (داوای فیدراڵ بکەن)، رای ئێمەش وەک یەکێتی ئەوەیە هەموو بەشەکانی کوردستان فیدراڵ بێت، ئەگەر لەگفتوگۆشدا کەمێک لەفیدراڵ هاتە خوارەوە بابێت، بەڵام ئێوە فیدراڵ بکەنە ستراتیژی خۆتانو تەنیا ئەم گۆڕانکارییەو ئێستا مەبینن، بەڵکو پێنج ساڵی تر ببینن کە گۆڕانکاری تر دێتە پێشەوە. ئۆپۆزسیۆنی رۆژئاواش پرۆژەیەکیان لەبەردەستە بەناوی ئیدارەی خۆیی کە لەحوکمی زاتی زیاترەو پەیەدە پرۆژەکە دەنوسێت، بەحزبەکانی تریشمان وتووە کەهەمووتان لەناو ئەو پرۆژەیەدابنو قسەتان هەبێو بەرگری لێ بکەن، تابزانین دەگاتە کوێو بەهیواین ئیئتلافی سوری قبوڵی بکات، ئەگەرچی بۆ خۆم زۆر گەشبین نیم کە ئیئتلافی سوری بەم عەقڵییەتەوە مافی دیموکراسی کورد بسەلمێنیت، بەڵام مێژو قوفڵ نەدراوەو دڵنیابن پێی ناکرێت.

رۆژهەڵاتی کوردستانیش لەبەردەم گۆرانکارپییدایە، ئەگەرچی دەوڵەتی ئێران وای دەبینیت کە هیچ روینەداوە، بەڵام ئاڵوگۆڕ بەڕێوەیە. هەمووان دەزانن کە هەڵبژاردنی جەنابی رۆحانی، کە کاندیدی ریفۆرمخوازەکان بوو، ئەو دەنگانەی بەدەستهێناو لەقۆناغی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا بردییەوە، مایەی ئەوەیە، کە لەناو کۆمەڵی ئێران و لەناو گەلانی ئێراندا، بیروڕای ئاڵوگۆڕ و ریفۆرم، گۆڕانکاریی و چارەسەری کێشە سیاسییەکان هەیە. جەنابی رۆحانی-یش وەک سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی (٢٢) ملیۆن هاووڵاتی، دەتوانێ چەندی بەدیبهێنێت و چەندی بەدیناهێنێت ئەوە بابەتێکی ترە. بزوتنەوەکەش خۆی چۆن دەچێتە پێشەوە، کە بزووتنەوەیەکی دیموکراسی مێژوو کردە، ئاڵوگۆڕەکان بەرەو کوێ دەبات، ئەمەش شتێکی ترە. ئێمە لەروانگەی مێژووەوە سەیری ئاڵوگۆڕەکان دەکەین، نەک لەڕوانگەی ئەوەی کێ هاتۆتە سەر حوکم و کێ نەهاتۆتە سەر حوکم. بەڵکو باوەڕمانوایە ئێرانیش بەدەر نابێت لەو ئاڵوگۆڕەی لەناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە، بۆیە هەر ئاڵوگۆڕێکیش لەئێران بێتە ئاراوە، ئەوا رۆژهەڵاتی کوردستانیش، وەک

باکور و ڕۆژئاواو باشوری کوردستان، یەکەمین نەتەوەو گەلی ناو ئێران دەبێت، کە دێتە مەیدان و دەتوانێت پێدابگرێت لەسەر مافی فیدراڵی. خۆشبەختانەش ئێستا هەردوو دیموکرات و هەر چوار کۆمەڵەکەش داوای فیدراڵی دەکەن.

## گەڵاڵەی ستراتیجێکی تازەی رزگاری دیموکراسی

بەشبەحاڵی یەکێتیش، بەیەک چاو سەیری پرسی دیموکراسی و نەتەوەییەکان دەکەین و تەنانەت ئەگەر ئەرمەنەکان، چەرکەسەکان، عەلەوییەکان داوای مافی چارەنووسی خۆیان بکەن لەگەڵیانداین. تەنانەت وەک یەکێتیی لەگەڵ ئەمازیغییەکان پەیوەندییەکی باشمان هەیە، کە لەتونس و مەغریب زیاتر لە پانزە ملیۆن کەس دەبن. حزبەکانیان لەکۆنگرەکەی ریبات هاتنە لامان، پێیانوتین ئێمەو ئێوە یەک ئازارمان هەیە! بەڵام وەڵامماندانەوە، کە جیاوازییەکمان هەیەو ئەویش ئەوەیە ئێمە خۆمان لەعەرەب رزگار کردووە بەڵام هێشتا ئەوان خۆیان رزگار نەکردووە. بۆیە هەتا لەهەژموونی سیاسەتی عەرەب رزگار نەبن، ناتوانن مافە دیموکراسییەکانتان بەدیبهێنن. مەبەستەکەشم ئەوە نەبوو کە دژی عەرەب بن، بەڵکو هەیمەنەتی سیاسەتی ناسیونالیستی عەرەبی قبوڵ مەکەن.

پڕ بەدڵ ئاواتەخوازم لەم سەردەمە، کە سەردەمی ئاڵوگۆڕەکانە، ئەوەتا لەمیسر ئاڵوگۆڕێکی گەورە روویداوە، دڵنیابن لەسوریاش سەلەفییەکان ناتوانن سەرکەوتووبن، دڵنیابن ئاڵوگۆڕی گەورەتریش بەڕێوەیە سەبارەت بەنەخشەی سیاسی لەناوچەکەداو لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان لەنێواندا دابەشکراوە. بۆیە ئاواتە خوازم هەموو هێزە سیاسییەکان، ئەوانەی لێرەن و ئەوانەی لێرەنین، ناکۆکییەکان بخەینە لاوە، ئێمە لەروانگەی دەسەڵاتەوەو حزبەکانی تریش لەروانگەی ئایدۆلۆجییەتەوە سەیری بەرژەوەندی نەتەوەیی نەکەین. ئێستاش نزیکبوونەوەیەکی باش لەنێوان هەموو هێزە سیاسییەکاندا هەیە، لەهەولێر کۆنفرانسێک دەبەسترێت، کە پێشەکییە بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی دیموکراسی نەتەوەیی لەباشوری کوردستان، هیوادارین لەو کۆنگرەیە کە دەمێکە پێوەی سەرقاڵین، گەڵاڵەی ستراتیجێکی تازەی رزگاری دیموکراسی و ئەو ئاراستە مێژووییە نەتەوەییە بکەین، کە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان، ئابووری ئێستای گۆڕاو، سیاسەتی نێونەتەوەیی

گۆڕاو، کەلتوری نێو نەتەوەیی گۆڕاو، ئازادی و دیموکراسیی و مافی یەکسانی ژن و پیاوی گۆڕاو، کە ئێستا خۆشبەختانە لەهەموو بەشەکانی کوردستان ژنانیش هاوشانی پیاوانن. کە لەم رۆژانەش لەتەلەفزیۆنەوە، سەیری کۆنگرەکەی پەکەکەم کرد، کە لەشاخ و لەهۆڵێکی زۆر جواندا رێکیانخستبوو، ئەوەی مایەی خۆشحاڵیمان بوو، نیوەی کۆنگرەکە ژن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەڤاڵ (بەسێ) وەک هاوسەرۆک دەرچووە، کە ئەمەش مایەی دڵخۆشییە.

مایەی دڵخۆشییە، کە لەباکوری کوردستان ژنە هەڤاڵەکانمان هاوسەرۆکن و بزووتنەوەیەکی بەرینی ژنان هەیە، لەرۆژئاوای کوردستانیش بەهەمانشێوە بزووتنەوەیەکی بەرینی ژنان هەیە، لەنێو حزبەکانی رۆژهەلاتیش، دیموکرات و کۆمەڵە، بەلام بەتایبەتی کۆمەڵە، ئەزموونێکی زیندوویان هەیە لەپڕچەکردنی ژنان و هێنانە مەیدانیان. ئەمەش لەڕاستیدا مانای ئەوەیە کە ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان و بەتایبەت وەک یەکێک لەدیاردە جوانەکانی کۆمەڵی ئێمە، ئەوەیە کە ژن زۆر زیاتر لەڕابردوو، لەنێو بزووتنەوەی سیاسی و بزووتنەوەی فێمینستیدایە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئابووری تازە، گۆڕانکاری تازەی لەپێکهاتەی کۆمەلایەتیدا هێناوەتە ئاراوە. گۆڕانکاری تازەش لەپێکهاتەی کۆمەلایەتی، هێنانە پێشەوەی بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسیی کۆمەلایەتی ژنانە لەبەشەکانی کوردستاندا، کە ئەمەش خاڵێکی ئێجگار گەورەیەو خاڵێکی بەهێز و پۆزەتیڤە بۆ بزووتنەوەی دیموکراسی کورد.

بۆیە هیوادارم، کۆی ئەو تەوەرانەو ئەوانەشی باسم نەکردوون، کە چۆن هەموو حزبەکان، رێکخراوەکان، نوسەرە کوردایەتیخوازەکان، ئێستا سەرقاڵی ئەوەین باشتر بیر لەپرسە چارەنوسسازاکان بکەینەوە، هیوادارم هەر بەو شێوەیە، ئەو پرسانە هەمووومان لەدەوری یەک ستراتیجی ئازادی و دیموکراسی کۆبکاتەوە. کە لەپێنج تا دە ساڵی ئایندەش خەونە دوورو نزیکەکانمان بەدیبهێنین.